# کلیلی بەختیاری

ئی. جی. وایت



MENAPA

# ناوەڕۆک

١ - خۆشەویستی خودا بۆ مرۆڤ........................... ٣
٢ - پێویستی گوناهبار بە مەسیح........................... ٩
٣ - تۆبەکردن.................................. ١٣
٤ - دان پێدانان.................................. ٢٣
٥ - خۆبەدەستەوەدان.............................. ٢٧
٦ - باوەڕ و پەیڕەوی کردنی.......................... ٣١
٧ - ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی خودا.................. ٣٦
٨ - گەشەکردن لە ناخی مەسیح دا........................... ٤٣
٩ - کار و ژیان.................................. ٤٩
١٠ - ناسینی خودا................................. ٥٤
١١ - نوێژ گفتوگۆیە لەگەڵ خودا........................... ٥٩
١٢ - چۆن خۆت لە دەست گومان ڕزگار دەکەیت؟.................. ٦٨
١٣ - ئاشتی وبەختیاری لە باوەشی خودا........................ ٧٤

© 2017 Middle East and North Africa Publishing Association
The original name of the book is "Steps to Christ", by Ellen G. White
Kurdish translation used with permission by Middle East and North Africa Publishing Association
Page layout by Marisa Ferreira and Sara Calado
All Rights Reserved

MENAPA



# خۆشەویستی خودا بۆ مرۆڤ

سرووشت و ئاشکرابوون هەردوو وەک یەک گەواهی دەدەن لە سەر خۆشەویستی خودا. باوکی ئاسمانیمان سەرچاوەی ژیان و زانست و شادمانییە. بڕوانە دیمەنە جوان و سەیرەکانی سرووشت، سەرنج بدە لە جۆری ڕێککەوتن و سازبوونیان بۆ نیازەکانی بەختیاری نەک هەر تەنها مرۆڤ، بەڵکو گشت گیانەوەرانێکی زیندوو. خۆر و باران کە زەوی دەبووژێننەوە و ڕەنگ و ڕووی تازەی دەکەنەوە، چیا و دەشت و دەریا گشتیان سەبارەت بە خۆشەویستی دروستکەریان لەگەڵ ماندا دەدوێن؛ ئەو یەزدانەی کە ڕزقی ڕۆژانەی هەموو زیندەوەرانێک دەدات. ئەم ووشە جوانانە لە ئایەتێکدا هاتووە:

هەموو چاویان لە تۆیە
تا لە کاتی خۆیدا خۆراکیان پێ بدەی
دەستی پڕ بەرەکەتی خۆتیان بۆ بکەیتەوە
بۆ تێرکردنی ئارەزوی گشت گیاندارانێک
(سروود ١٤٥: ١٥، ١٦)

خودا، مرۆڤی شادمان و پیرۆز، وە زەوی جوان دروست کرد، دوور لە هەر نەفرین و خراپییەک . سەرپێچی لە یاسای خودا . کە یاسای خۆشەویستییەنەفرین و مردنی هێنا. هەرگیز سەر لێشێوان و ئازار کە لە ئەنجامی گوناهەوە بێ ئاشکرابوونی خۆشەویستی خودا چارەسەر نابێت . وەک نووسراوە "خودا لەبەر مرۆڤ غەزەبی لە زەوی گرت" (پەیدابوون ٣: ٧) . دڕک و داڵ، سەختی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان تەنیا بەشێکن لە پلانی باوکی ئاسمانیمان بۆ تاقی کردنەوەی پلەی خودا پەرستی لە نێو مرۆڤدا، خودای مەزن لە ڕێی ئەو تەنگ و چەڵەمانەوە مرۆڤ لە گوناە پاک دەکاتەوە . ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ژیان تەنها ئازار و ناخۆشی تێدایە، سرووشت بۆ خۆی هەڵگری پەیامی هیوا و دڵخۆشی و ئاسوودەییە، گوڵ هەن بە سەر دڕکەزییەوە، وە دڕکیش هەن بەگوڵ داپۆشراون.

"خودا خۆشەویستی یە"، ئەمە لە سەر هەر خونچەیەکی پشکوتو، لە سەر هەر تاڵە گیایەکی بەهار، لە ئاوازی بولبول، لە

بۆنی خۆشی گوڵ، لە ڕووی هەر گەڵایەکی سەوزی زیندووی درەختی دارستان، نوسراوە؛ گشتیان شایەتی دەدەن لە سەر چاودێری و ئاگالێبوونی دڵسۆزانەی خودا بۆ ئێمە، وە لە سەر ئارەزووی باوکانەی بۆ خۆشحاڵی و بەختیاری منداڵانی.

وتەکانی خودا سیفاتی خودایان دەرخست . خودا خۆی خۆشەویستی و بەزەی بێ سنووری خۆی بۆ مرۆڤ درکاند، کاتێک موسا لە نوێژدا داوای لە خودا کرد "شکۆمەندی خۆتم پیشان بدە" (دەرچوون؛ ٣٢: ١٩، ١٨). خودا سیفاتەکانی خۆی بۆ موسا دەرخست، وەک دەفەرموێت؛ "خودا خۆی بەخشندە و لێبوردەیە، کەم تووڕەیە، خێر و چاکەی فراوانە، پارێزەری ڕەحمەتی هەزارانە، لە گوناە و سەرپێچی دەبووڕێت." (دەرچوون ٣٤: ٧، ٦). "کەم تووڕەیە و زۆر میهرەبانە" (یۆنان ٤: ٢)، "چونکە لە بەرەکەت خۆشحاڵە" (میخا ٧: ١٨).

بەم جۆرە خودا دڵی ئێمەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە بەو ئایەت و نیشانانەی کە لە ژمارە نایەن لە ئاسمان و لە زەوی . لە ڕێی سرووشت و پەیوەندی زەمینی قووڵ و ناسکەوە خۆی بۆ ئێمە دەرخستووە، گەرچی ئەمانە خۆشەویستی ئەو کەم و کووڕ پێشان دەدەن، هەروەها شەیتان توانیویەتی ئەقڵ و چاوی مەردووم کوێر بکات و کارێ بنوێنێت کە خەڵکی بە چاوی ترسەوە بڕواننە خودا، بێ هیوا بن لە میهرەبانی و بە خشندەی ئەو، بە خودایەکی سەخت گیر و ناداد پەروەری لێ تێبگەن کە نەڕەحمی هەیە و نەبەزەیی. شەیتان خودای واپیشان داوە کە بەچاوی ڕقەوە دەڕوانێتە هەڵە و چەوتی مرۆڤ تا تۆڵەیان لێ بستێنێت . بۆ ڕاماڵینی ئەم سایە تاریکە، وە بۆ دەرخستنی خۆشەویستی بێ سسنووری خودا بوو کە عیسا هات تا لە نێوان خەڵکیدا بژی . ڕۆڵەی خودا لە ئاسمانەوە هات تا باوکمان بۆدەربخات، لەبەر ئەوەی "کەس لە هیچ کاتێکدا خودای نەدیوە، تەنها ڕۆڵەی تاقانەی، کە لە باوەشی باوکدایە، ئەو خودای ئاشکرا کرد." (یۆحەننا ١: ١٨)، "وە کەس باوک ناناسێت جگە لە ڕۆڵە، ئەو ئاشکرای دەکات بۆ هەر کەسیک بیبەوێت"، (مەتتان ١١: ٢٧). لە کاتێکدا یەکێک لە موریدەکانی لێی پرسی "باوکمان پیشان بدە" عیسا وەڵامی دایەوە "من کاتێکی دوور و درێژە لەگەڵ تاندام، کەچی هێشتا ئێوە من ناناسن ئەی فلیپۆس ؟ ئەوەی کە منی دیوە یانی باوکی دیوە، کەواتە تۆچۆن دەڵێی، (باوکمان پیشان بدە؟)" (یۆحاننا ١٤: ٩، ٨).

عیسا پەیام و فەرمانی خۆی لە سەر زەوی بەمجۆرە باس کرد؛ "خودا منی ناردووە تا مزگێنی ئینجیل بدەم بە هەژاران، تا دڵشکاوان تیمار بکەم، دیلەکان سەربەست بکەم، کوێرەکان چاک بکەمەوە، پێشێلکراوان ئازاد بکەم "(لۆقا ٤: ١٨) ئەمە کاری ئەو بوو. هات بۆ تیمار و ڕزگار کردنی هەموو ئەوانەی شەیتان دەستی بەسەردا گرتبوون . چەندین گوند کە ئەو پیایاندا تێپەڕیبوو ناڵەی

نەخۆشی تێدا نەهێشتن و چاکی کردنەوە، کارەکانی شایەت بوون لە سەر پەیامی ئاسمانی ئەو . لە هەموو کردەوەکانی ژیانیدا خاوەنی خۆشەویستی و بەزەیی و دڵسۆزی بوو. کاتێک بۆ پشگیری منداڵانی دڵی خۆی کردەوە، سروشت و خووی مرۆڤی گرت بە خۆیەوە بۆ ئەوەی لە پێویستییەکانیان نزیک بێتەوە. هەژارو لێقەوماوان لە نزیک بوونەوەی نە دەسڵەمینەوە . تەنانەت منداڵە بچوکەکانیش لە دەوری کۆدەبوونەوە و بەسەر ئەژنۆیدا هەڵدەگەڕان و چاویان دەبڕییە ڕووی پڕ لە بیر و بە سۆز و خۆشەویستی ئەو.

عیسا هەمیشە سوور بوو لە سەر ئەوەی ڕاستی و هەق هەمووی دەربخات، بەڵام بەگیانێکی خۆشەویستی یەوە، پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی لە سەر بنەمای بایەخی زۆر و بەتەنگ هاتن و دڵسۆزیەوە بوو، لە قسەکردندا چاودێری ئەدەب و نەزاکەتی دەکرد، وشەیەکی بەکار نەدەهێنا کە دڵ بڕەنجێنێ، بەدوای عەیب دۆزینەوە و ڕەخنەگرتندا نەدەگەڕا لە لاوازی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستی دەگوت و بەڵام هەمیشە لە ڕێگای خۆشەویستی یەوە. کاتێک دژ بەدوو ڕووی و بێ باوەڕی و گوناە دەدوا، کەدەهاتە سەر باسی سەرزەنیشت و چاو ترسێن قوڕگی پڕ دەبوو لە گریان، بەسەر "ئۆرشەلیمی قودس دا" گریا، ئەو شارەی کە خۆشی دەویست بەڵام وەری نەگرت هەرچەندە "عیسا ڕێباز و ڕاستی و ژیانە." خەڵکی ئۆرشەلیم ئەویان دایە دواوە وەریان نەگرت لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕزگار کەریان بوو، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لە ڕێز لێ گرتنیان بە بەزەیی و دڵ پێ سوتانەوە. ژیانی لە خۆبوردن و بە تەنگەوە هاتن بوو بۆ خەڵکی دی. هەموو گیانێک بۆ ئەو بەنرخ بوو، عیسا کە پایەی ئاسمانی هەبوو، بەڕێز و بایەخ و خۆشەویستییەوە ملکەچ بوو بۆ هەر ئەندامێکی خێزانی خودا. پاڕاستن و ڕزگارکردنی هەرگیانێک لە کەوتن بە ئەرکی ئاسمانی خۆی دەزانی .خوو ڕەوشتەکانی مەسیح ئەوەبوو کە دەرکەوت لە ژیانیدا، ئەمە ڕەوشتی خودایە، لە دڵی باوکەوە ڕوباری بەرەکەتی ئاسمانی بۆ منداڵانی بەشەر لە ڕێی مەسیحەوە هەڵقوڵا . عیسای میهرەبان و پڕ بەزەیی و ڕزگار کەر "خودا بوو کە لە شێوەی لە ش دەرکەوت." (١ تیمۆساوس : ٣ ، ١٦)عیسا بۆ ڕزگاری ئێمەبوو کەژیا و ڕەنجی کێشا و مرد، بوو"بە پیاوی پەژارە و تەنگانە" بۆ ئەوەی بمانکات بە هاوبەشی خۆی لە خۆشی هەمیشەییدا. لە خودا ڕێگای بە کۆرپەی خۆشەویستی خۆی دا کە بێتە خوارێ پڕ لە چاکە و ڕاستی، لە جیهانی مەزنی و بەختیاری ئاسمانییەوە بۆ جیهانی خراپە و شێواو بە گوناە و تاریک لە ژێر سێبەری مەرگ و نەفرەتدا. ڕێگەی دا کە باوەشی خۆشەویستی باوکانە و ستایش و پەرستنی فریشتەکان بەجێ بهێڵێ، تا بێت بۆ نێوان مرۆڤ بەرگری نەنگ و سووکی و شکان و کینە و مەرگ بگرێت. سەر ئەنجام مرد، مردنی گوناهکارانی تاوانباران . چونکە "ئاشتی



ئێمە ئەو سزای دایەوە، بەجێ قامچیەکانی ئەو ئێمە چاکبووینەوە" (ئەشعیا ٥٣: ٥).

بی بینە لە بیابان، لە "گەسیمانی" بەسەر خاچەوە ڕۆڵەی بێگەردی خودا، باری قورسی گوناهی گرتە ئەستۆی خۆی، ئەو کە یەکێتی تەواوی هەبوو لەگەڵ خودا، لە گیانیدا هەستی کرد بە جیابوونەوەیەکی بەسام کە گوناه دەیخاتە نێوان خوداو مرۆڤی گوناهکارەوە، وای لێکرد هاواربکات هاوارێکی خەفەت بار و ئازاراوی "خودای من، خودای من، بۆوازت لێ هێنام؟" (مەتتا ٢٧: ٤٦). هەستکردن بە باری سەنگینی گوناه، بە ترسناکی تاوان، بە جیابوونەوەی گیان لە خودا، ئەمانە بوون کە دڵی ڕۆڵەی خودایان شکاند.

بەڵام ئەم قوربانییە مەزنەی ڕۆڵەی خودا لە پێناو ئەوەدا نەبوو کە لە دڵی باوک خۆشەویستی بۆ مرۆڤ دروست بکات، وە نە بۆ ئەوەش بوو کە خودا والێ بکات مرۆڤ ڕزگار بکات، نەخێر، "خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست کە تەنها ڕۆڵەی خۆی پێشکەش کرد" (یۆحەننا ٣: ١٦).

باوک ئێمەی خۆش دەوێ نەک لەبەر ڕزگار کەرمان، بەڵکو ڕزگارکەری بۆ ئێمە نارد چونکە ئێمەی خۆش دەوێت. مەسیح ئامێرێک بوو کە لە ڕێی ئەوەوە خودا خۆشەویستی بێ سنووری خۆی هەڵڕشت بەسەر جیهانی کەوتودا. "خودا لە مەسیح-دا بوو کە بۆ خۆی ئاشتبوونەوەی جیهانی ئەنجام دا".

(٢ کۆرنسۆن ٥: ١٩). باوک و کوڕ پێکەوە تووشی زەحمەت بوون، لە گولستانی گەسیمانی، لە سەر خاچی جەلجەسە، بەخۆشەویستی بێ پایانیان نرخی کڕینەوە و ڕزگار کردنی ئێمەیان دا.

عیسا فەرمووی "باوکم منی خۆش دەوێت، چونکە ژیانی خۆم دەکەم بەقوربانی تا جارێکی دی وەریگرمەوە" (یۆحەننا ١٠: ١٧)، واتە" باوکم ئێوەی زۆر خۆش ویستووە خۆشەویستی ئەو بۆ من زیاتر بووە چونکە من گیانی خۆم دانا بۆ ڕزگارکردن و کڕینەوەی ئێوە، من ڕازی بووم کە ببم بە جێگرتان و کە فیلیتان، قەرزدەرەوە و هەڵگری گوناهتان، لە ڕێگای قوربانی و خۆبەختکردنی منەوە خودا دەتوانێت دادپەروەر و بەخشندەبێت بۆ ئەو کەسەی کە بڕوا بە عیسا دەهێنێت.

هیچ کەس نەیتوانی ئێمە نەجات بدات و بمانکڕێتەوە جگە لە ڕۆڵەی خودا، هیچ کەس نەیتوانی خودا ئاشکرا بکات جگە لە و کەسەی کە لە باوەشیدا بوو، جگەلەو کەسەی کە بەرزترین و قووڵترین خۆشەویستی خودای ناسی و توانی دەری بخات؛ قوربانی بێسنوری مەسیح لە پێناوی مرۆڤی سەرلێشێواودا، دەربڕینی خۆشەویستی خودا بوو بۆ مرۆڤایەتی ون بوو. خودا ئەوەندە جیهانی خۆش ویست کە ڕۆڵەی تاقانە خۆی پێشکەش کرد، پێشکەشی کرد کە نەک هەر تەنها لە ناو مرۆڤدا بژی، بەڵکو گوناهەکانیشیان هەڵبگرێ، بۆ قوربانی ئەوان بمرێت، ئەوی بەدیاری دا بەنەژادی مرۆڤی سەر لێشێواو.

مەسیح خواست و ویست و سوودی مرۆڤی کرد بە خواست و ویست و سوودی خۆی، ئەو کە لەگەڵ خودا یەک بوو، خۆی بەجۆرێک لەگەڵ مرۆڤ بەستەوە کە هەرگیز نەیەتە پچڕان. "عیسا لاری لە وە نییە ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی بەبرا ناویان بەرێ." (عیبرانییەکان ٢: ١١). ئەو قوربانی و پارێزەر و برای ئێمەیە. لەبەر دەمی عەرشی خودا شێوەی مرۆڤی ئێمە بەخۆیەوە دەگرێت، ئەو بۆ هەمیشە یەکێکە لە و ڕەگەزەی کە ڕزگاری کرد و خۆی کرد بە قوربانی . ئەمانە هەموو بۆ بەرز کردنەوەی مرۆڤە لە سەر لێشێوان و نزمی گوناه؛ کە لە وانەیە باوەڕی لاواز بکات بەرانبەر بەشداری لە خۆشی و پاکی و خۆشەویستی یەزدان .

ئەو نرخە گرانەی درا بۆ ڕزگاربوون و کڕینەوەی ئێمە، واتە قوربانی بێ سنووری باوکی ئاسمانیمان بە بەخشینی ڕۆڵەی خۆی کە بمرێت لە پێناوی ئێمەدا بەڵگەیە لە سەر ئەو پایە بڵندی یەی کە پێی دەگەین لە ڕێگەی مەسیحەوە. هەر وەک یاوەری مەسیح، یوحەنا هەستی بە پایە بلندی و فراوانی و قوڵی خۆشەویستی خودا کردبوو بۆ نەژادی مرۆڤی سەرلێشێواو، خۆی کە پڕ بوو لە ڕێزو خۆشەویستی، ئەیتوانی وشەی شیاو پەیدا بکات بۆ دەربڕینی مەزنی و سۆزی ئەم خۆشەویستي یە، داوای لە جیهان کرد کە لێی بڕوانن ، ووتی "ببینن کە خوداوەند چ خۆشەویستییەکی بەئێمە بەخشیوە تا ناو ببرێین بە منداڵانی خودا" (١ یۆحەننا ٣: ١). چەند بەنرخە شوێنەواری مرۆڤ لە ئەنجامی ئەم خۆبەخت کردنە! لە ڕێگای سەرپێچی و گوناهەوە کوڕی مرۆڤ بوو بەبابەتێک بۆ شەیتان، لە ڕێی باوەڕ بەخۆبەخت کردنی مەسیح-ی ڕزگار کەرمان، منداڵانی ئادەم دەتوانن ببن بە منداڵانی خودا. مەسیح بە قبوڵکردنی سرووشتی مرۆڤ، مرۆڤایەتی بەرز کردەوە و شوێنەواری مرۆڤی گوناهکار و سەرلێشێواوی گەیاندە ئەو جێیەی کە شایستەی ناوی" منداڵانی خودابن . ئەم جۆرە خۆشەویستییە بێ هاوتایە، کە منداڵانی پادشای ئاسمان بین، بەڵێنێکی بەنرخە، بابەتێکە کە شایەنی بیری قووڵە، بابەتی خۆشەویستی بێ وێنەی خودایە بۆ جیهانێک کە ئەوی خۆش نەدەویست ! ئەم بیرە هێزێکە کە دەتوانێ گیان گوێ ڕایەڵ بکات و ئەقڵ بخاتە ژێر ویستی خوداوە. هەرچی پتر لە ڕەوشتی خودا بکۆڵینەوە لەبەر ڕۆشنایی تیشکی خاچ، پترهەست بەمیهرەبانی و بەزەیی و لێبوردن دەکەین شان بەشان لەگەڵ یەکسانی و داد پەروەری ، وە ڕووناکتر نیشانەی خۆشەویستی یەکی پڕ لە بەزەیی و دڵسۆزی بێ سنوور دێتە بەر چاومان، کە بەرزترە لە سۆز و خۆشەویستی دایکێک بۆ منداڵی ئاوارەی.

٢

# پێویستی گوناهبار به مەسیح

مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە، خودا توانا و ئەقڵ و بیری پێ بەخشییوە، بۆیە ژیانی بووە ژیانێکی تەواو ڕێک کەوتن لەگەڵ خودا، بیرەکانی خاوێن و ئامنجەکانی پیرۆز بوون . بەڵام کە یاخی بوو سەرپێچی لە فەرمانەکانی خودا کرد، گومڕایی و خۆپەرستی جێی خۆشەویستی و بڕوای گرتەوە، مرۆڤ ئەوەندە لاوازە بێ دەسەڵات بوو کە نەیتوانی بەهێزی خۆی بەرگری لە هێزی تەفرە و گوناە بکات، چونکە شەیتان دیلی کردبوو. ئەگەر خودا چاوی خۆشەویستی و ڕەحمەتی و یارمەتی لە مرۆڤ نەبوایە، بۆ هەمیشە شەیتان مرۆڤی لە چنگی خۆیدا دەهێشتەوە . مەبەستی شەیتان تێکدان و پووچەڵ کردنی پلان و نەخشەی خودا بوو بەرانبەر بەمرۆڤ، بۆ ئەوەی لە ڕێگای مرۆڤەوە زەوی پڕبکات لە گوناە و بەڵا و دەردەسەری، تا گشت بەدی و خراپییەکان بخاتە پاڵ خودا لە خولقاندنی مرۆڤدا.

مرۆڤ پەیوەندییەکی پاک و خۆش و بێگەردی لەگەڵ خودا هەبوو ”ئەوەی هەموو گەنجینەی دانایی و زانستی تێدا شاراوەتەوە“ (کۆلۆس ٢: ٣)، بەڵام پاش گوناە و لادان لە پاکی و بێ گەردی، خۆشی و بەختەوەری بەدی نەدەکرد، بە پەیوەندی و ڕووکردنە خودا دڵ خۆش نەدەبوو، بۆیە هەوڵی خۆشاردنەوەی دەدا لە خودا.گوناهکار غیرەت و توانای تێکەڵاوی و ڕووبەڕوو بونەوەی خودا و فریشتەکانی نییە و لە زەتی لێ نابینێت. ئەگەر ڕێی پێ بدرێت بەرەو بەهەشتی ئاسمان بچێت، بۆ ئەو خۆشی تێدا نابێت. گیانی لەگەڵ گیانی بەڕەحم و خۆشەویستی پاک و ڕەوشت بەرزی کە لە وێ فەرمان ڕەوایە، وە دڵی لەگەڵ دڵی خۆشەویستی بێ سنووری ئەوێ یەک ناگرێتەوە. گیانی پڕ گوناە و ڕاڕای ئەو لە گەل گیانی پاک و بێگوناهی نیشتەجێی ئەوێ بێگانە و ناکۆکن و دەبنە ئاوازیکی ناساز و نەگونجا و لەگەڵ ئاوازی

بێگەردی ئاسمانیدا. ئاسمان بۆ ئـەو دەبێتە جێی ئـازار و ئەشـکەنجە، تەنانـەت دەیەوێـت خـۆی بشـارێتەوە لـە وەی کـە سـەرچاوەی ڕووناکـی و مەڵبەنـدی خۆشـی ئـەوێ یـە. بێ بـەش بوونـی گوناهکارانـە لـە چوونـە ئاسمان کاری نییـە بەفەرمانـی خـوداوە، بەڵکـو گونـاه و بـەدکاری خۆیـان ڕێگەیان لێ دەگرێـت. مەزنی و پایەبەرزی خـودا لێیـان دەبێـت بـە ئاگـرو قووتیـان دەدا، تـا دەپاڕێنـەوە و ڕوو دەکەنـە مەسـیح کـە زەحمەتی کێشـا و مـرد بـۆ قوربانـی و ڕزگاری ئـەوان.

مەحاڵـە ڕزگارمـان بێـت لـە چاڵی گونـاه کە تێیـدا نوقومیـن، دڵ و دەرونـی ئێمـە بـەدکاری و خراپـەی تێدایـە و کە لـە تواناماندا نییە بیگۆڕین، هـەر وەک ئەیـوب باسـی دەکات و دەڵێـت "کـێ پاکی لە گڵا و دەردەهێنێت؟ هیچ کەس" (ئەیوب ١٤: ٤)، بەپێـی ووتـەی پێغەمبـەر پۆڵـس "بۆیـە بایەخـدان بە لە ش دوژمنایەتـی خودایە، چونکە لـە ش گوێڕایەڵـی یاسـای خـودا نـاکات، لەبـەر ئـەوەی لـە تواناییدا نییە" (ڕۆمـا ٨: ٧). پەروەردە و زانیاری، فەرهەنگ، مەشـقی دەروونی و هەموو ئـەو کۆشـش و هەوڵانەی مـرۆڤ کە دەیـدەن لە پێناوی پێشـکەوتنی مرۆڤایەتیدا، گشـتییان نرخ و شـوێنی خۆیـان لە گۆشـەکانی تری ژیانـدا هەیە، بـەڵام لـەم باسـەدا نـرخ و دەورێکـی ئەوتویـان نییـە، دەشـێ لـە چاککـردن و ڕاسـتکردنەوەی ڕەوشـتی مـرۆڤ وەک هۆکارێکـی دەرەکـی کاریگـەر بـن، بـەڵام ناتوانـن لـە ناخـەوە دڵ بگۆڕن و سـەرچاوەی ژیان پـاک بکەنەوە. چونکە گواسـتنەوە لـە ژیـان گونـاه و بەدخـووی و کینـە بـۆ ژیانـی چاکـە و ڕاسـتگۆیی و خۆشەویسـتی، پێویسـتی بـە هێزێکـە کە توانـای گۆڕینـی مرۆڤی هەبێـت لـە نـاوەو، بـۆ نیـاز و چاوەڕوانـی ژیانێکـی نـوێ کە لە سـەرەوە دەسـت دەکەوێت؛ ئـەم هێـزەش مەسـیحە. تەنهـا بەخشـندەیی و ڕەحمەتـی ئەو دەتوانێ گیانی مـردوو بژێنێتەوە و لـە خودا نزیک بخاتـەوە و بیخاتە ژیانێکی پاک و پیرۆزەوە . عیسـا ووتی "کەس ناتوانێ پادشـاهێتی خـودا ببینێت غەیری ئەو کەسـەی کە لە ئاسـمان لەدایـک دەبـێ" (یۆحەننـا ٣: ٣) یانـی دەبـێ دڵێکـی نـوێ، ویسـتێکی نـوێ، بیـر و باوەڕێکـی نـوێ، ئامانجێکـی نوێـی هەبێـت، کـە بریتییـە لە ژیانێکـی نـوێ. ئـەو بیـر و ڕایەی کـە دەڵێت تەنها ئـەوە پێویسـتە کـە بریتییـە لـە ڕەوشـی چاکـە و باشـی کـە بەشـێوەیەکی سرووشـتی لـە دەروونی مرۆڤـدا هەیـە پـەرە بسـتێنێ و پـێ بـگات، ئـەوە بیرۆکەیەکـی هەڵفریوێنـەرە. "مرۆڤ بەو هەسـتە سرووشـتییەی کـە هەیەتـی ناتوانـێ ئـەوەی کـە هـی ڕۆحـی خودایـە وەری بگرێـت، چونکـە ئەمانـە هەمـوو لـە سـەروو توانـای تێگەیشـتنی ئەودایـە و ناتوانـێ تێیـان بـگات، چونکـە وەرگرتنـی پێویسـتی بـە هەسـتی ڕۆحـی هەیـە." (١ کۆرنسـۆا ٢: ١٤). "سـەرت سـوڕنەمێنێت کـە بەتـۆم ووت پێویسـتە سـەر لـە نـوێ لـە دایـک بیتـەوە" (یۆحەننـا ٣: ٧) ئەمـە لـە لایـەک وە لـە لایەکـی تریشـەوە تەنهـا مەسـیح بـەم جـۆرە لـە سـەری نوسـراوە "ژیـان لـەودا بوو، ئـەو ژیانەش ڕووناکـی مرۆڤ بوو" (یۆحەننـا ١: ٤) وە هەروەها "تەنهـا لە ڕێگـەی عیساوە ڕزگار دەبیـن، چونکە

جگە لە و لە ژێر ئاسماندا ناوێکی دی نییە خودا پێشکەشی کردبێت بە مرۆڤ بەهۆیەوە ڕزگارمان بێت" (کرداری نێردراوان ٤: ١٢). تەنها بەس نییە هەست بە میهرەبانی خودا بکەین، وە لە ڕەوشتی سۆز و بەزەی باوکانەی تێبگەین، بەسیش نییە هەست بە زانایی و دادپەروەری یاسای ئەو بکەین، وەببینین کە لە سەر پایەی بڕوا و خۆشەویستی هەمیشەیی دامەزراوە. پۆڵس گشی ئەمانەی دیبوو کە ووتی "من ئەو یاسایە پەسەند دەکەم چونکە باشە" وە "یاساکە پیرۆزە، دەستورەکەی پیرۆز و دادپەروەر و چاکە". بەڵام بە دڵی پڕ لە ژان و نائومێدییەوە لە سەری ڕۆیشت و ووتی "من لە شم فرۆشراوە بە گوناه" (ڕۆما ٧: ١٤، ١٢، ١٦)، ئەو شەیدای پاکی و ڕاستی بوو، بەڵام لە دەروونی خۆیدا نەیدەتوانی پێیان بگات، بۆیە هاواری کرد "وای لە من کە چەند بەدبەختم، کێ لە لاشەی ئەم مەرگە ڕزگارم دەکات ؟" (ڕۆما ٧: ٢٤)، ئەم جۆرە هاوارە هەمیشە هەستاوە لە هەر سەردەم و لە هەر شوێنیکدا لە وانەی کە دڵیان بە گوناە قورس بووە، وە بۆ هەموو ئەم کەسانە تەنها یەک وەڵام هەیە کە خودا فەرموویەتی "بڕوانن کە ئەمەیە بەرخی خودا کە گوناهی جیهان لادەبات." (یۆحەننا ١: ٢٩).

نیشانە و بەڵگە زۆرن کە گیانی خودا هەوڵی داوە ئەم ڕاستییە ڕوون بکات بۆ هەموو کەسێک کە ئارەزووی ئازادبوونی هەبێت لە ژێر باری سەنگینی گوناهدا. یەکێک لە و وێنانە کە خودا ئاشکرای کرد بۆ ڕاکردنی یەعقوب بوو دوای هەڵخەڵەتاندنی ئیسحاقی باوکی، کاتێک کە یەعقوب هەستی بە قورسی باری گوناە دەکرد و مەترسی لە گوناە و پتر لە تەنیایی و بێ بەشی و دووری، گیانی دەگوشی و ئازاری دەدا و ترسی لە وە بوو کە گوناە جیای بکاتەوە لە خودا و لە ئاسماندا دووری بخاتەوە، بە خەفەت و بێزارییەوە لە سەر زەوی ڕاکشا کە بێجگە لە چۆڵەوانی هیچی لێ بەدی نەدەکرا، خەوی لێکەوت، ڕووناکي یەکی سەیر بەبەر چاویدا هات، دیمەنی پەیژەیەکی بەرینی دی لە دەشتە کە هەڵگەڕابوو بەرەو ژوور بۆ دەروازەی ئاسمان، لە سەر پلیکانەکانی فریشتەی خودا دەچونە سەرێ و دەهاتنە خوارێ، لە قووڵای سەرەوە دەنگی خودای ئاسمانی بە پەیامی دڵنەوایی و هیواوە بیست کە بۆ یەعقوب نیاز و ئارەزووی دڵی دەردەخست، کە خودای گەورە پارێزگاری دەکات، بەخۆشییەوە سوپاسی یەزدانی کرد کە ئەو ڕێگەیەی بۆ ئاشکرا کرد، کە وەک و گوناهکارێک دەتوانێت دوو بارە پەیوەندی بە خوداوە بکاتەوە، چونکە ئەو پەیژەیەی لە خەونەکەیدا دیبووی نیشانەی عیسا بوو، کە بووە پردی نێوان خودا و مرۆڤ. مەسیح پەنجەی بۆ هەمان نیشانە ڕاکێشا کە لەگەڵ نەتەنائیل دەدووا، کاتێ کە ووتی "لە ئێستاوە ئاسمان بە کراوەیی دەبینن، فریشتەکانی خودا بەسەر کوڕی مرۆڤدا سەردەکەون و دادەبەزن" (یۆحەننا ١: ٥١)، مرۆڤ بەیاخی بوون و پشت کردنە خودا خۆی کردە بێگانە لەگەڵ ی، زەوی لە ئاسمان دابڕا، لە نێوانیاندا دانران و

هەڵدێرێک دروست بوو کەس نەیتوانی لێی بپەڕێتەوە. بەڵام مەسیح بووە پردی نێوان ئەو دابڕان و هە لدێرە کە گوناە دروستی کردبوو، ئەو بووە ڕێگای پەیوەندی و یارمەتی فریشتەکانی خودا بۆ مرۆڤ.

مرۆڤی لاواز و بێ چارە لە ڕێگای مەسیحەوە دەتوانێ لەگەڵ خودا پەیوەندی بکات کە تەنها سەرچاوەی هێزی لە بن نەهاتوی جیهانە. بێ هودەیە مرۆڤ خەون بەپێشکەوتن و سەرکەوتنەوە ببینێت، بێ هوودەیە بیەوێت پلە و پایەی مرۆڤایەتی بەرز بکاتەوە، هەتا سووربین لە سەر پشت گوێ خستنی تەنها سەرچاوەی ئاسمانی، کە سەرچاوەی هیوا و یارمەتی کۆمەڵگای مرۆڤی بێچارەیە، چونکە "هەموو دیارییەکی چاک و بەهرەیەکی بێ هەڵە لە خوداوە دێت" (یاقوب ١: ١٧). هەروەها بێ سوودە هەوڵی مرۆڤ بۆ خوو ڕەوشتی باش ئەگەر لە مەسیح دوور بێت، لەبەر ئەوەی مەسیح تەنها ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە خودا، مەسیح دەڵێ "من ڕێگا و ڕاستی و ژیانم، کەس ناگاتە خودا لە ڕێگای منەوە نەبێت." (یۆحەننا ١٤: ٦). خودا دڵی دەسووتێ بەمنداڵانی سەر زەوی لەگەڵ خۆشەویستییەکی بە هێز لە مردن، ئەو خێر و خۆشی بەهەشتی ئاسمانی لە دیارییەکدا بەسەر هەمووماندا هەڵڕشتووە، بەخشینی ژیان، و مردنی تەنها ڕۆڵەی ڕزگارکەرمان، خزمەتگوزاری فریشتتەکان، نزا و پاڕانەوەی ڕووح، لە سەروو هەموانەوە چاودێری و یارمەتی و ڕەحمەتی باوکی ئاسمانیمان. گشت ئەمانە بۆ ڕزگاری مرۆڤ تەرخان کراون، ڕزگارییەکی هەتا هەتایی.

بابڕوانینە ئەو قوربانییە سەر سوڕمێنەرەی کە لە پێناوی ڕزگارکردنی ئێمەدا ئەنجام درا، با بایەخ و نرخێکی بەرز بدەین بەو وزە و کۆششەی کە لە ئاسمانەوە بەخت دەکرێت بۆ ڕزگاری سەرلێشێوان و گەڕانەوەیان بۆ ڕێی ڕاست و بۆ ماڵی باوکی. وردبوونەوە و سەرنج دان لە قوربانیەکانی مەسیح لە هەموو شتێک زیاتر پاڵپشت و هاندەر و بزوێنەرمانە، ئایا پاداشت و خەڵاتی نایاب بۆ ئەوانە نییە کە بەکاری چاکە هەڵدەستن؟ شادی ئاسمانی، هاوبەشی کردن لە خۆشەویستی باوک و کوڕ، گشتی ئەمانە شایستەی ئەوە نین کە لە کانگای دڵەوە خزمەتێک پێشکەش بەخودا و مەسیح بکەین؟

لە لایەکی ترەوە، ووتەکانی خودا وریامان دەکاتەوە لە خزمەت کردن بە شەیتان. لە گوناهکردن، ئازاردان، خوو ڕەوشت نزمی، داتەپانی کەسایەتی، سەرئەنجام هەموو خراپە و ویرانکارییەکی بۆمان ئاشکرا کردووە. ئایا ناتوانین ڕێز لە ڕەحمەتی خودا بگرین؟ لە وە زیادتر چی تر بکات؟ با هەوڵ بدەین هەڵوێستان ڕاست بکەینەوە بەرانبەر ئەوەی خۆشی ویستین، خۆشەویستییەکی بێ هاوتا، با سوود وەربگرین لە و ئامێرانەی کە تەرخان کراون بۆ ئێمە تا بگۆڕێین و لە و بچین، وە بگەڕێین و لە و بچین، وە بگەڕێینەوە بوکۆڕی فریشتەکانی خزمەتگوزار، لەگەڵ باوک و کوڕ و گیانی پیرۆزدا هاوبەشێکی هارمۆنی و گونجاو بین.

٣

# تۆبەکردن

چـۆن مـرۆڤ دەتوانێـت لـە گـەل خـودا ڕێـک بێـت؟ چـۆن گوناهبـار دەتوانێـت خـۆی خاوێـن بکاتـەوە و ببێتـە بـێ گوناهـی چاکـەکار؟ ئێمـە لە ڕێـی مەسـیحەوە دەتوانین لەگـەڵ خودا و لەگـەڵ پیـرۆز مەندان لە هارمۆنـی و گونجاندا بیـن . گەلێـک کـەس ئـەم پرسـیارە دەکـەن کـە کاتـی خـۆی لـە ڕۆژی پەنجاهەمین خەڵکێکی زۆر کـە گوناهبـار کرابـوون، هاواریـان دەکـرد ”ئێمـە چـي بکەیـن؟“ یەکـەم وەڵامـی پەتـرۆس ئەمـە بـوو ”تۆبـە بکـەن“ (کـردەوە ٣: ١٩). تۆبە خەفەتە بەسـەر گوناهـدا و وازهێنانـە لێـی، ئێمـە واز لـە گوناە ناهێنێن تا شـەڕی نەبینین، گۆڕینی ڕاستی لـە ژیانـدا دروسـت نابێـت تا بـە هەمـوو دڵ لێی دوور نەکەوینـەوە.

زۆر کـەس هـەن کـە ناتوانـن لـە مانـای ڕاسـتی تۆبـە بگـەن، هەندێـک خەفـەت دەخـۆن کـە گوناهیان کـردووە و هـەوڵ دەدەن بەڕووالـەت خۆیـان چـاک بکـەن لەبـەر ئـەوەی دەترسـن گوناهەکانیـان تووشـی ئەشـکەنجە و ئازاریـان بکات . بەڵام ئەمە تۆبەی ڕاسـتی نییە، ترسـان و شـیوەنی ئەشـکەنجە و ئـازارە نـەک هـی گوناە، بەسـەر هاتیـان دەبێت بەسـەرهاتی ”عیسـاو“ پـاش ئـەوەی دی کە مافـی هاووڵاتی و خێزانـی خـۆی لـە دەسـتدا، بەسـەر هاتیـان بەسـەرهاتی ”بەلعـام“ دەبێ کە لە ترسـی ژیانی دانـی نـا بـە گوناهیـدا کاتێـک فریشـتەکان بـە شمشـێرەوە ڕێیـان لـێ گـرت، بـەڵام ئەمـە تۆبە نەبـوو لە گوناە، مەبەسـتی نەگۆڕابوو، نەفرینی لـە خراپـە و بـەدکاری نەکردبـوو، هەروەهـا ”یەهـودای ئەسـخەر یوتـی“ پـاش ناپاکـی کردنی لەگـەڵ مەسـیح و بە دەسـتەوەدانی هاواری کرد و ووتـی ”گوناهـم کـرد کـە ناپاکیـم لـە خوێنـی پـاک و بـێ گونـاە کرد“ (مەتتا ٤: ٢٧). ئەو شـتەی کـە ناچـاری کـرد کـە دان بـە گوناهەکانیـدا بنـێ هەسـتی ترس و لـە رزی حوکمدان و چاوەڕوانی سـزای بـوو کـە گونـاە ڕاپێچـی دەکات بـۆ بـەر دادگای خـودا، بـەڵام خۆی بە گوناهبـار نەزانی و پەشـیمان نە بۆوە لـە وەی کە ناپاکی لە ڕۆڵەی خـودا و لاری لە پیرۆزمەندی ئیسـرائیل کردووە. هـەر کاتێـک خـودا فیرعەونـی مەحکـوم دەکرد

و بەڵایەکی بۆ دەنارد هاواری لێ هەلدەستا و دانی بە گوناهەکانیدا دەنا تاکو خودا لە سزادان ڕزگاری بکات، هەر کە ڕزگار دەبوو زۆری پێ نەدەچوو دەگەڕایەوە بۆ گوناهکاری و سەرپێچی خودا. خەفەت و پەشیمانی ئەم کەسانە لە هەڵە و گوناهەکانیان نەبوو، بەڵکو ترس و لە رزی ڕزگارکردنی خۆیان بوو لە سزای گوناهەکانیان. بەڵام کاتێک مرۆڤ دڵی خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی گیانی خوداوە، ویژدان دەبزوێ و زیندوو دەبێتەوە، وەک گوناهبار هەست بەهەندێ لە قووڵی و عەدالەتی یاسای پیرۆزی ئاسمانی دەکات کە ڕێباز و بنچینەی فەرمانی خودا لە سەر زەوی و لە ئاسمان، لە دڵیدا ڕووناکییەک هەڵدێت "ئەو ڕووناکییەی کە هەر مرۆڤێک بێتە ئەم جیهانەوە ڕووناکی پێ دەبەخشێ" (یۆحەننا ١: ٩) . دڵ و ئەقڵی گوناهبار هەستی بە گوناه دەکات، پاشان هەستی بە ڕاست و دروستی و دادپەروەری خودا دەکات، ترس دای دەگرێ لە وەی کە خەتا و پیسی دڵی دەربخات لە بەردەم دادگای خودا، بەڵام کە گەورەیی و خۆشەویستی و بێگەردی خودا دەبینێت، ئارەزوو دەکات پاک بێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ڕێگای ڕاستی پەیوەندی ئاسمانی. نۆێژ و پاڕانەوەی داود دوای کەوتنی ڕوونی کردەوە کە چەند لە ناخەوە خەفەتبار و پەشیمانە لە گوناهەکانی، هەوڵی نەدا گوناهەکانی خۆی داپۆشێ و بچووکیان بکاتەوە، حەزی نەکرد هەڵبێت لە دەست سزای گوناهەکانی کە هەڕەشەی لێ دەکەن بەڵکو دەیخستنە ڕوو لە پاڕانەوەی نوێژەکانیدا. داود خەرمانی گوناه و خەتا و سەرپێچییەکانی خۆی دی، بۆی دەرکەوتبوو کە گیانی چەند پیس و گڵاوە. ڕقی لە گوناه هەستابوو نەفرەتی لێ دەکرد، نوێژ و پاڕانەوەکانی هەر بۆ لێخۆش بوون نەبوو، بەڵکو لە هەمان کات بۆ پاککردنەوەی دڵ و گیانیشی بوو، ئاواتە خوازی خۆشی خواپەرستی بوو، دەست بەدووعا بوو بۆ ئەوەی خاوێن بێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ خودا ببەستێتەوە، هەر وەکو لە دووعاکانیدا دیارن: "بەختیار ئەو کەسەیە کە خەتای بەخشراوە، گوناهی داپۆشراوە بەختیارە ئەو مرۆڤەی خودا گوناهی لێ ناگرێ و فێڵ گزی لە گیانیدا نییە" (سرود ٣٢: ١، ٢)

"خودایە بە خۆشەویستی و میهرەبانییت
ڕەحمم پێ بکە
بەسۆز و بەزەیی فراوانت خەتاکانم بسڕە
چونکە من لە سەرپێچی و گوناهەکانم ئاگادارم
و
هەمیشە وان لەبەر دەممدا
پاکم بکەوە بە زوفا، خاوێن دەبمەوە
بمشۆ، لە بەفر سپی تر دەبمەوە
خودایە دڵێکی پاکم تێدا دروست بکەوە
گیانێکی ڕاست لە مندا نوێ بکەوە
لە لە بەردەم ڕووی خۆت دوورم مەخەرەوە
لە گیانی پیرۆز و مەرحەمەتی خۆت بێبەشم
مەکە ڕزگارم کە با بە بەختەوەری
ڕزگاریت شاد بم

به گیانی بەخشندە و پڕ بەرەکەتی خۆت
پشتیوانیم لێ بکە
نەجاتم بدە لە گوناهی خوێن، خودایە، ئەی
خودای ڕزگار کەرم
زوبانم بەدەنگی بەرز ستایشی داد پەروەری و
ڕاستی و دروستیت دەکات.“
(سروود ٥١: ١-١٤)

تۆبە کردنی ئابەم جۆرە لە توانای ئێمەدا نییە، لە سەرووی وزەی ئێمەدایە . تەنها لە ڕێی مەسیحەوە دێتە دەست، مەسیح کە سەرکەوت بۆ ئاسمان دیاری دا بەخەڵکی، یەکێک لە و دیاریانە تۆبە بوو. لێرەدا گەلێ کەس بە هەڵەدا دەچن و سەرناکەون لە بەدەست هێنانی ئەو بەخشین و یارمەتییەی کە مەسیح ئارەزووی دەکات پێیان بدات، چونکە وا بیردەکەنەوە کە ناتوانن بەرەو ڕووی مەسیح بینەوە ئەگەر لە پێشدا تۆبەیان نەکردبێت، تۆبەیە کە ڕێگای لێخۆش بوون بۆ گوناهەکانیان دەکاتەوە. ڕاستە تۆبە پێش بەخشین دەکەوێت، لەبەر ئەوە پێویستە بۆ کەسانی گوناهبار و پەشیمان. بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە گوناهبار نابێت بەرەو ڕووی مەسیح ببێتەوە تا تۆبە نەکات ؟ ئایا تۆبە کردن دەبێ ببێت بە کۆسپێک لە نێوان گوناهبار و ڕزگارکەردا؟

وتەکانی خودا وامان فێر ناکات و ناڵێت گوناهبار دەبێ تۆبە بکات پێش ئەوەی بانگەوازی مەسیح قبووڵ بکات ”وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتان حەسێنمەوە،“ (مەتا ١١: ٢٨)، هێزی مەسیحە کە دەمانبات بەرە و تۆبەی ڕاستی، هەر وەکو پەترۆس ڕوونی کردەوە بۆ بەنی ئیسرائیلیەکان و ووتی ”بەم جۆرە خودا بەدەستی ڕاستی سەرۆک و ڕزگارکەری بەرز کردەوە بۆ ئەوەی تۆبە و لێخۆش بوونی گوناە بە ئیسرائیلیەکان ببەخشێت.“ (کردەوە ٥: ٣١)، ئێمە بێ مەسیح لێ خۆشبوونمان دەست گیر نابێت هەروەها بێ ئەو تۆبە شمان پێناکرێت .

مەسیح سەرچاوەی هەر ڕووداوێکی ڕاستە، هەر ئەو دەتوانێت دژایەتی گوناە لە دڵماندا بڕوێنێت، هەر ئارەزوویەک کە بەرە و ڕاستی و پاکیمان دەبات، هەر هەست پێکردنێک بەختەتا و گوناهمان، بەڵگەیە بۆ کارکردنی گیانی مەسیح لە دڵماندا.

مەسیح وتویەتی ”کاتێک لە سەر زەوی بەهەڵواسراوی بەرز دەکرێمەوە هەموو کەسێک بۆ لای خۆم ڕادەکێشم.“ (یۆحەننا ١٢: ٣٢)، مەسیح دەبێ دەری بخات بۆ گوناهکاران کە وەک ڕزگار کەرێک دەمرێت بۆ پاککردنەوەی گوناهی جیهان، کە ئێمەی بەرخی خودا دەبینین بەسەر خاچی جەلجەسەوە، لەمانای فیداکاری تێدەگەین، چاکە و میهرەبانی خودا ڕێپیشاندەرمان دەبێت بۆ تۆبە کردن ، مردنی مەسیح لە پێناوی گوناهکاراندا خۆشەویستی یەکی دەرخست کە وەسف ناکرێت، کە گوناهکار لەم خۆشەویستی یە ورد بۆوە، دڵی نەرم دەبێت، بیر و ئەقڵی دەگۆڕێت، سرووشتی

تۆبـە و پەشـیمانی دێتە گیانـی. ڕوو دەدا هەندێ جـار بڕێـک لـە خەڵکـی شـەرمەزاری دەبـن لـە گوناهـکاری یان و دەسـتی لێ هەڵدەگرن، بەڵام بـەوە نازانـن کـە ئەوە دەسـتی یارمەتی مەسـیحە لـە ئارەزوویەکـی پاکـەوە بـەرە و چاکەیـەن دەبـات، گیانیان پاکدەکاتـەوە، ویژدانیان زیندوو دەکاتـەوە، ژیانیـان بـەرە و چاکـە دەگـۆڕێ. مەسـیح ڕایـان دەکێشـێت بڕواننـە خاچەکـەی و ببینـن چـۆن هەڵواسـراوە و چـوار مێـخ کـراوە لـە سـەر گوناهـی ئـەوان، ویژدانیـان دەبزوێنی، بـەدکاری ژیانیـان و گوناهـی قوڵـی گیانیـان بـۆ دەردەکەوێـت، پـەی بەهەندێـک لـە ڕاسـتی و دروسـتیەکانی مەسـیح دەبـەن، هـاوار دەکـەن (گونـاه چییـە کە دەبێ ئـەم هەمـوو قوربانییەی لـە پێنـاودا بدرێـت بـۆ ئـەوەی لێـی ڕزگار بیـت؟ کـە ئـەم هەمـوو خۆشەویسـتییە، ئـەم هەموو ڕەنـج و زەحمەتـەی دەوێـت تـا ئێمە بـە گوناه لە نـاو نەچیـن و ژیانـی هەمیشـەیمان هەبێـت ؟)

لـە وانەیـە گوناهـکار بەرانبـەر ئـەم خۆشەویسـتییە بوەسـتێتەوە و شـەیتان ڕێـگای بـەرە و عیسـای لـێ بگرێـت، بـەڵام ئەگـەر خـۆی نـەدات بەدەسـت خراپـەوە هـەر دەبێـت بـەرەو مەسـیح بچێـت، ناسـینی ڕێـگای ڕزگار بـوون لـە گونـاه بـەرەو خاچـی دەبـات و ڕووی تێـدەکات، تۆبە دەکات و پەشـیمان دەبێتەوە لە گوناهەکانـی کـە بوونـە هـۆی ئازاردانـی ڕۆڵـەی خۆشەویسـتی خـودا.

ئـەو هێـزە ئاسـمانییەی کـە سرووشـت دەبووژێنیتـەوە و کاری لـە سـەر دەکات هەمـان هێـزە کار دەکاتـە سـەر دڵـی مـرۆڤ و هـەوڵ و ئارەزوویەکـی تێـدا دروسـت دەکات بـۆ شـتێک کـە نیانـە و جیهـان ناتوانـی ئـەو ئارەزوویـان بێنێتـە دی. ڕووحـی خـودا داوایـان لـێ دەکات کـە تەنهـا داخـوازی ئـەو شـتانە بکەی کە ئاشـتی و ئاسـوودەییان بـۆ دەهێنێـت، واتـە خۆشـی و چاکـە و ڕووناکـی و پاکـی و پیـرۆزی مەسـیح . بـە هەمـوو ڕێگایەکـی بینـراو و نەبینـراو ڕزگار کەرمـان کار دەکاتـە سـەر گۆڕینـی ئەقڵـی خەڵکـی لـە چاوچنۆکـی و لەزەتـی گوناهـەوە بـۆ خێـر و بەرەکەتـی بەرهەمـداری خـودا. بـۆ هەمـوو ئـەو کەسـانەی بێهـوودە دوای خـواردن و خواردنەوەیـان دەکـەون لـە بیـرە داتەپیـوو سـەرچاوە پیسـەکانی جیهـان، پەیامـی خـودا بانگیـان دەکات "ئـەوەی تینویەتـی بـا بێـت، وە هـەر کەسـێک دەیەوێت با ئاوی ژیـان بەخۆڕایی وەربگریـت" (بینایـی ٢٢: ١٧). ئێوە ئـەی ئەوانەی دڵتـان ئـارەزووی شـتێک بەرزتـر و بـاش تـر دەکات لـە وەی کە ئـەم جیهانە پێی داون، بزانن کـە ئەم ئـارەزووە دەنگی خودایە بـۆ ویژدانتان، داوای لـێ بکەن تۆبەتان پێ ببەخشـێ، مەسـیح- تـان بـۆ دەرخات لـە خۆشەویسـتی بێ پایانیدا، لـە پاکـی و بێگـەردی تەواویـدا. ژیانـی مەسـیح نموونـەی ڕێبازێکـە کـە یاسـای ئاسـمانی تێـدا بـەدی دەکرێـت، خۆشەویسـتی بـۆ خـودا و خۆشەویسـتی بۆ مرۆڤە، چاکی و خۆشەویسـتی جەوهـەری ژیانـی عیسـا بـوو، کـە ئـەوە بـەدی دەکەیـن پیسـی و گوناهـی خۆمـان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت، داوای ڕەحمـەت و لێبـوردن دەکەیـن.

ئێمـە لە وانە خۆمـان هەڵخەڵەتێنین ، هەر وەکو "نیکـۆ دیمـۆس" کـردی، کـەوا بزانیـن ژیانی ئێمە ڕاسـتە، ڕەوشـتمان دروسـتە، پێویسـتمان بـەوە نییـە کـە لـە بەردەمـی خـودا وەک گونهکارێکـی ئاسـایی سـەر نزم بکەین، بەڵام کاتێک ڕووناکی مەسـیح گیانمـان ڕوونـاک دەکاتـەوە، ئەوسا دەبینیـن کـردەوەی ژیانمـان چەنـد پیـس بـووە بەهۆی خۆپەسـەندی و دڵ ڕەقـی و دوژمنایەتی خـودا، ئینجـا تێدەگەیـن کـە ڕاسـتی و دروسـتی ئێمـە وەک پەڕۆیەکـی پیـس وایـە. تەنهـا خوێنـی مەسـیح دەتوانـێ لـە پیسـی و گڵاوی گونـاە خاوێنمـان بکاتـەوە، دڵمـان نـوێ بکاتـەوە وامان لـێ بێـت کـە لـە ڕەوشـتی مەسـیح بگەیـن.

تیشـکێک لە مەزنـی خودا و ترووسـکەیەک لـە پاکـی مەسـیح بچێتـە هـەر گیانێکـەوە، هـەر لـە کـە و پیسـی و گڵاوییەکـی تێـدا هەبێـت بـە ئـازارەوە ئاشـکرای دەکات، هـەر هەڵـە و کـەم و کووڕییەکـی هەبێـت دەیخاتـە ڕوو، ئـارەزووی گڵاو و خراپـەکاری، دڵ ڕەقـی و دەم پیسـی دەردەخـات، کردەوەی داوێن پیسـی و شـکاندنی یاسـای خـودا دەخاتـە بەرچـاو گوناهـکاران، بـە جۆرێـک لـە ئـازار و ناڕەحەتیـدا خـۆی دەبینێـت لـە ژێـر کار تێکردنـی گیانـی خـودای دڵ پشـکێنەر، گوناهبـار کـە خـوو ڕەوشـتی پاک و بـێ گـەرد مەسـیحی بـۆ دەردەکەوێـت ڕقـی لە خـۆی دەبێتـەوە . کاتـێ دانیـاڵ پێغمبـەر، پەیـام هێنـەری ئاسـمانی دی کـە چ شـکۆ و مەزنییەکـی وا بەدەورەوەیـە، تـاس بردییـەوە و هەسـتی بـە ناتـەواوی و لاوازی خـۆی کـرد، ئـەم دیمەنـە سـەیرەی بـەم جـۆرە وەسـف کـرد "هێـزم تێـدا نەمـا، پاکـی و خاوێنیـم گۆڕا بە پیسـی، هێزم بۆ دابیـن نەکـرا" (دانیـاڵ ١٠: ٨) گیانێـک بـەم جـۆرە ڕوحـی مەسـیح کاری تێکردبێـت ڕقـی دەبێتـەوە لـە خۆشەویسـتی خـۆی پشـت گوێ دەخـات، لە ڕێگـەی ڕاسـتی و دروسـتی مەسـیحەوە بـەدوای پاکـی دڵدا دەگـەڕێ، کە لە هاڕمۆنـی دایە لەگەڵ یاسـای خـودا و سـیفاتی مەسـیح . پێغەمبـەری پۆڵـس، دەربـارەی کـردەوەی دەرەوەی خـۆی ووتـی "لـە ڕاسـتی و دورسـتی بە پێی شـەریعەت بـێ کـەم و کـوڕی بـووم" ( فیلیپـی یـان ٣: ٦)، بـەڵام کاتێـک پۆڵـس سرووشـتی گیانـی شـەریعەتی ووشـە بە ووشـە بۆ دەرکەوت، خۆی بـە گوناهبـار دی، کـە شـەریعەتی لەگـەڵ ژیانـی دەرەوەی خۆیـدا بـەراورد کرد، بـەراورد کردنێکی ڕوواڵەتـی هەروەکـو خەڵکـی دەیکـەن، خۆی بێ سەرزەنیشـت بینـی ، بـەڵام کاتێـک ورد بـۆوە و ڕوانـی لـە قوڵای یاسـای پیـرۆز، خۆی بـەو جۆرە دی کـە خـودا بینـی، لـە شـەرما ملـی کەچ کـرد و دانینـا بەگوناهـی خۆیـدا و ووتی "من لـە وەوبەر بـە بـێ یاسـا ژیـاوم، بـەڵام کـە فەرمـان هـات، گونـاە ژیایـەوە و من مردم." (ڕۆمـا ٧: ٩)، کاتێک ناوەرۆکـی ڕۆحی یاسـای ئاسـمانی بـۆ دەرکەوت، گونـاە و گڵاوی گوناهی لێ ئاشـکرابوو، هەروەها لـە خۆڕازیبوونیشـی نەمـا.

خـودا هەمـوو گوناهـەکان وەک یـەک نابینـێ حیسـابی وەک یەکیان بۆ ناکات، خەتاکان لـە پلەی جیاجیـادا دادەنێ و دەیـان خەمڵێنێت، گونـاە بچـووک نابێتـەوە هەرچەنـدە لـە دیدەی

مرۆڤدا بچووک بێت، لەبەر ئەوەی حوکمی مرۆڤ کەم و کوورِ و ناتەواوە، خودا کارەکان وەکو خۆیان دەبینێ و دەیان خەمڵێنێت، خەڵکی سەر خۆش بە چاوی نزم سەیر دەکەن و دەڵێن کە گوناه لێیان ناگەڕێت بچنە بەهەشت، لە کاتێکدا زاڵم و زۆردار و خۆپەرستان و لە خۆبایی بوان و چاوچنۆکان بێ سزا و سەرزەنیشت دەهێڵنەوە، ئەم گوناهانە بە تایبەتی دوژمنی خودان، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی سیفاتی چاکە و دژ بە خۆشەویستی پاکی ئەون. ئەوەی دەکەوێتە گوناهێکی گەورەوە لە وانەیە هەست بە گوناه و شەرمەزاری بکات و خۆی لاواز و بێدەرەتان ببینێت لە ڕزگار بوونی لە و بەڵایە، هانا دەباتە بەر دەرگای ڕەحمەتی مەسیح، بەڵام کەسانی زاڵم لە خۆبایی و خۆپەسەند هەست بەوەناکەن کە پێویستیان بە کەس هەبێت، دەرگای دڵیان بە ڕووی مەسیحدا دادەخەن، لە



و خێر و چاکە و بەخشینە خۆیان بێ بەش دەکەن کە مەسیح هاتووە پێیان ببەخشێت. ئەو باجگرە هەژارەی کە پاڕایەوە و ووتی "خودایە بە منی گوناهکار ڕەحم بکە" (لۆقا ١٨: ١٣)، خۆی بە پیاوێکی بەدکار ژمارد، خەڵکی تریش هەر بە هەمان چاو سەیریان دەکرد، بەڵام ئەو بینی کە پێ ویستی بە یارمەتی خودا هەیە، بە باری سەنگینی گوناهی شەرمەزارییەوە هاتە بەردەمی خودا، داوای ڕەحمەت و بەخشینی کرد، بۆ گیانی خودا دڵی کردەوە، تا بە چاکە و نەرمی خۆی لە هێزی خراپە و گوناە ڕزگاری بکات. بەڵام پاڕانەوەی فەریسی پڕ بوو لە گیانی بەخۆ نازین و لە خۆبایی بوون کە بەڵگەبوو لە سەر ئەوەی دڵی داخستبوو لە کارتێکردن و ڕەحمەتی گیانی پیرۆز. لەبەر دووری لە خودا هەستی بە پیسی و گڵاوی خۆی و بە پێویستی و یارمەتی خودا نەدەکرد، لەبەر ئەوە هیچی دەستگیر نەبوو. ئەگەر گوناە و خەتای خۆت دەبینی، چاوەڕێ مەکە ت اخۆت چاک بکەیت، خەڵکێکی زۆر هەن وا دەزانن کە شایستەی ئەوە نین بێن بۆ لای مەسیح، ئایا چاوەڕێی ئەوە دەکەیت بۆخۆت خۆت چاک بکەیت ؟ "ئایا حەبەشییەک دەتوانێت پێستی خۆی، وە پڵنگ خاڵی خۆی بگۆڕێت؟ ئەگەر وایە ئێوەش دەتوانن ئەی فێر بوانی شەڕو خراپە." (ئارۆمیا ١٣: ٢٣) . یارمەتی دانمان تەنها هەر لە خوداوەیە، ئێمە نابێ چاوەڕێی هەلی باشتر بکەین، یان چاوەڕێی ڕازی کردنی بە هێزتر و سرووشتی و خووی پیرۆزتر بکەین. ئێمە بەتەنها خۆمان ناتوانین هیج بکەین، بەڵکو پێویستە بێین بۆلای مەسیح بەو جۆرەی کە هەین. با کەس خۆی فری و نەدات وابزانێت کە خودا چونکە خاوەن خۆشەویستی و میهرەبانییەکی فراوانە، دواکەس ڕزگار دەکات هەتا ئەوانەش کە خێر و چاکەی ئەویان ڕەت کردۆتەوە. گوناە نەخۆشییەکی سامناکە، ڕزگار بوون لێی مە حاڵە تەنها لە ڕێی ڕووناکی خاچەوە نەبێت. ئەوانەی کە سوورن لە سەر ئەوەی کە خودا فرە باشە و گوناهکار سزا نادات، با بڕواننە خاچی جەلجەسە. لەبەر ئەوە بوو کە مەسیح بۆ ڕزگاری مرۆڤ لە هێزی پیس و گڵاوی گوناە ڕێگایەکی دی نەدۆزییەوە، نەیدەتوانی ژیانێکی ڕووحییان بۆ بگەڕێنێتەوە، گیانی هاوبەشی لەگەڵ پیرۆزمەندان، جگە لە ڕێگەی ئەو قوربانییە مەزنە، کە تاوانی گوناهی گرتە ئەستۆ و لە جیاتی گوناهکار زەحمەتی کێشا و مرد. خۆشەویستی و زەحمەت و مەرگی ڕۆڵەی خودا گەواهی لە سەر خراپەی گوناە دەدەن ، مرۆڤ ئاگادار دەکەنەوە کە هیوا نییە بۆ هەڵهاتن لە دەست هێزی گوناە، وە ئومێد نییە بۆدەست کەوتنی ژیانێکی هەمیشەیی، ئەگەر لە ڕێگای ملکەچی تەواوی گیانەوە نەبێت بۆ مەسیح. هەندێ جار ئەو کەسەی کە پەشیمان نییە لە گوناهی هەوڵ دەدا پاکانە بۆ خۆی بکات بە بەراورد کردنی خۆی لەگەڵ کە سانی زانای نێو مەسیحیەت و دەڵێ (منیش وەکوو ئەوان زیاتر قوربانی نادەن و زیاتر لە خۆبورد

نین، له من زیادتر وریا و بەئاگا نین، ئەوانیش وەک من حەز لە ڕابواردن و خۆشی ژیانی خۆیان دەکەن) بەم جۆرە پاکانە لە گوناهی خۆیان دەکەن بە بەراورد لەگەڵ گوناهی خەڵکی، بەڵام نازانن کە هەڵە و گوناهی خەڵکی هەڵە و گوناهی ئێمە کەم ناکاتەوە، لەبەر ئەوەی خودا وێنەی مرۆڤێکی ناتەواوی بە ئێمە نەبەخشیوە بەڵکو ڕۆڵەی پاک و بێ لە کەی بە ئێمە بەخشی تا نموونەی ئەو بین. ئەو کەسانەی سەرزەنشتی خوو ڕەوشتی زانا مەسیحەیەکان دەکەن و هەڵەکانیان دەبینین، دەبێ خوو ڕەوشتی خۆیان گەلێک جوانتر و باشتر بێت، جێگای مەدح و سەنای خەڵکی بن. ئەگەر بیر و ڕایەکی بەرز تریان هەیە لە وەی کە خوو ڕەوشتی مەسیحی دەبێ چۆن بێت، ئایا گوناهی ئەوان زیادتر ني یە ؟ ئەوان ڕاستی دەبینن و دەزانن بەڵام دوای ناکەون و کرداری پێ ناکەن. وریابە ، تۆبە کردن و وازهێنان لە گوناه دوانەخەی، بگەڕێ بە دوای پاککردنەوەی دڵ لە ڕێگەی مەسیحەوە، گەلێک کەس لەم ڕاستییە نەگەشتن و زیانێکی هەمیشەییان لێ کەوت، من لێرەدا نادوێم لە سەر کورتی ژیان و دڵنیا نەبوون لە ئەنجامی، بەڵام دواخستن مەترسییەکی سامناکتری هەیە لە وەی کە ئێمە دەرکی پێ دەکەین، هانا نەبردنە بەر دەرگا و گیانی پیرۆزی خودا و دواخستنی تۆبە و خۆپاککردنەوە لە گوناه مانای ئەوەیە کە ئێمە مانەوە لە نێو گوناهدا هەڵدەبژێرین لە جیاتی ڕزگاربوون و هانابردنە بەر ڕەحمەتی خودا.

گوێ پێنەدان و بە ئاسان گرتنی گوناه هەر چەندە بچووکیش بێت دەمانخاتە بەردەم زیانێکی گەورەوە، ئەگەر ئێمە گوناه نەبەزێنین ئەو دەمان بەزێنێ و ماڵ وێرانمان دەکات. ئادەم و حەوا وایان دەزانی خواردنی بەری درەختێک کە خودا ڕێگەی پێ نەداون کارێکی ئەوەندە بچووکە کە نابێتە هۆی ئەو هەموو زەرەر و زیان و چرمەسەریەی کە خودا وریای کردبوونەوە لێی، بەڵام ئەم کارە بچووکەیان دەست درێژی و سەرپێچی بوو لە یاسای پیرۆز و نەگۆڕی خودا، ئەم سەرپێچییە مرۆڤی پچڕاند و لە خودای جیا کردەوە، لافاوی مەرگ و ئازار و دەردەسەری و ماڵ وێرانی بە جۆرێک ڕووی کردە ئەم جیهانە کە وەسف ناکرێت، لە و کاتەوە هاوار و شیوەن بەرز بۆوە لە نەوەیاکەوە بۆ نەوەیەکی دی، بوونەوەران هەموو کەوتنە ناڵە و ئازار لە ئەنجامی یاخی بوونی مرۆڤ، ئاسمان-یش هەستی بەسەرکەشی مرۆڤ کرد دژ بەخودا، خاچی جەلجەسە هەمیشە ئەو قوربانییە سەیر و گەورەیە دێنێتەوە یادمان کە دەبێ بدرێت لە ئەنجامی سەرپێجی و دەست درێژییەک، هەر پشت گوێ خستن و ڕەتکردنەوەی چاکە و بەخشندەیی مەسیح کاردانەوەیەکی هەیە لە دەروونماندا، دڵ ڕەق و بێ ورە و بێ ئاگامان دەکات، نەک هەر بە تەنها مەیلمان بە لایگوێڕایەڵی مەسیح دا کەم دەکاتەوە بەڵکو کەم تواناشمان دەکات لە گوێڕایەڵی بۆ گیانی پیرۆزی خودا و بە دەنگەوە هاتنی پاڕانەوەی

بەسۆزی. گەلێک کەس هەن هەوڵی ئارام کردنەوەی ویژدان پەرێشانی خۆیان دەدەن واتێدەگەن هەرکاتێک بیانەوێت خۆیان دەتوانن ڕەوشتی خراپی خۆیان بگۆڕن، دەتوانن ڕێبازی ژیانی خۆیان بگۆڕن، هەر چەندە بە بایەخەوە گوێ ڕایەڵی بانگکردنی ڕەحمەتی خودا نەبوین و سەرپێچیان لە گیانی پیرۆزی خودا کردبێ، یان بەلای شەیتانیشدا دایان شکاندبێت. بەڵام ئەمانە هەموو هەر وا بە ئاسانی ئەنجام نادرێت، چونکە خوو ڕەوشت و زانیاریان بە تێپەڕ بوونی ڕۆژگار وا داڕێژراوە کە چەند کەسێکیان نەبێت ئەوانی دی ئارەزوو ناکەن وێنەی لێکچووی مەسیح بن. هەر ڕەوشتێکی چەوت و ئازەزوویەکی گوناهکاری چارەسەر نەکرێت و بدرێت بەدەمیەوە دەتوانێت هێزی کاریگەری ئینجیل کەم بکاتەوە، هەر چاوپۆشینێک لە گوناه دەتوانێت کینە و بێزاری گیانی دژ بەخودا بەهێز بکات. ئەو کەسەی کە سیفاتی کفر و بێ ئاینی خۆی دەردەخات، پێشانی دەدا کە بێباکە و گوێ نادات ڕاستی و پیرۆزی یاسای ئاسمانی، چی چاندووە ئەوە دروێنە دەکات. لە ووتەکانی خودادا هەڕەشەیەکی وا ترسناک دەرحەق بە کمدانانی شەڕ و گوناه نییە وەک لە ووتەی ئەو پیاوە دانایەدا هاتووە و دەڵێت کە گوناهکار "بە پەتی گوناهی خۆی دەگیرێت" (پەند ٥: ٢٢) . مەسیح ئامادەیە لە گوناه ڕزگارمان بکات، بەڵام بۆ ئەم کارە زۆرمان لێ ناکات . ئەگەر ئێمە خۆمان سوور بین لە سەر خراپە، ئارەزووی ڕزگار بوون نەکەین، ئەگەر ڕەحمەت و بەخشندەی ئەو قبوڵ نەکەین، ئیتر ئەو دەتوانێ چیمان بۆ بکات ؟ ئێمە بەڕەتکردنەوەی خۆشەویستی ئەو خۆمان لە ناو دەبەین "ببینن، ئێستایە کاتی قبووڵ کردن، ببینن، ئێستایە ڕۆژی ڕزگاری"، "ئەمڕۆ، ئەگەر گوێتان لە دەنگی خودا بوو، دڵتان ڕەق نەبێت." (٢ کۆرنسۆس ٦: ٢)، (عیبرانیەکان ٣: ٨، ٧). "مرۆڤ دەڕوانێتە چاوو ڕواڵەتی دەرەوە، بەڵام خودا دەڕوانێتە دڵ." (سامۆنیل ١٦: ٧)، بەڵێ، دەڕوانێتە دڵی مرۆڤ کە جۆرەها ناکۆکی و هەستی خۆش و ناخۆشی تێدایە، دڵی سەر لێشێواو، کە پڕە لە درۆ و گوناه و پیسی. خودا هەموو مەبست و ڕاز و نیازێک ناو دڵ دەبینێ . ئەی گوناهبار ڕوو بکەرە خودا، بە هەموو خراپە و پیسییەکەوە خۆتی بخەرە بەردەم، هەموو نهێنی یەکی دڵی خۆتی بۆ دەرخە چونکە ئەو ئاگای لە هەموو شتێکە، هاوار بکە و ووشەکانی داود بڵێرەوە کە ووتی "خودایە بم پشکنەو دڵم بناسە، تاقیم بکەرەوە بیرو ڕام بناسە، ببینە ئەگەر لە سەر ڕێگای چەوت و خراپەم بمخەرە سەر ڕێگای ڕاستی هەمیشەیی" (سروود ١٣٩: ٢٣، ٢٤ ). گەلێک کەس هەن ئاین بە شێوەی بیرکاری پەتی (عەقڵانی) لە وێنەی خودا ناسیدا قبوڵ دەکەن، لە کاتێکدا هێشتا دڵیان پاک نەبۆتەوە، با نوێژ و پاڕانەوەیان ئەمە بێت "خودایە دڵکی پاکم تێدا دروست بکە، گیانێکی ڕاست لە دەرونمدا نوێ بکەوە" (سروود ٥١: ١٥) ڕاستبە

لەگەڵ دەروونی خۆت، هەموو هەوڵێک بدە بۆ بە تەنگەوە هاتن و ڕاستی، ئەگەر لە بەردەم مەترسی لە دەستدانی ژیانیشتا بیت، ئەمە کارێکە کە دەبێ لە نێوان خۆت و خودادا یەکلا بێتەوە، چونکە پشت بەستن بە هیوایەکی خەیاڵی، ئەمر کارە بە تەنها بەسە بۆ لە ناو بردنمان وشەی خودا لە نێو پاڕانەوەی نوێژدا بخوێنە، یاسای خودا، ژیانی مەسیح، بڕوای پاکی و پیرۆزی بۆ تۆ دەناسێنێت، کە "بێ ئەو کەس خودا نابینێت" (عیبرانیەکان ١٢: ١٤)، لە سەر گوناهەکانت ڕازیت دەکات، ڕێگەی ڕزگاریت بەڕوونی بۆ دەردەخات، گوێ ڕایەڵ بە لە دەنگی خودا کە لەگەڵ گیانت دەدوێت، کە هەست بە گەورەی گەناە و دەکەیت، و خۆتت بۆ ئاشکرا دەبێت بەو شێوەیە کە هەیت، تەسلیمی نائومێدی مەبە مەسیح لە پێناوی ڕزگاری گوناهکاراندا هات. چ خشەویستییەکی سەیرە ! ئێمە لەگەڵ خودا ئاشت نابینەوە، بەڵکو ئەو لە ڕێگەی مەسیحەوە "جیهان بە خۆی ئاشت دەکاتەوە" (٢ کۆرنسۆس ٥، ١٩)، خودا بەخۆشەویستی و بەزەییەوە دڵنەوایی منداڵانی ئاوارەی دەکات، هیچ باوکێک لە بەشەری سەر ڕووی زەوی هێندە هێمن و ئارام نییە کێ وەکو خودا بەخشندە و بە سۆزە بۆ گوناهکاران؟ ئایا لێوی مرۆڤ پاڕانەوەی پڕ لە هەست و ناسکتری هەڵڕشتووە بەو جۆرەی کە خودا دەیکات بۆ مرۆڤی سەر لێشێواو؟ ڕاستە، هەموو بەڵێنەکانی، وریا کردنەوەکانی، بریتین لە شەماڵی خۆشەویستییەکی بێ وێنە. کە شەیتان دێ دڵت کرمێ دەکا و پێت دەڵێت تۆ گوناهکاری، گوناهکاری گەورە . ڕووت بکەرە ڕزگارکەرت و لە گەورەیی و دەسەڵاتی ئەو بدوێ، ڕوانین لە ڕووناکی ئەو یارمەتیت دەدا کە دان بە گوناهەکانتدا بنێیت، بەڵام بە دوژمن بڵێ "عیسا مەسیح هات بۆ جیهان کە گوناهکاران ڕزگار بکات" (١ کۆرنسۆس ١؛ ١٥)، عیسا پرسیارێکی لە سومعان کرد سەبارەت بەدوو قەرزار، یەکێکیان قەرزێکی کەمی لە سەربوو ئەوی کەیان قەرزێکی زۆر، سەرۆکەکەیان لە هەردوکیان خۆش بوو، کامیان سەرۆکەکەی زیادتر خۆش دەوێ و سوپاسی دەکات ؟ سومعان لە وەڵامدا ووتی "ئەوەی زیادتر بەخشراوە" (لۆقا ٧؛ ٤٢)، ئێمە گوناهکاری گەورە بووین بەڵام مەسیح مرد تا ئێمە ببەخشرێین، گەورەیی و لە خۆبوردن و قوربانییەکانی مەسیح شایستەی ئەوەن کە تکای لێخۆش بوونمان بۆ بکات لە لای باوک . ئەوانەی کە خودا زیادتر بە خشیونی پتر ئەویان خۆش دەوێ، نزیکتر دەبن لە عەرشی بۆ ستایشی خۆشەویستی و قوربانی بێ پایانی ئێمە هەر چەند پەی بەرین بە خۆشەویستی خودا باشتر سرووشتی بەدی گوناە دەناسین و دەزانین کە چەند شتێکی خراپە، کاتێک تێ دەگەین لە خۆبەخت کردنی بێ سنووری مەسیح کە لە پێنا و ئێمەدایە کردوویەتی دڵمان لە سۆز و پەشیمانیدا دەتوێتەوە.

٤

# دان پێدانان

”ئەوەی گوناهی داپۆشێ سەرناکەوێ و دەرناچێت، بەڵام ئەوەی دانی پێدا نێت و وازی لێ بهێنێت ڕەحمی پێدەکرێت“ (پەند ٢٨: ١٣)، ئەو مەرجانەی کە خودا دای دەنێت بۆ بە دەست هێنانی ڕەحمەت و لێخۆش بوونی، ئاسان و داد پەروەر و سادەیە، لە پێناوی لێ بوردنی گوناهماندا خودا داوای کارێکمان لێ ناکات کە تووشی نارەحەتی بین، داوای گەشتی دوورمان لێ ناکات کە ژیانمان دووچاری نارەحەتی بکات بۆ چوونە حەج و سەر مەزاری، ئەمرمان پێ ناکات ئازاری گیان و نەفسی خۆمان بدەین بەرانبەر لێ بوردن و پاک کردنەوەی گوناهەمان. خودا تەنها داوای ئەوەمان لێدەکات کە بەڕاستی دان بە گوناهی خۆماندا بنێین و دەستی لێ هەڵگرین تا ڕەحمەت و لێ بوردنی ئەومان پێ بگات. یاقوبی پێغەمبەر دەڵێ ”لای یەکتر دان بە گوناهەکانتاندا بنێن، لە پێناوی یەکتردا نوێژ بکەن و بپاڕێنەوە تا چاکبنەوە“ (یاقوب ٥: ١٦)، با لەبەر دەم خودا دان بەهەڵەی خۆماندا بنێین، چونکە هەر ئەو دەتوانێت بمان بەخشێت، هەروەها با بۆ یەکتر دان بە هەڵەی خۆماندا بنێن، ئەگەر هەڵە یان خراپەیەکت کردووە بەرانبەر بە هاوڕێت یەن دراوسێت، فەرمانی سەرشانتە کە دان بە چەوتی خۆتدا بنێیت، هەروەها ئەرکی ئەویشە کە لێت ببورێت، پاشان پێویستە بپاڕێتەوە کە خودا بتبەخشێت، چونکە ئەو کەسەی کە تۆ دڵت بریندار کردووە موڵکی خودایە، ئەگەر زیانت لێ دا تۆ گوناهت کردووە دژ بە خودا کە دروست کەرمانە . دوای دان پێدانان بە گوناە کێشەکە دەبرێتە بەردەم ناوبژێکەری ڕاستی، گەورەترین سەرۆکی کە هەنە ئەو ”لە هەموو ڕوویەکەوە وەکو ئێمە تاقی کراوەتەوە، و بێ گوناهە“ کەوا ”پشتگیر و ئاگادارمانە لە لاوازیدا“ وە دەتوانی لە هەموو لە کەیەکی گوناە پاکمان بکاتەوە (عیبرایەکان ٤: ١٥). ئەو کەسانەی گیانیان مل کەچی خودا نەکردووە دانیان بەگوناهەکانیاندا نەناوە، هێشتا یەکەم مەرجی وەرگرتنی ڕەحمەتی خودایان قوبوڵ

نەکردووە، ئەگەر ئێمە لە کانگای دڵمانەوە دان بە گوناهەکانماندا نەنێین، بە دڵێکی پاک و بەڕاستی لە هەڵەکانمان نەدوێین، وە بە چاویکی سەرزەنشت و خراپەوە سەیری گوناه نەکەین، مانای ئەوەی ئێمە هەرگیز بە ڕاستی داوای بەخشینی گوناهمان نەکردووە، ئەگەر داوامان نەکردبێت هەرگیز ئاشتی و ڕەحمەتی خودا نابینین . هیچ هۆیەک نییە کە لە بەخشینی گناه و ڕەحمەتی خودا بێبەشمان بکات جگە لە وەی کە خۆمان ئارەزوومەند نین سەردانەوێنین لە بەردەمی خودا و گوێڕایەڵی ووشەی ڕاست بین. خودای گەورە لەم بارەیەوە بە ئاشکرا بۆی ڕوون کردووینەوە کە دان پێدانان بە گوناهەکانمان چ لە دڵی خوتدا بە تەنها یان بە ئاشکرابێت، پێویستە لە کانگای دڵەوە دەربچێت و دەربڕینی ئەو ئازاردانە بێت، نابێ بە زۆر لە زمانی گوناهکار بکێشێتە دەرێ یان هەر قسە و ووشەی بە تاڵ بێت بە بێ ئەوەی هەست بە زۆری گوناهی خۆو و نەفرەت کردن و پەشیمانی بکات. دان پێدانانی ڕاست و دروست بە گوناهدا کە بەرەو ڕێگای ڕەحمەت و بەخشینی میهرەبانی بێ پایانی خودا دەچێ، ئەوەیە کە لە ناخی دەروون و و کانگای دڵەوە دەردەچێت، هەر وەک داود دەڵێ "خودا لە دڵ شکاوانەوە نزیکە، و ئەوانە ڕزگار دەکات کە ڕووحی پەشیمانیان هەیە" (سروود ٣٤: ١٨). دان پێدانانی ڕاستی هەمیشە ڕێگا و سیفەت و ناو و نیشانی دیاری کراوی خۆی هەیە، مامەڵەی خۆی هەیە، مامەڵە و کارکردنە بۆ سەلماندنی گوناهێکی دیاریکراو، ڕەنگە سروشتی گوناهەکە لە و جۆرە بێت کە دەبێ تەنها ببرێتە بەردەم خودا یان ڕەنگە لە و جۆرە گوناهانە بێت کە ڕاست نییە دانیان پێدا بنرێت لای ئەو کەسانەی کە بەهۆیانەوە تووشی زیان و چەرمەسەری هاتوون، یان لە وانەیە سیفەتێکی گشتییان هەبێت ئەو کاتە دەبێ دان پێدانانەکە گشتی بێت. بەڵام تەواوی دان پێدانان دەبێ دیاری کرابێت، وە پەیوەندی بە سروشت و بابەتی ئەو گوناهانەوە هەبێت کە کردومانن و دانیان پێدا دەنێین.

لە سەردەمی سامۆئیل ئیسرائیلیەکان لە ڕێی خودا لایان دا، لە ئەنجامی تووشی زیان و ناڕەحەتی بوون، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە خودا نەمابوو، بە چاوی



گومانەوە سەیری توانای خودایان دەکرد کە بیان پارێزێ و بەرگری لە بوونیان بکات، ڕوویان وەرگێڕا لە خودای فەرمان ڕەوای جیهان کە هەموو کارێکی بە دەستە، ئارەزوویان کرد کە پادشای خۆیان هەبێت وەک میللەتانی دراوسێیان، ئاشتی و ئاسوودەییان نەدی تا ڕوویان نەکردە بەر دەرگای ڕەحمەتی خودا، و بە سامۆنیل یان ووت "ئێمە بەدییەکی ترمان خستە سەر گوناهمان کە داخوازی پادشای خۆمان کرد ." (سامۆنیل ١٢: ١٩)، سپڵەیی و پێ نەزانین بوو کە تووشی ئازار و ناڕەحەتی کردن و لە خودا دای برین. دانپێدانان لە لایەن خوداوە قبووڵ ناکرێت ئەگەر تۆبە و خۆ چاککردنی دڵسۆزانەی لەگەڵ دا نەبێت، پێویستە بڕیاری گۆڕینی ژیان بدرێت، هەر کارێکی خراپی دژ بە خودا دەبێ بخریتە کەنار و سەرزەنشت بکرێت ئەمەش دێتە دی لە ئەنجامی دان پێدانان و پەشیمانییەکی ڕاست لە سەر گوناە. بەڵام ئەو کارە چاک و خێرانەی کە دەبێ خۆمان بیکەین، بە ڕوون و ئاشکرا خراوەتە بەردەممان "خۆتان بشۆن و خۆتان پاک کەنەوە ، بەدکاریەکانتان لە بەرچام لابەن، واز لە کاری خراپ بێنن فێربن کاری چاکە بکەن، بە دوای ڕاست و دادپەروەریدا بگەڕێن، ستەم لێکراوان ڕزگار کەن، ڕەحم بکەن بە هەتیوان، بێوەژنان بپارێزن" (ئەشعیا ١: ١٦، ١٧) "ئەگەر بەدکارێک بارمتەکەی بداتەوە، ئەوەی دزیویەتی بیگەڕێنێتەوە، بە دڵەوە ڕێگای یاسای ژیان بگرێت دوور لە بەدکاری و گوناە، بێگومان دەژی و نامرێ." (حەزقێل ٣٣: ١٥) ، پۆڵس لە کاری تۆبە دەدوێ و دەڵێ "سەیر کەن ئەو غەمبارییەی لە خوداوە هات، چی لە ئێوەدا دروست کردووە، چ پەرۆشییەک، چ حەزێک بۆ داد پەروەری! بەمانە ئێوە دەرتان خست لە و شتانە هەمووی بێ تاوانن کە ڕووی داوە" (٢ کۆرنسۆس ٧: ١١) کاتێک کە گوناە هەستی ڕەوشت دەکوژێ، گوناهکار والێ دەکات کەم و کووڕیەکانی خۆی نەبینێت، هەست بە زۆری خەتا و گوناهەکانی نەکات کە کردوویەتی تا ئەو ملکەچی هێز و ئامۆژگارییەکانی گیانی پیرۆز نەبێت، گوناهەکانی نابینێت بە تەواوی ، دان پێدانەکانی دوورن لە ڕاستی و دڵسۆزییەوە، بۆ هەر دان نانێک بە گوناهیدا بیانوویەک دەهێنێتەوە و دەڵێ ئەگەر لە و هەل و مەرجە تایبەتی یەدا نەبوایە گوناهەی نەدەکرد کە لە سەری سەرزەنیشت دەکرێت. ئادەم و حەوا پاش ئەوەی کە لەبەر ی درەختی قەدەخەکراویان خوارد، هەستیان بەشەرم و ترس کرد، هەر لە سەرەتاوە بیریان لە وە کردەوە کە چۆن بیانوو بۆ گوناهەکەیان بدۆزنەوە، تا لە فەرمانی مردنی ترسناک ڕزگاریان بێت، کاتێک خودا پرسیاری لێکردن دەربارەی گوناهەکەیان، لە وەڵامدا ئادەم بەشێکی خەتاکەی خستە سەر خودا و بەشێکی کەی خستە سەر هاوبەشکەی ووتی "ئەو ژنەی کردت بە هاوسەرم، ئەو بەری درەختەکەی دامێ و من-یش خواردم

.” ژنەکەش خەتاکەی خستە سەر مار و ووتی ”مارەکە هەڵی فریواندم و من-یش خواردم.“ (دروست بوون ٣: ١٢، ١٣). حەوا بۆ بیانوو هێنانەوە لە سەر گوناهەی کەوتە گلەیی کردن لە خودا و ئەوی کردە هۆی تێکەوتنی هەڵەکەیان، ووتی؛ بۆچی مارت دروست کرد؟ بۆ ڕێگات پێ دا بێتە ناو بەهەشتی عەدەن؟ گیانی خۆپەرستی و خۆ نەجات دان لە دەست لێپرسینەوەی هەڵە و گوناە هەر لە سەرەتاوە دەستکردی شەیتان بووە کە بە باوکی درۆ ناسراوە، لە شەیتانەوە بڵاو بۆوە بۆ هەموو منداڵانی ئادەم و حەوا، ئەم جۆرە دان پێدانانەی گوناە لەگەڵ سرووشتی ڕۆحی خودا ڕێک ناکەون و هەرگیز خودا پێی ڕازی نابێت . بەڵام تۆبەی ڕاست و دروست وا لە مرۆڤ دەکات کە خۆی هەڵگری گوناهی خۆی بێت، وەدانی پێدا بنێت بێ فێڵ و دوو ڕوویی، هەر وەک باجگری هەژار کردی و کە بە خۆیدا ڕانەپەرموو ڕووی بەرز کاتەوە بەرەو ئاسمان، بەڵکوو هاواری کرد و ووتی ”خودایە ڕەحم بکە بە منی گوناهکار“ ئەو کەسانەی دان بە گوناهی خۆیاندا دەنێن پاکدەبنەوە و ڕزگاریان دەبێ چونکە عیسا بە خوێنی خۆی پاکانە دەکات بۆ پاککردنەوەی هەر گیانێکی تۆبە کار. ئەو نمونانەی کە لە ووشەی خودادا هەیە سەبارەت بە ملکەچی لە ئاستی تۆبە کردنی ڕاستەقینەدا، گیانی دان پێدانانی ڕاست و دروستی بێ بڕوو بیانومان بۆ ڕوون دەکاتەوە . بۆ نموونە ؛ پۆڵس هەوڵی پاکانە و خۆپەڕاندنەوەی نەدا بچووکی بکاتەوە، دەڵێ ”گەلێک لە قەدیسەکەنم زیندان کرد، دەستورم وەرگرت لە سەرۆکانی کە هەنە، کە دەکوژران منیش دەنگی خۆمم دابوو بۆ کوشتنیان، لە هەر کڵێسەیەکدا بوونایە دوایان دەکەوتم و ناچارم دەکردن بە کفر کردن و جنێودان، ئەو پەڕی توندوتیژیم لەگەڵ دا بەکار دەهێنان، ئازارم دەدان و دەرم دەکردن بۆ شارانی دوور،“ (کردەوە ٢٦: ١٠، ١١) بەڵام دوو دڵی نەکرد بڵێ ”عیسای مەسیح هات بۆ جیهان تا گوناهکاران ڕزگار بکات کە من یەکەمینیانم“ (تیمۆساوس ١: ١٥). بەڵێ، بە ملکەچی و تۆبە کردنی ڕاست و دروست، گوناهکار دەتوانێ بڕێک لە خۆشەویستی خودا، و بڕێک لە نرخی گرانی خاچی جەلجەسە پێ بزانێت و ڕێزیان لێ بگرێت، ڕوو دەکاتە خودا وەک کوڕێکی گوێڕایەڵی دان بە هەموو گوناهەکانیدا دەنێت و لە قوڵایی دڵەوە پەشیمانی خۆی پیشان دەدات، چونکە نوسراوە ”ئەگەر ئێمە دان بە گوناهەکانماندا بنێین، خودا ئەمین و داد پەروەرە کە لە گوناهمان خۆش دەبێت و لە هەموو هەڵە و ناڕاستییەک پاکمان دەکاتەوە“ (١ یۆحەننا ١: ٩).

٥

# خۆبەدەستەوەدان

پەیمانی خودا ئەمەیە: ”ئەگەر بە هەموو دڵتانەوە بە دوومدا بگەڕێن دەمبینن و دەمدۆزنەوە“ (ئیرمیا ٢٩: ١٣). تەواوی دڵ دەبێ بدرێ بە خودا و تەسلیمی بێت وانەبێت هەرگیز ناگۆڕێن وچاک نابین کە وەک وێنەی و نموونەی ئەو بین، ئێمە بە سرووشت دوژمن بە خوداین، ڕووحی قودس بەم جۆرە باسمان دەکات: ”ئێوە لە ڕابردوودا مردوو بوون لای خودا بە هۆی گوناه و هەڵەکانتان.“ (ئەفەسۆس ٢: ١)، هەروەها ”سەر هەموو نەخۆشە، دڵ هەموو لاواز و گێژ.“ ”هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە“ (ئەشعیا ١: ٥، ٦)، ئێمە کەوتووینە تەڵەی شەیتانەوە، بەپێی ویستی ئەو دیل کراوین، ”لەلایەن شەیتانەوە دیل کران تا بۆ نیازی خۆی بەکاریان بێنێت“ (٢ تیمۆساوس ٢: ٢٦)، خودا دەیەوێت تیمار و ڕزگارمان بکات، ئەم دوو نیازە گۆڕین و تازەکردنەوەیەکی بنەڕەتی دەوێت لە خوو ڕەوشتمان، ئێمە پێویستە بەتەواوی خۆمان تەسلیمی خودا بکەین . جەنگی دژ بە ”خۆ“ گەورەترین جەنگە کە ئێستا ڕووی داوە، خۆ تەسلیم کردن وملکەچی بۆ ویستی خودا، هەوڵ و کۆشش و جەنگێکی قورسی دەوێ، گیان پاک وتازە نابێتەوە تا بەتەواوی خۆمان تەسلیمی خودا نەکەین و ملکەچی فەرمانەکانی نەبین.

خواستی خودا بەو جۆرە نییە کە شەیتان بۆمان دەردەخات، لە سەر بڕیار و فەرمانی بێ بەڵگە و تەسلیمی کوێرانە دانەمەزراوە، خودا لەگەڵ ئەقڵ وهۆشمان دەدوێت، بانگمان دەکات: ”وەرن با بە بەڵگەوە لێی بدوێین“ (ئەشعیا ١: ١٨)، خودا زۆر لە دروست کراوانی خۆی ناکات کە ملکەچی فەرمانەکانی بن، پەرستن و ملکەچی قبووڵ ناکات ئەگەر لە هۆش و ویستی دەروونەوە هەڵنەقوڵابێت، ملکەچی و تەسلیم بوونی بە زۆر دەبێتە کۆسپ لە بەردەم ڕێی پێشکەوتن و گەشەکردنی بیر و هۆش و کەسایەتی مرۆڤ، مرۆڤ دەکات بەمەکینەیەکی بێ هەست، خودا بۆ ئەو مەبەستە ئێمەی دروست نەکردووە، بەڵکو خودا ئارەزوو دەکات مرۆڤ کە شاکار

و دەستکردی خۆیەتی بێگەیێت بەوپەڕی پێشکەوتن و پێگەیشتن، زیادترین بەرەکەتی خستۆتە بەردەستمان کە لە ڕێی ڕەحمەت و بەخشینی ئەوەوە پێی دەگەین. بانگمان دەکات کە خۆمان تەسلیمی ئەو بکەین تا ویستی ئەو ڕێپیشاندەرمان بێت و کارمان تێ بکات، بڕیاری داوەتە دەست خۆمان بۆ هەلبژاردن لە نێوانی؛ مانەوە لە کۆیلایەتی و دیلیەتی گوناه، یان هاوبەشی لە ڕزگاری و پایە بڵندی منداڵانی خودا کە لە ڕەحمەت و بەرەکەتی خوداوە پێیان دەگات. لە خۆتەسلیم کردنمان بە خودا دەبێ بێ چەندوو چوون دەست هەڵگرین لە هەموو ئەو شتانەی کە جیامان دەکاتەوە لە خودا. عیسا لە کاتی قسە کردن لەگەڵ شاگردەکانی ووتی "هەریەکە لە ئێوە ئەگەر هەموو ماڵی بەجێ نەهێڵێت ناتوانێ ببێت بە موریدی من." (لۆقا ١٤: ٣٣)، هەر شتێک ببێتە هۆی دلگۆڕین لە خودا پێویستە وازی لێ بهێنرێت . ماڵی دونیا بتێکە گەڵێ کەس دەیپەرستن، خۆشەویستی بۆ پوول و ئارەزووی سامان و دەڵەمەندی زنجیرێکی زێڕینە کە دەیانبەستێت بە شەیتانەوە . چینێکی دی ناوبانگ و پلە و پایەی ئەم جیهانە دەپەرستن، دەستەیەکی دی ژیانی تەمبەڵی و خۆپەسندی و بەرپرسیار نەبوون دەپەرستن. بەڵام ئەم هەموو کۆت و زنجیری کۆیلە و نۆکەرایەتی یە دەبێ بشکێنرێن، ئێمە ناتوانین ژیانمان دابەش بکەین لە نێوان خودا و جیهاندا، ئێمە ناتوانین ببینە منداڵی خودا تا خۆمان بە تەواوی نەدەین بە دەستەوە.

کەسانێک هەن کە دەڵێن ئێمە خودا دەپەرستین، بەڵام تەنها پشت بەخۆیان دەبەستن لە پەیڕەوی یاساکانی خودا، بۆ هێنانەدی خوو ڕەوشتی چاک، بۆ ڕزگاری ونەجات بوون لە تەنگ و چەڵەمە. ئەمانە دڵیان نەبزواوە بە هستی قووڵی خۆشەویستی مەسیح، ئەم جۆرە کەسانە بە شێوەیەکی مردوو مامەڵە لەگەڵ ئەرکەکانی ژیانی مەسیحدا دەکەن وادەزانن بەوە دەچنە بەهەشت . ئەمە خودا پەرستی نییە کە دەیکەن؛ بەڵام کەی مەسیح لە دڵماندا ژیا، گیانمان پڕبوو لە خۆشەویستی و خۆشبەختی هاوڕێ کردنی ئەو، وە مەسیح-مان کردە مەڵبەندی بیر و ڕامان ئەوسا "خۆ" لە بیر دەکەین و خۆشەویستی بۆ مەسیح دەبێت بە سەرچاوەی کردەوەمان . ئەوانەی هەست بە خۆشەویستی خودا دەکەن، ناڕوانن ژیانی مەسیحیەتی وەک فەرمانێک کە دەبێ بیکەن، بەڵکو مەبەستی تەواویان لێکچوونە لەگەڵ وێنەی مەسیح، وە کارکردنە لە سەر خواست وویستی ئەو، بەئارەزوویەکی قووڵەوە هەموو تەسلیم دەبن، حەزێکی وا پێشان دەدەن کە شیاوی نرخی مەبەستەکەیان بێت، دان نان بە مەسیح دا ئەگەر لە خۆشەویستییەکی قووڵەوە نەبێت، تەنها قسەیە و کارێکی ڕۆتین و ژیانێکی کۆیلایەتتە. وا هەست دەکەیت تەسلیم بوون بە مەسیح قوربانییەکی یەکجار گەورەیە؟ لە خۆت بپرسە مەسیح چی بە

مـن داوه؟ ئـەو بـۆ نەجـات و کڕینـەوەی ئێمـە هەمـوو ژیـان و خۆشـی و خۆشەویسـتی خـۆی دانا، ئایا ئێمە شایسـتەی خۆشەویسـتییەکی ئاوا گـەورە نیـن؟ ئایـا دەبـێ دڵمانـی لـێ بـێ هەسـت کەیـن؟ چونکـە ئێمە هەموو چرکەیەکـی ژیانمان هاوبەشـی خێـر و خۆشـی و چاکـەی ئەویـن، لەبـەر ئـەوە ناتوانیـن بـە چاکـی هەسـت بـە قوڵایـی ئـەو نەزانیـن و سـەرگەردانییە بکەین کە ئـەو لێـی ڕزگار کردیـن، ئایا دەتوانیـن ببینیـن کـە بەگوناهەکانـی ئێمـە برینـدار کـراوە، ئینجـا لـە خۆشەویسـتی و خۆبەختکردنـی ناڕەحـەت بیـن ؟ ئایـا دەتوانیـن هێمنـی بـێ فیـزی بـێ سـنووری ئـەو ببینیـن و پاشـان ورتـەو بۆڵـەی ئەوەمـان بێـت کـە گوایـە ڕێ نییـە بـۆ چوونـە نـاو ژیانـی خواپەرستی مەگـەر بـە کێشـمەکێش و سـەرکوێر کردنـی خـۆ نەبێـت ؟ هەندێـک کەسـانی لـە خۆبایـی دەپرسـن و دەڵێـن ؛ بۆچی دەبـێ خوشـکاندن و تۆبـە و پەشـیمانی بنوێنین بـۆ دڵنیـا کردنـی خـودا لە قبـووڵ کردنمـان ؟ بۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە پەنجـە ڕادەکێشـم بـۆ مەسـیح خـۆی کـە پاک و بـێ گوناه بـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا کـە سـەرداری ئاسـمان بوو، بـەڵام لە پێنـاوی ئێمـەی مـرۆڤ بـوو بـە گونـاه "لـە ڕیزی خەتـاکاران ژمرێـردرا، گوناهی کەسـانێکی زۆری هەڵگـرت و بـۆ گوناهـکاران پاڕایـەوە" (ئەشـعیا ٥٣: ١٢ ). بـەڵام ئـەو (هەمـووە) چییـە کـە ئێمـە دەبـێ بیدەیـن بەخـودا؟ ئـەوە دڵێکـە، دڵێکـی ناپاکـی پـڕ لـە گونـاه، کـە مەسـیح دەیـەوێ بـە خوێنـی پاکـی خـۆی خاوێنـی بکاتـەوە و ڕزگاری کات بـە خۆشەویسـتی بـێ پایانـی. کەچـی لەگـەڵ ئەمەشـدا هێشـتا خەڵکـی بـە زۆری دەزانـن کـە ئـەم (هەمـووە) بـدەن! بـە ڕاسـتی جێـی شـەرمە. خـودا داوای ئەوەمـان لێنـاکات کـە دەسـت لـە بەرژەوەندیەکانـی خۆمـان هەڵگریـن، بـۆ هەمـوو کارێکی کـە دەیکات خێر و خۆشـی منداڵانـی دەخاتـە پێش چـاو، خۆزگە هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە هێشـتا مەسـیح-یـان هەڵنەبـژاردووە ئـەو ڕاسـتیەیان دەزانـی کـە ئـەوەی مەسـیح دەیەوێـت بیبەخشـێ پێیـان گەلێـک زیادتـرە لـە وەی کـە ئـەوان بـۆ خۆیانـی داوادەکـەن. کاتێـک مـرۆڤ بیـر لـە دژایەتـی ڕێـگای خـودا دەکاتەوە و دژی خواسـتەکانی ئەو کاردەکات، گەرەتریـن زیـان بەخـۆی دەگەیێنێت، چونکـە خۆشـی و بەختیـاری ڕاسـتەقینە وەرناگریـن لـە گرتنـی ڕێـگای ناڕاسـت و قەدەغە کـراوو دەرچـوو لـە داواکاریەکانـی خـودا. خـودا خـۆی خێر و خۆشـی دەسـتکردی خـۆی دەزانێ، ڕێـگای گونـاه و دەسـت درێـژی دەمانگەیێنێتـە بەدبەختـی و سەرلێشـیوان هەڵەیـە ئەگـەر وابزانیـن کە خـودا ڕازییە بـەوەی منداڵانی خۆی ببینێـت کـە لـە ناخۆشـیدان، چونکـە هەمـوو ئاسـمان بـە تەنگ بەختیـاری مرۆڤەوەیـە، باوکی ئاسـمانیمان دەروازەی شـادی و بەختـەوەری خـۆی لـە مندالانـی داناخـات، بـەڵام داوامـان لێدەکات کە نوقمی کەیف و خۆشـی خۆپەرسـتی خۆمـان نەبیـن کـە تەنهـا ئـازار و نائومێدیمان بۆ دەهێنێـت و دەروازەی بەهەشـت و خۆشـیمان لێدادەخـات . ڕزگارکـەری جیهـان بـەو جـۆرەی

کـە هەیـن قبووڵمـان دەکات، واتـە: بـە هەمـوو لاوازی و کـەم و کـوڕی و ناتەواویمانـەوە، ئـەو نـەک هـەر تەنها لە گونـاە پاکمان دەکاتـەوە و بە خوێنـی خـۆی دەمـان کڕێتـەوە، بەڵکـو ئامادەیە کـە ئارەزووەکانـی هەمـوو ئەو کەسانەش بێنێتە دی کـە بانگکردنـی ئـەو قبـووڵ دەکـەن و بـاری هەڵدەگرن. ئەو دەیەوێت ئاشتی و ئاسوودەیی بـدات بـە هەمـوو ئەوانـەی کـە دێـن بـۆ لای بـۆ نانـی ژیـان. ئـەو تەنهـا داوای ئەوەمـان لێدەکات ئـەو کارانـە بکەیـن کـە ڕێنوێنـی هەنگاوەکانمان بـۆ ئەوپـەڕی شـادی و بەختـەوەری، کـە فەرمان شـکێنەرانی خـودا هەرگیـز پێـی ناگـەن. ژیانـی بەختیـاری ڕاستەقینە ئەوەیـە کـە مەسـیح "هیـوای شـکۆمەندی" لـە دەروونماندا دروسـت بـکات. گەلێ کەس دەپرسـن "چۆن خـۆم بدەمە دەسـت خودا؟" تۆ حـەز دەکەیت خـۆت بدەیتە دەسـت خـودا، بـەڵام هەسـت بـە لاوازی خـوو ڕەوشـت دەکەیت، کۆیلـەی گومان و دوو دڵیت، خـووە شـەڕاویەکانی ژیانـت دیلـی کردوویـت، دەسـتت گرتـووە بـە گوریسـی گوناهتـەوە، بێ پەیمانـی و ورەت ڕووخـاوە، بیـر و هەسـت و سـۆزی خـۆت بـۆ کۆنتـرۆڵ ناکرێـت، بـڕوات بە دڵسـۆزی خـۆت نەمـاوە وا هەسـت دەکەیت کە خـودا تـۆ قبـووڵ نـاکات. بـەڵام نائومێـد مەبـە، ئـەوەی تـۆ پێویسـتتە لـەم کاتـەدا ئەوەیـە کـە بەڕاسـتی لـە هێـزی ویسـت وئیـرادە تـێ بگەیت ئەمـە هێـزی بزوێنەر و فەرمان گێڕە لە سروشـتی مرۆڤـدا، هێـزی هەڵبژاردنـی داوە بـە مـرۆڤ، وەسـتاوە لە سـەر ئەوەی چۆن بەکاری دەهێنن، ئەگـەر تۆ نەتوانـی دڵت نوێ بکەیتـەوە، نەتوانی هەسـتی خـۆت بـدەی بە سـۆز و خۆشەویسـتی خـودا، بـەڵام دەتوانـی وای هەڵبژێریـت کـە لـە خزمەتـی ئـەودا بیـت، ئەوسـا ئـەو کار دەکاتـە سـەر دڵـی تـۆ و تـەواوی سروشـتت دەکەوێتـە ژێر ڕکێفی گیانی مەسـیحەوە، هەسـت و سۆزت لـە دەوری ئـەو کۆدەبنـەوە، هەسـت و بیـرت لە هارمۆنیـدا دەبێـت لەگـەڵ ئـەودا.

ئـارەزوو بـۆ چاکـە و پیرۆزێتـی تـا ئـەو شـوێنە بـڕۆن باشـن، بـەڵام ئەگەرهـەر لـە سـنووری ئـارەزوو مانـدا مانـەوە و وەسـتان، بە کەڵکـی هیچ نایـەن. گەلێ کەس هیـوا و ئارەزوو دەکـەن ببـن بـە مەسـیحی بـەڵام لەبەر ئـەوەی خۆیـان نەداوەتـە دەسـت خودا، وە مەسـیحیان هـەڵ نەبـژاردووە، وون دەبـن.

لـە ڕێگـەی بـەکار هێنانـی "ویسـت و ئیـرادە" بـە ڕاسـت و دروسـتی، وە خـۆ تەسـلیم کـردن بـە مەسـیح، گۆڕانێکـی گشـتی لـە ژیانتدا دروسـت دەبێ، تـۆ دەبیـت بەهـاو پەیمانانـی هێـزی ئاسـمانی کـە لـە سـەروو هەمـوو پادشـاو دەسـەڵاتێکەوەیە. ئەوسـا هێـزی ئاسـمانیت دەبێـت کـە دەتپارێـزێ و لـە ناخـەوە پتـەوت دەکات. بەخـۆ بەدەسـتەوە دانـی هەمیشـەیی بە خـودا دەتوانـی ژیانێکی نوێ بژیـت، ژیانی باوەڕ.

٦

# باوەڕ و پەیڕەوی کردنی

کاتێک گیانی پیرۆز ویژدانت زیندوو دەکاتەوە، ئەوسا تۆ بڕێک لە بەدی و خراپەی شەڕی گوناە هەست پێ دەکەیت، هێزی گوناە دەبینیت لەگەڵ هەموو تاوان و ماڵ وێرانیەکانی، ئەوسا نەفرەت لە گوناە دەکەیت و ڕقت لێی هەڵدەستێ، هەست دەکەی کە گوناە تۆی لە خودا جیا کردۆتەوە، بە زنجیری کۆیلایەتی هێزی شەڕ و خراپە تۆی بەستۆتەوە. ئەوسا چەند زۆرتر هەوڵ دەدەیت و تێدەکۆشی خۆت ڕزگار بکەیت، زیادتر خۆت بێ دەرەتان و بێ دەسەڵات دەبینیت، هۆ و بەڵگەکانت پاک نین؛ دڵت پاک نییە؛ ژیانت پڕە لە خۆپەرستی و گوناە، ئارەزووی لێخۆش بوون و پاک بوونەوە و ئازادی دەکەیت، دەتەوێ لە هارمۆنیدا بیت لەگەڵ خودا، لە و بچیت ئایا لەم کاتەدا دەبێ تۆ چی بکەیت بۆ ئەوەی ئارەزووەکانت بێنە دی؟ ئەوەی تۆ پێویستیت پێیەتی ئاشتی یە، لێخۆشبوونی خودای ئاسمانی و ئاشتی خۆشەویستی لە دەروونتدا، کە ناتوانی بە پارە بیکڕیت، بە لێهاتوویی و زانایی دەستگیر نابێ، ناتوانی بە ئەقڵ بیگەیتێ، بە هەوڵ و کۆششی خۆت لە بەدەست هێنانی نائومێد دەبیت، بەڵام خودا بە تۆی دەبەخشێت وەک دیارییەک "بە بێ پارە و بە بێ نرخ"، (ئەشعیا ٥٥:١)، دیارییەکە بۆ تۆ ئەگەر مەبەستت بێ دەستت کەوێ بەڵام باوەشی بۆ بگرەوە و وەریبگرە، هەروەها دەڵێ "ئەگەر گوناهت ڕەنگی سووری کاڵ بێت سپی دەبێتەوە وەک بەفر، ئەگەر سوور بێت وەک خوری لێدێت" (ئەشعیا ١: ١٨)، "دڵێکی نوێتان دەدەمێ، گیانێکی نوێ دەخەمە دەروونتانەوە" (حەزقیال ٣٦: ٢٦). تۆ دانت بە گوناهەکانتدا ناوە و لە دڵتدا دەرت کردوون، بڕیارت داوە کە خۆت بە خودا بسپێریت، ڕوو بکەرە دەرگای خودا و داوای لێبکە گوناهت بشواتەوە و دڵێکی نوێت پێ ببەخشێت، پاشان بڕوا بکە بەوەی کە خودا ئەمەی کرد لەبەر ئەوەی بە لێنی داب‌وو، عیسا کاتێ لە سەر زەوی بوو ئەم دەرسەی فێردەکرد "ئەوی داوای دەکەن و نوێژی بۆ

دەکەن، باوەڕتان هەبێت کە وەرتان گرتووە، ئەوا بۆتان دەبێت.“ (مەرقۆس ١١: ٢٤)، عیسا ئەو نەخۆشانەی چاککردەوە کە باوەڕیان بە هێزی ئەو هێنابوو، یارمەتی دان لە و شتانەی کە هەستیان پێ دەکرد و دەیان بینی، تا سەرچاوەی ئیلهام و ڕێپیشاندەریان بێت وە ئیمانیان پێی هەبێت بۆ ئەوەی یاریدەدەریان بێت دەربارەی ئەو شتانەی کە ناتوانن ببینن، ڕابەریان بکات بۆ بڕوا هێنان بە هێزی لە بن نەهاتووی ئەو لە لێخۆشبوونی گوناە لە چاککردنەوەی پیاوێکی نەخۆشی ئیفلیج دا، عیسا بە شێوەیەکی سادە ووتی ”کە بزان ڕۆڵەی مرۆڤ هێزی لێخۆش بوونی هەیە لە سەر زەوی“ پاشان بە پیاوە ئیفلیجەکەی ووت ”هەستە پێخەفت هەڵگرە و بڕۆماڵەوە“ (مەتتا ٩: ٦)، یوحەنای مزگێنی دەر، نووسەری یەکێک لە ئینجیلەکان، سەبارەت بە موعجیزەکانی مەسیح دەڵێ ”ئەمانە نوسراون کە ئێوە بڕوا بکەن کە عیسا مەسیحە و ڕۆڵەی خودایە، ئەگەر باوەڕ بهێنن دەتوانن لە ڕێی ناوی ئەوەوە ژیانتان هەبێت.“ (یۆحەننا ٢٠: ٣١).

لە چیرۆکە سادەکانی ئینجیل کە چۆن عیسا نەخۆشی چاک دەکردەوە دەتوانین هەندێک شت فێربین دەربارەی ئەوەی کە چۆن باوەڕ بە توانای ئەو بکەین لە لێخۆشبوونی گوناە. با بگەڕێینەوە سەر داستانی نەخۆشە ئیفلیجە ڕاکشاوەکەی سەر گۆمی بەیت حەسدا، ئەو هەژارە ماندوو بێچارەیەی کەبۆ ماوەی سی و هەشت ساڵ ئیفلیج بوو، کە عیسا پێی ووت ”هەستە پێخەفت هەڵگرە و بڕۆ“، ئەگەر پیاوە نەخۆشەکە بیوتایە: (خوداوەند، ئەگەر چاکم بکەیتەوە، من ملکەچی فەرمانەکانت دەبم) بەڵام وای نەوت، چونکە ئەو بڕوای بە قسەی عیسا کرد کە چاک دەبێتەوە، ڕاستەوخۆ بڕیاری هەڵسانی دا، هەڵسا و ڕۆیشت، چونکە بڕوای بە ووشەکانی مەسیح هێنا و ملکەچی بوو، خودا هێزی دایە و چاک بۆوە . تۆش کە گوناهکارێکی، ناتوانی گوناهەکانی ڕابوردووت بژار بکەیت، ناتوانی دڵت بگۆڕی وخۆت پاک بکەیتەوە، بەڵام پەیمانی خودا ئەوەیە کە هەموو ئەوانەت بۆ بکات لە ڕێگەی



مەسیحەوە. تۆ بڕوا بەو پەیمانە دەهێنیت، دان بە گوناهەکانتدا دەنێیت، و ەخۆت تسلیم بە خودا دەکەیت، دەتەوێت ملکەچی فەرمانەکانی خودا بیت . هەر کە تۆ بەدڵنیایی ئەم کارانەت ئەنجام داو بڕوات بە پەیمانی خودا هێنا و باوەڕت کرد کە بەخشراویت و دڵت پاک بۆتەوە، خودا پەیمانی خۆی بە کاردەهێنێ، هێزت دەداتێ و چاکدەبیتەوە، هەر بە چەشنەی کە مەسیح هێزی ڕۆیشتنی دا بە پیاوە ئیفلیجەکەی بەیت حەسدا کە کاتێک پیاوەکە باوەڕی هێنا و چاک بۆوە. تۆش چاک دەبیتەوە ئەگەر باوەڕی پێ بکەیت. چاوەڕێی مەکە تا هەست بە چاک بوونەوەت دەکەی، بەڵام بڵێ: من باوەڕم هێنا چاک بووم، نا لەبەر ئەوەی کە هەستم پێ کرد بەڵکو و لەبەر ئەوەی خودا بەڵێنی داوە . عیسا دەڵێ "ئەوی داوای دەکەن و نوێژی بۆ دەکەن، باوەڕتان هەبێت کە وەرتان گرتووە، ئەوا بۆتان دەبێت،" (مەرقۆس ١١: ٢٤)، بەڵام بۆ ئەم بەڵێنە مەرجێک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پاڕانەوە و نوێژ و داواکاری ئێمە دەبێت بە گوێرەی ویستی خودا بێت. خودا دەیەوێت لە گوناه پاکمان بکاتەوە و بمانکات بە منداڵی خۆی، وە توانامان بداتێ بۆ ئەوەی ژیانێکی خاوێن و پیرۆز بژین. ئێمە دەتوانین داوای ئەم بەرەکەتانەی بکەین و باوەڕ بهێنین کە وەریان دەگرین و سوپاسی خودا بکەین کە وەرمان گرتوون. مافی خۆمانە کە بچینە لای مەسیح تا پاکبینەوە، لەبەر دەمی یاسادا بێ

شەرم و پەشیمانی ڕابوەستین، "لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو کەسانە کە لە عیسای مەسیح دان مەحکوم نابن، ئەوانەی دوای ڕۆح دەکەون نەک دوای لە ش." (ڕۆما ٨: ١) . لە ئێستا بەدواوە ئێوە هی خۆتان نین، کڕاونەتەوە و سەنگین و بەنرخ کراون، "ئەو کڕینەوەیەش بە شتی لە ناوچوو نەبوو وەک زێڕ و زیو، بەڵکو بە خوێنی گران بەها، وەک لە بەرخێکی پاک و بێگەردەوە، کە خوێنی مەسیحە" (١ پەترۆس ١: ١٨، ١٩)، لە ڕێگەی باوەڕهێنان بەخودا ڕوحی قودس لە دڵی تۆدا ژیانێکی نوێ دروست دەکات، دەبێت بە منداڵێکی خێزانی خودا، ئەو تۆی خۆش دەوێت هەر بەو جۆرە کە عیسا کوڕی خۆش دەوێ. تۆ کەئێستا خۆت تەسلیم بە عیسا کردووە، پاشەکشێ مەکە و خۆتی لێ دوور مەخەوە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ بڵێ: "من بۆ مەسیح-م، من خۆم بەو تەسلیم کردووە" داوای لێ بکە لە گیانی خۆیت بداتی و بە ڕەحمەتی خۆی بتپارێزیت، هەروەک لە ڕێی خۆ تەسلیم کردن و باوەڕهێنان بووی بە کوڕی، هەروەها تۆی لەودا دەژیت، هەر وەکو پێغمبەر دەڵێ "کە عیسای مەسیح-تان بە خودا قبووڵ کردووە، بەناویدا بڕۆن،" (کۆلۆس ٢: ٦). هەندێک کەس وادەزانن بەرلەوەی بتوانن داخوازی بەرەکەت و ڕەحمەتی خودا بکەن، پێویستە تاقیکردنەوەیەک بدەن و بۆ خودا بیسەلمێنن کە ژیانی خۆیان چاک کردووە. بەڵام هەر ئێستا دەتوانن داوای بەرەکەتی خودا بکەن،

ئـەوان دەبێ ورەیـان لـە ڕەحمـەت ولـە گیانـی مەسـیح وەرگرتبێـت تـا یارمەتی لاوازییـان بدات کـە بتوانـن بەرگـری لـە شـەڕی گونـاه بکـەن . مەسـیح حـەزدەکات کـە ئێمـە بچیـن بـۆ لای بەوجـۆرەی کـە هەیـن؛ گەناهـکار، بێچـارە و نیازمەنـد. ئێمـە دەتوانیـن بـە هەمـوو لاوازی و گەوجایەتـی و گوناهکاریمانـەوە بچینـە لای و بـە تۆبـەوە لەبـەر پێدا بکەویـن ، چونکـە جێـی شـانازی مەسـیحە کـە بە دەسـتی خۆشەویسـتی بمانگرێتـە باوەشـی ڕەحمەتـی خـۆی و برینەکانمـان تیمـار بکات و دڵمان پـاک بکاتەوە.

بـە هـەزاران ڕزگاریان نابێـت لەبەر ئەوەی باوەڕناکـەن کـە مەسـیح لـە لایـەن خۆیـەوە لێیـان خـۆش دەبێـت، بـاوەڕ ناکـەن کـە خـودا مەبەسـتی ئەوانـە لـە پەیمانەکانـی لێخـۆش بوونیـدا . مافـی هەمـوو کەسێکە لـە وانـەی مەرجەکانـی بەڵێنـی خودایان جێ بەجێ هێناوە بزانـن کـە خوداوەنـد لـە هەمـوو گوناهەکانیـان خـۆش بـووە. ئـەو گوومانـە لـە دڵ دەرکـەن کـە بەڵێنەکانـی خـودا بـۆ ئێـوە نییـە، بـۆ هەمـوو گەوناهبارێکـی پەشـیمانی تۆبەکـەرە. خـودا هێـز و بەرەکەتـی لـە مەسـیح دا ئامادە کـردووە دەیبەخشـێ بـە هەمـوو کەسـێک کـە بـڕوای هێنـاوە بەهـۆی فریشـتە گوێڕایەڵـەکان هیـچ کەسـێک ئەوەنـد گوناهـکار نییـە کـە نەتوانـێ هێـز و پاکی و ڕاسـتی لە مەسـیح دا بدۆزێتەوە، کـە بۆ ئـەوان مـرد . مەسـیح چاوەڕوانـی ئەوەیە کـە گوناهـکاران ڕووت بکاتـەوە لـە جلـە پیـس و چڵکنەکانیـان کـە ئاڵـوودەی گوناهـن، جلـی بێگـەردی چاکە و ئیمانیان دەکاتـە بەر، فەرمانی ژیانیـان دەداتـێ نـەک مـردن. خـودا ڕەفتارمـان لەگـەڵ ناکات بەوجـۆرەی خەڵکـی لەگەڵ یەکتر دەیکـەن . بیـر و بۆچوونـی ئەو، بیـر ڕەحمەت و خۆشەویسـتی و بەزەییـە، وەک دەفەرموێت "با بـەدکار واز لـە ڕێگـەی، وە ناڕاسـت واز لـە بیـر بهێنێـت، با بگەڕێنەوە بـۆ لای خودا تۆبە بکەن، خـودا ڕەحمیـان پێـدەکات، چونکـە لێبوردنـی فراوانـە." وە "وەکـو هـەور خەتـا و گەناهتانـم سـڕیوەتەوە." (ئەشـعیا ٥٥؛ ٧؛ ٤٤؛ ٢٢). خـودا دەفەرمـوێ "مـن شـادنیم بـە مەرگـی ئێـوە، لەبـەر ئـەوە تۆبـە بکـەن و بژیـن" (حەزقیـل ١٨: ٣٢)، شـەیتان لە سـەر پـێ و ئامادەیـە بەرەکەت و متمانـەی پیـرۆزی خودامـان لـێ بشـێوێنێت، ئـارەزوو دەکات هەمـوو تroووسـکەیەکی هیـوا و پرشـنگێکی ڕووناکـی لـە گیانمـان بگرێـت. بەڵام تـۆ پێویسـتە مـاوەی نەدەیتـێ ئـەم کارانـەی بـکات، گـوێ لـە درۆ و دەلەسـەکانی مەگـرە، بەڵکـوو بڵـێ: (عیسـا بـۆ مـن مـرد تـا مـن بژیم ، ئـەو منـی خـۆش دەوێـت، نایەوێـت مـن بمرم ، باوکێکـی دڵسـۆزم هەیە لە ئاسـمان، ئەگەر چی خراپـەم کـرد بەرانبـەر بـە خۆشەویسـتی ئـەو و بەرەکەتـی ئـەوم بەفیـڕۆدا ) وا دەچـم بـۆ لای باوکـم و دەڵێـم؛ (مـن دژ بـە ئاسـمان و موڵکـی تـۆ گوناهـم کـردووە، من شـایانی ئـەوە نیم کە بـە کـوڕی تـۆ ناوببرێـم، بمکـە بـە نۆکەرێکـی خـۆت ...) ئـەم پەنـدە بۆتـی ڕوون دەکاتـەوە کـە چـۆن خـودا سـەرگەردان و ڕێ لێـوون بوان قبووڵ دەکات ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای "هێشـتا

ئـەو زۆر دوور بـوو کە باوک بینی ، بەزەیی پێدا هاتـەوە، ڕای کرد، و دەسـتی کـردە ملی و ماچی کـرد" (لۆقـا ١٥: ١٨، ٢٠).

چیرۆکـی کـوڕی وون بـوو، بـەو هەمـوو سـۆز و ناسـکیەوە، هێشـتا کورتـە لـە دەربڕینی بەزەیـی لە بـن نەهاتووی باوکی ئاسـمانی، خودا لـە زمانـی ئیریمیـا پەیامبەریـەوە دەفەرموێـت "خۆشەویسـتییەکی هەمیشـەیی، تـۆم خـۆش ویسـتووە" (ئیرمیـا ٣١: ٣)، کاتـێ کـە گوناهـکار هێشـتا دوورە لـە ماڵی بـاوک، لە وولاتـی بێگانە ماڵـی ئـەو بـە فیـرۆ دەدات، بـاوک دڵـی بـۆی دەسـووتێ، هـەر ئارەزوویەکی پەشـیمانی کە لە دڵـی گوناهـکاردا دروسـت دەبێ بـۆ گەڕانەوەی ماڵـی بـاوک، ڕاز و نیـازی دڵسـۆزانەی گیانـی خـودا لـەودا و داواکاری خودایـە و لـە و کە دڵی باوکـی خۆسەویسـتی بگەڕێتـەوە.

لگـەڵ ئەو هەموو بەڵێنـە دەوڵەمەندانەی کـە ئینجیلـی پیـرۆز خستویەتیە بەردەسـتمان، تـۆ دەتوانـی ڕێ بـدەی بـە گومـان؟ ئایا تـۆ دەتوانـی بـاوەڕ بـەوە بکەیـت کاتێـک کـە گوناهکارێـک ئـارەزوودەکات لـە گوناهەکانـی دەسـت هەڵگـرێ و بگەڕێتـەوە، خـودا ڕێگـری تۆبـە و پەشـیمانی و گەڕانـەوەی دەبێـت؟ ئـەم جـۆرە بیر و بۆ چوونانە فڕێ دە، تێگەیشـتنێکی ئـاوا لـە باوکی ئاسـمانی زیانێکی یەکجـار زۆر بە گیانـت دەگەێنێـت. باوکـی ئاسـمانیمان ڕقـی لـە گوناهـە، نـەک لـە گوناهکـەر. لەبـەر ئـەوە کـە خـودا خـۆی لـە خـودی مەسـیح دا نیشـان دا، تـا هەر کەسـێک ئـارەزووی ڕزگاربوونی هەبێت ڕزگاری بـکات، وە ژیانـی باختیاری هەمیشـەیی هەبێـت لە جیهانی مەزنی ئاسـماندا . چ زمانێک ناسـکتر و بە هێزتـر دەتوانێ خۆشەویسـتی ئەو دەرببڕێـت کـە دەڵـێ "قـەت ژنێـک دەتوانێـت کۆرپـەی شیرەخۆرەی خـۆی لـە بیربـکات، یان دەتوانێ بەزەیـی و ڕەحمـی لـە سـەر منداڵـی ناوسـکی نەبێـت؟ ئـەوان ڕەنگە بتوانـن لە بیری بکـەن، بـەڵام مـن تۆ لـە بیر ناکـەم." (ئەشـعیا ٤٩: ١٥). سـەر هەڵبـڕە و بڕوانە، تـۆ ئەی ئەوەی کـە گومـان و ترسـت هەیـە، عیسـا زینـدووە و دەژی بـۆ ئـەوەی یاریدە-دەرمـان بێـت و بۆمان بپارێتـەوە، سوپاسـی خـودا بکـە کـە ڕۆڵـەی خۆسەویسـتی خـۆی بـە دیـاری بەخشـی لەبـەر تـۆ، بپاڕێـوە کـە مردنـی ئـەو بۆتـۆ بێهـوودە نەبووبێـت. گیـان ئەمـڕۆ بانگـت دەکات کـە بەهەمـوو دڵتـەوە بێیـت بـۆلای عیسـا، داوای چاکـە و بەخشـین و بەرەکەتـی ئـەو بکەیـت . کاتـێ کـە تـۆ بەڵێنەکانـی خـودا دەخوێنیتـەوە، لە یـادت بێ ئەمانـە بەزەیی وخۆشەویسـتییەک دەردەبـڕن کـە وەسـف ناکرێـت. دڵـی گـەورەی خۆشەویسـتی بـێ پایانـی خـودا بـە بەزەییـەوە لـە دەوری گوناهـکار وەسـتاوە "نەجاتـی ئیمـە لـە خوێنـی ئـەو و بەخشـینی گوناهـکاری دایـە" (ئەفسـۆس ١: ٧)، بەڵـێ، تەنهـا بـڕوات بـەوە هەبێـت کـە خـودا یارمەتیدەرتـە، دەیەوێـت مـرۆڤ هەڵگـری ڕەوشـتی ئـەو بێـت . چەنـد بـەدان پێدانانـی گونـاە و تۆبـەوە لێـی نزیکبیتـەوە، ئەویـش ئەوەنـدە بـە ڕەحمـەت و لێخـۆش بوونـەوە لـە تـۆ نزیـک دەبێتـەوە.

٧

# ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی خودا

”ئەگەر هەر کەسێک لە مەسیح دا جێگیر بێت، دەبێتە مرۆڤێکی نوێ، شتە کۆنەکان بەسەر چوون، بڕوانە، هەموو شتەکان نوێ بوونەوە.“ (٢ کۆرنسۆس ٥: ١٧).
مرۆڤ ناتوانێ بە ڕێک و ڕوانی دەستنیشانی ئەو کات و شوێن و هەل ومەرجە بکات کە تێدا دەگۆڕێت. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو نەگۆڕابێ. مەسیح بە نیکۆدیمۆسی ووت: ”با لە هەر کوێوە بیەوێت هەڵ دەکات، دەنگی دەبیستی بەڵام نازانی کەی و لە کوێوە دێ وە بۆ کوێ دەڕوا؛ بەم جۆرەیە ئەوەی لە گیان لە دایک بوویێت.“ (یۆحەننا ٣: ٨)، وەک بەو جۆرەی کە با بە چاو نابینرێ، بەڵام هەست بە هێز و کارتێکردنی دەکرێ، گیانی خودا لە دڵی مرۆڤدا هەر بەو شێوەیە کاردەکات، هێزێک دەخاتە گەڕ کە چاوی مرۆڤ ناتوانێ بی بینێت، ژیانێکی نوێ لە گیاندا بەرپا دەکات، مرۆڤ دەکات بە بوونەوەرێکی نوێ لە وێنەی خودا. گەرچی کاری گیان بێدەنگ و هەست پێ نەکراو و نهێنییە، بەڵام ڕەنگدانەوەی لە کارتێکردنی ژیانی دەرەوەدا ئاشکرا و دیارە. ئەگەر دڵ نوێ بوویێتەوە بە هۆی کارتێکردنی گیانی خوداوە، ژیان شایەتی لە سەر ئەو ڕاستییە دەدات. کاتێک کە ئێمە لە تواناماندا نییە دڵی خۆمان بگۆڕین یان خۆمان بخەینە هارمۆنییەوە لەگەڵ خودا، ئێمە پێویست ناکا بە هیچ جۆرێک بڕوا بە خۆمان و کاری باشی خۆمان بکەین بۆ گۆڕین، ئیلهام بۆ ژیانمان دێت کاتێک ڕەحمەتی خودا لە گیانماندا نیشتە جێ دەبێت. گۆڕینێک لە خوو ڕەوشت و کردارماندا بەدیار دەکەوێت، بێگومان دەبێ جیاوازییەکی ئاشکرا هەبێت لە نێوان ئەوەی کەچی بووین، وە بووین بەچی! ڕەوشتی مرۆڤ دەرناکەوێت بە کارێکی ڕێکەوت باش یان خراپ، بەڵکو ڕێڕەوی ژیان و کار و

کردەوە و پەیوەندی ڕۆژانە، جوانی و ڕاستی ڕەوشت دەردەخەن.

بەڵێ دەکرێ مرۆڤ بە ڕەواڵەت ڕەفتارێکی ڕاست و دروستی هەبێت بێ ئەوەی نوێ بوبێتەوە بە هێزی مەسیح . حەز و خۆشەویستی بۆ دەسەڵات و ڕێزی خەڵکی تر دەتوانێ سیستەمێکی ڕێکوپێک دروست بکات لە ژیانیدا، ڕێز لە خۆگرتن لە وانەیە بمانبات بەرەو دوورکەوتنەوە لە شەڕ و نیمچەشەڕ، دڵێکی خۆپەسەند دەتوانێ کردەوەی بەخشندەیی بنوێنێت. بەڵام ئێمە لە کەش و هەوایەکی وادا چۆن دیاری بکەین کە لە چ لایەکین؟ دڵ بۆکێ یە؟ بیری ئێمە لەگەڵ کێ دەدوێن و خۆشەویستی و حەزمان بۆ کێ یە؟ ئەوپەڕی وزە و توانامان بۆ کێ بەخت دەکەین؟ ئەگەر ئێمە هی مەسیح بین دڵ و بیرمان لەگەڵ ئەوە، جوانترین و شیرینترین بیرمان لە وەوەیە! هەموو ئەوەی هەیە و هەمانە تەرخانە بۆ ئەو، ئارەزوو دەکەین کە بە وێنەی ئەو بین. بچینە نێو گیانیەوە و ویستی ئەو جێ بەجێ بکەین، لە هەموو شتێکدا ڕەزامەندی ئەو داوا بکەین. ئەو کەسانەی دەبن بە دروست بوانی نوێ لە مەسیح دا، میوەی گیان لە ژیانیاندا دێتە بەر کە بریتییە لە "خۆشەویستی و شادی و ئاشتی ، هێمنی وئارام گرتن، چاکە ، باوەڕ، لە سەر خۆیی و خۆ کۆنترۆڵ کردن." (غەلاتیە ٥: ٢٢، ٢٣ ). ئەوان ڕێی هەوەست و سەرەڕۆیی جارانیان ناگرنە بەر، بەڵکو بە باوەڕ کردن بە ڕۆڵەی خودا، دوای هەنگاوی ئەو دەکەون، سیفاتی ئەو هەڵدەگرن، خۆیان پاک دەکەنەوە وەک پاکی ئەو. ئەو شتانەی جاران ڕقیان لێدەبۆوە ئێستا خۆشیان دەوێ، ئەو شتانەی جاران خۆشیان دەویست ئێستا ڕقیان لێدەبێتەوە. لوت بەرز و خۆ بە گەورەزان دەبێ بە سادە و سەرکز، بە فیز و بێ هوودە دەبێ بە ساکار و بە تەنگەوە هاتوو، سەرخۆش و سووک دەبێ بە هۆشیار و سەنگین، هەرزە و بێشەرم دەبێ بە داوێن پاک، ڕەوشتی پووچی جیهان وەلاوە دەنرێت، "مەسیحییەکان بەدوای جوانی ڕازانەوەی دەرەوەی لە شدا" ناڕۆن. بەڵکو بەدوای "جوانی ڕازاوە و شاردراوەی دڵ، ڕووحێکی نیاان و ئارامدا دەڕۆن کە وەک گەوهەرێکی لە ناو نەچووایە و لای خودا زۆر گرانبەهایە." (پەترۆس ٣: ٣، ٤). هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ تۆبەی ڕاستی، ئەگەرهەڵنەستی بەکاری گۆڕین و چاککردن لە ژیاندا، ئەگەر گوناهکار ئەو بارمتەیەی لایەتی دایەوە، ئەوەی بردویەتی و دزیویەتی گەڕاندیەوە، دانی نا بە گوناهەکانیدا، خۆشەویستی دەربڕی بۆ خودا و بۆ برای مرۆڤی، با دڵ نیابێت لە مردنەوە گواستویەتیەوە بۆ ژیان.

کاتێک وەک گوناهکار و ڕێ لێوونبوویەک دێین بۆ لای مەسیح، دەبین بە هاوبەشی بەرەکەتی لێبوردنی ئەو سەرچاوەی خۆشەویستی لە دڵماندا هەڵدەقوڵێ، هەموو بارێک سووک دەبێ، ئەرک دەبێ بە خۆشی، لە خۆ بوردن دەبێ بە شادی، ئەو ڕێیەی

کـە لـە وەوپێـش تاریکـی داگیرتبـوو، بە تیشـکی خـۆری چاکـی ڕووناک دەبێتـەوە.

خـوو ڕەوشـتە جوانەکانـی مەسـیح لـە شـاگردەکانیدا دەبینـرێ، مایـەی خۆشـحاڵی ئەو بـوو کـە بەویسـتی خـودا کاربـکات، ژیانی خۆی بۆ خۆشەویسـتی و مەزنی خـودا تەرخان بکات، کە ئەم خۆشەویسـتیە هێزی کۆنترۆڵکردن بوو لـە ژیانـی ڕزگارکەرماندا، خۆشەویسـتی تەواوی کردارەکانـی ئـەوی دەڕازانـدەوە خۆشەویسـتی هـی خودایـە، دڵـی خەتـاکار ناتوانـی دروسـتی بـکات یـان بیهێنێتـە بـەر، تەنهـا لـە و دڵـەدا دەدۆزرێتـەوە کە عیسـا پادشـایەتیی تێدا دەکات "ئێمـە خۆشـمان دەوێـت، چونکـە یەکـەم ئـەو ئێمـەی خـۆش ویسـتووە." (١ یۆحەنـا ٤: ١٩).

خۆسەویسـتی بناغـەی کردارە لـە نێو ئەو دڵـەی کـە بـە بەرەکەتـی خـودا نـوێ بۆتـەوە . ئـەم خۆشەویسـتی یـە چـاک سـازییە لـە خوو ڕەوشـتی مرۆڤـدا، کۆنتـرۆڵ کـەری ئـارەزووە، ڕق و کینـە ڕەوێنـە، وە هەسـت و بـڕوا بەرزکەرەوەیـە. ئـەم خۆشەویسـتییە ئەگـەر لە گیانـدا پـەروەردە بێـت ژیـان شـیرین دەکات و کارێکـی بـاش دەکاتـە سـەر دەورو بـەر.

منداڵانـی خـودا دەکەونـە بـەردەم دوو هەڵـەوە، بەتایبەتـی برواهێنەرانی نـوێ، دەبێت وریابـن لـە هەڵانـە، یەکامیـان ئەوەیـە کـە لـە وەوپێـش لێی دواین، هەڵەی پشـت بـە هەوڵ و کۆششـی خۆ بەسـتنە، کەوا دەزانن بـە کرداریان دەتوانـن خۆیـان هاڕمۆنـی بکـەن لەگـەڵ خـودا، ڕاسـتی ئەوەیـە ئـەوەی هەوڵـدەدات کە پیرۆزبێـت لـە ڕێـی کاریـەوە بـە پاڕاسـتنی یاسـا، دوای کارێکـی نەبـوو نەکـراو کەوتـووە. ئـەو کارانـەی مـرۆڤ دەیـەوێ بیـکات بـێ یارمەتـی مەسـیح دژایەتی خودا و خۆپەرسـتی و گوناهە، چونکـەت ە نها بـڕوا بەڕەحمـەت و بەرەکەتـی مەسـیح ئێمـە پـاک و پیـرۆز دەکات. بـەڵام هەڵـەی دووهـەم کە ناکۆکە بـە هەڵەی یەکەم، وە مەترسـی لـە کومتر نییـە، ئەوەیـە هەندێـک وادەزانـن کـە بـاوەڕ کـردن بـە مەسـیح مـرۆڤ ڕزگار دەکات لـە دەسـت پاڕاسـتنی یاسـای خودا و گـوێ ڕایەڵـی، وە کاری ئێمـە پەیوەنـدی نییـە بەسـەر کڕینەوەمـان لەبـەر ئـەوەی کـە بەتەنها بەبـاوەڕ دەبیـن بەهاوبەشـی بەرەکەتی مەسـیح.

بـەڵام گوێڕایەڵـی لێـرەدا تەنهـا هـەر قبووڵکردنـی ڕەواڵەتـی نییـە، بەڵکـو خزمـەت بەخۆشەویسـتییە، یاسـای خـودا دەربڕینـی ڕەوشـتی خودایـە لـەم یاسایەدا بناغـەی خۆشەویسـتی چەسـپاوە، لەبـەر ئـەوە یاسـای خـودا بنچینـەی گوێڕایەڵییـە بـۆ خـودا لـە سـەر زەوی و لـە ئاسـمان. ئەگـەر دڵمـان نـوێ بوبێتـەوە بەهاو وێنەی خودا، وە خۆشەویسـتی ئاسـمانی لـە دەروونـدا جێگیـر بوبێـت، ئایا یاسـای خـودا لـە ژیانمانـدا دەور نابینێـت؟ کەی بـڕوای خۆشەویسـتی لـە دڵمانـدا جێگیربێـت، کـەی مـرۆڤ نـوێ بێتـەوە بـە چەشـنی وێنـەی دروسـتکەری، ئـەو پەیمانـەی کـە لـە ئینجیـل دا هاتـووە ئەنجـام دراوە "یاسـاکانم دەخەمـە دڵیانـەوە، لـە بیـر و هۆشـیاندا دەیـان نووسـم." (عیبرانیـەکان ١٠: ١٦)، ئەگـەر یاسا

له دڵدا نوسرابێت، ئایا ژیان پێک ناهێنی و ناسازێنێت؟ گویڕایەڵی : خزمەت و دڵسۆزی و ئەمەکدارییە بە خۆشەویستی، نیشانەی ڕاستیی گوێڕایەڵییە، لەم ڕووەوە پەرتووکی پیرۆز دەڵێ “خۆشەویستی خودا ئەوەیە کە فەرمانەکانی بپارێزن” (١ یۆحەننا ٥: ٣)، “ئەوەی دەڵێ دەیناسم، وە فەرمانەکانی ناپارێزێ، درۆزنە و ڕاستی لەودا نییە.” (١ یۆحەننا ٢؛ ٤)، کەواتە باوەڕ هێنان، مرۆڤ لە فەرمانی گوێڕایەڵی کردن ڕزگار ناکات، بەڵکوو تەنها باوەڕە دەمانکات بە هاوبەشی ڕەحمەتی مەسیح، وە بۆ جێبەجێ کردنی گویڕایەڵی تەواو توانامان دەداتێ.

ئێمە لە ڕێی گوێڕایەڵییەوە ڕزگار نابین، لەبەر ئەوەی رزگاربوون دیارییەکی خۆڕایی خودایە کە لە ڕێگەی باوەڕەوە وەریدەگرین،



بەڵام گویڕایەڵی بەری باوەڕە "دەزانن کە ئەو دەرکەوت بۆ ئەوەی گوناهمان لابەرێت، وە لەودا گوناه نییە، هەر کەسێک لەودا جێگیربێت گوناه ناکات، ئەوەی گوناه بکات نە ئەوی دیوە و نەدەیناسێ." (١ یۆحەننا ٣: ٥، ٦)، تاقیکردنەوەی ڕاستی لێرەدایە، ئەگەر ئێمە لە مەسیح دا جێگیر بین، ئەگەر خۆشەویستی خودا لە ئێمەدا نیشتەجێ بێ و بژی، هەستمان، کردەوەمان هەموو هاڕمۆنی دەبن لەگەڵ ویستی خودا وەکو لە فەرمانەکانی یاسای پیرۆزدا هاتووە "ئەی منداڵان نەهێڵن کەس هەڵتانفریوێنێ، ئەوەی چاکی بکات ڕاست و دروستکارە، وەک چۆن خودا کە ڕاست کارە،" (یۆحەننا ٣: ٧)، بەڵام پێوانەی چاکی یاسای پیرۆزی خودا وەک هاتووە لە دەفەرماندا کە لە چیای سینا نادرییە خوارێ.

ئەوەی ناودەبرێ بە باوەڕی مەسیح کە گوایە مرۆڤ لە دەربەستی گوێڕایەڵی یاسای خودا ڕزگار دەکات، ئەوەی باوەڕی نییە، بەڵکو گومان ونبێ باوەڕییە بە باوەڕ "خودا بە بەرەکەتی خۆی بەهۆی باوەڕتان ڕزگاری کردن، ئەمەش لە ئەنجامی هەوڵدانی خۆتان نەبوو، بەڵکوو دیاری خودا بوو". (ئەفەسۆس ٢: ٨)، بەڵام "باوەڕ ئەگەر کارنەکات، شتێکی مردووە لە خۆیدا." (یاقوب ٢: ١٧). عیسا پێش هاتنی بۆ زەوی لە بارەی خۆیەوە ووتی "ئەی خودای من، خۆشحاڵ دەبم کە ویستی تۆ، وەیاسای تۆ لە ناو دڵمدا ئەنجام بدەم." (سروود ٤٠: ٨)، پێش سەرکەوتنی بۆ ئاسمان ووتی "من بە گوێرەی فەرمانەکانی باوکم جووڵاوماتەوە و لە خۆشەویستیەکەیدا دەمێنمەوە." (یۆحەننا ١٥: ١٠)، هەروەها ڕۆحی قودس لە زمانی یۆحەناوە دەڵێ: "بەمەدا دەزانین کە ئەو دەناسین، ئەگەر فەرمانەکانی بپارێزین.... ئەوەی کە ووتی لەودا جێگیردەبێ پێویستە لە سەر ئەو ڕێگایە بگرێت کە ئەو گرتوویەتی." (١ یۆحەننا ٢: ٣، ٦) "هەروەها مەسیح لە پێناوی ئێمەدا ئازاری کێشا، نموونەیەکی بۆبەجێ هێشتین تا دوای هەنگاوی بکەوین." (١پەترۆس ٢: ٢١).

مەرجی ژیانی هەمیشەیی ئێستاش هەر ئەوەیە کە لە وەوپێش هەبووە، وەک سەردەمی باوانی یەکەممان لە بەهەشتی عەدەندا. واتە گوێڕایەڵی تەواو لە یاسای خودا و ڕاستی و دروستی، ئەگەر مەرجێکی ئاسانتر هەبوایە بۆ بە دەست هێنانی ژیانی هەمیشەی، بێ گوێڕایەڵی تەواوی خودا، ئەوسا دەرگای گوناه هەمیشە بە کراوەیی دەمایەوە و لێشاوی کلۆڵی و مەینەتی لێوە دەهات، بەختیاری و خۆشی هەموو جیهانی دەخستە بەردەمی مەترسی لە ناوچوونەوە . ئادەم پێش هەڵەکردنی دەیتوانی ڕەوشتێکی ڕاست بە گوێڕایەڵی لە یاسای خودا پێک بهێنێت، بەڵام سەرپێچی کرد و کەوت، بە گوناه و کەوتنی ئەو ئێمەش کەوتین و ناتوانین خۆمان ڕاستبکەینەوە، چونکە ئێمە گوناهکارین وپاک نین، ناتوانین بە تەواوی گوێڕایەڵی یاسای پیرۆزی خودا بین، ئێمە

خاوەنی ئەو ڕاستیە نین کە بتوانین لەگەڵ داواکاریەکانی یاسای خودا یەکبگرین، بەڵام مەسیح دەرگای ڕزگاربوونی بۆ کردینەوە، ئەو لە سەر زەوی ژیا لەنێو هەموو ئەو تاقیکردنەوە و کلۆلی و ناڕەحەتیانەی ژیان کە ڕوو بە ڕووی ئێمەش دەبێتەوە، سەرکەوت، ژیانێکی بێ گوناە ژیا، بۆ ئێمە مرد، ئێستاش ئامادەیە گوناهەکانمان هەڵبگرێ و ڕاستی و دروستی خۆیمان پێ ببەخشێت. ئەگەر خۆت تەسلیم بەو بکەیت، وەک ڕزگارکەرت قوبووڵی بکەیت، ئەوسا ژیانی پڕگوناهت لەبەر ئەو پاک دەبێتەوە و بە بێگوناە دەژمێررێیت، سیفاتی مەسیح جێی سیفاتی تۆ دەگرێت، لە پێش دەرگای خودا حیسابی بێ گوناهت بۆ دەکرێت. لەمەش زیادتر، مەسیح دڵ دەکاتەوە و باوەڕی تێدا نیشتەجێ دەکات. پێویستە تۆ ئەم پەیوەندییە لەگەڵ مەسیح دا بپارێزیت، بە باوەڕ و بەتەسلیم کردنی ویستت بەو بە بەروەوامی، تا تۆ لەم کارە بەردەوام بیت ئەو لە تۆدا کاردەکات هەم بۆ ویست و هەم بۆ شادیت، تۆ دەتوانی بڵێیت من "ئێستا بە لەش ناژیم، بەڵکو بە باوەڕ دەژیم ، باوەڕی ڕۆڵەی خودا کە خۆشی ویستم ، ژیانی خۆی بۆ کڕینیەوەی من بەخشی." (غەڵاتیە ٢: ٢٠) لەبەر ئەوە مەسیح بە شاگردەکانی ووت "ئێوە نین کە قسە دەکەن، بەڵکو گیانی باوکتانە کە لە ئێوەدا قسە دەکات." (مەتتا ١٠: ٢٠)، ئەوسا مەسیح لە تۆدا کاردەکات، وەتۆش هەمان گیان دەردەخەیت، وە هەمان کاری باشە دەکەیت-کاری ڕاستی و دروستی و گوێڕایەڵی.

کەواتە هیچ شتێک لە خودی ئێمەدا نییە کە پێوەی بنازین، وە بنچینەیەکی پایە بڵندمان نییە، تەنها ڕووناکی هیوامان لە ڕاستی و دروستی و بەرەکەتی مەسیح دایە، وە لە و کارەی کە گیانی مەسیح دەیگێڕێ لە ئێمەدا. کاتێک ئێمە دەربارەی باوەڕی دەدوێین، دەبێ لە بیرماندا جیاوازی لە نێوان باوەڕی ڕاستی، وەتەنها باوەڕ پێکردنێکی ڕووت بکەین. تەنانەت شەیتان ناتوانێت لە دڵدا نکۆڵی لە بوون و لە هێز و لە ڕاستی و تەکانی خودا بکات . ئینجیل دەڵێ کە "هەروەها شەیتانەکانیش باوەڕ دەکەن و دەلەرزن لە ترسا" (یاقوب ٢: ١٩)، بەڵام باوەڕی شەیتان باوەڕنییە بۆ ڕزگاربوون، چونکە نەک هەر تەنها باوەڕی تێدا نییە بۆ ووتەکانی خودا، بەڵکو هەروەها ملکەچیش نییە بۆ ویستی ئەو. هەرکاتێک دڵ خۆی بە خودا تەسلیم کرد، هەست و خۆشەویستی ئەوی هەڵبژارد، ئەوە باوەڕی ڕاستییە باوەڕێک کە کاردەکاتە سەر خۆشەویستی، وە گیان خاوێن دەکاتەوە. لە ڕێی ئەم باوەڕەوە دڵ لە وێنەی خوادا نوێ دەبێتەوە، ئەو دڵەی کە هێشتا نوێ نەبۆتەوە ناتوانێ ملکەچ بێت بۆ یاسای خودا چونکە لە توانایدا نییە، ئێستا شاد و خۆشحاڵە بە دەستووری پیرۆز، لەگەڵ داود دەڵێت "ئای چەند یاسام خۆش دەوێ! تەواوی ڕۆژ وا لە بیرمدا." (سروود ١١٩: ٩٧)، بەم جۆرە ڕاستی و دروستی یاسا لە ئێمەدا دەچەسپێ "ئێمەی

کە نارۆیـن بـەدووی ڕێگـەی لـە شـدا، بەڵکـو دەڕۆیـن بـەدووی گیانـدا.“ (ڕۆما ٨: ١، ٤).

لـە نێـوان بـاوەڕ هێنەرانـدا ئـەو کەسانە هـەن کـە خۆشەویستی و لێبوردنـی مەسیح یـان ناسیوە، حـەز دەکـەن ببنـە منداڵـی خودا، هێشـتا وادەزانـن کـە ژیانیـان پـڕە لـە کـەم و کورتـی و خـەوش کەوایـان لێـدەکات گومـان بکـەن لـە وەی کـە ئایـا دڵیـان نـوێ بۆتـەوە بەگیانـی پیرۆز! مـن بەوجۆرە کەسانە دەڵێم بە نائومێـدی مەکشـێنە دواوە، چونکـە ئێمـە گەلێ جـار دەبـێ سـەردانەوێنین و فرمێسـک بڕێژیـن لەبـەر پێـی مەسیح دا، بـە هـۆی هەڵـە و کـەم و کوورپیەکانمـان، بـەڵام نابـێ ورە بەربدەیـن ئەگـەر دوژمنیـش زاڵ بێـت بە سـەرماندا، خودا بەڕەڵامـان ناکات و بە جێمان ناهێڵێت، مەسیح لـە دەسـتی ڕاسـتی خـوداوە بۆمـان دەپاڕێتەوە. یوحەنـای خۆشەویسـت لـەم ڕووەوە ووتـی”ڕۆڵەکانـم، ئـەم شـتانەتان بۆ دەنووسـم تـا گوناه نەکـەن، بـەڵام ئەگەر یەکێـک گوناهی کـرد پارێزەرێکمـان هەیـە لای باوکی ئاسمانیان، ئەویـش عیسـای مەسـیح-ی ڕاسـت و دروسـت کارە.“ (١ یۆحەننـا ١٦: ٢٧). ئـەو دەیەوێـت تـۆ بگێڕێتـەوە بـۆ خـۆی، ڕەنگدانـەوەی پاکـی و پیـرۆزی خـۆی لـە تـۆدا ببینـێ، ئەگەر تـۆ خۆت بـەو تەسـلیم بکەیـت، ئـەو کارە چاکـەی کە ئەو لـە تـۆدا دەسـتی پێکـردووە تـەواوی دەکات، بـا لـە قووڵایـی دڵ و دەروونمانـەوە نوێـژ بکەیـن و بپاڕێینـەوە، بـاوەڕی تـەواو بهێنیـن، هـەر کـە هەسـتمان بـە لاوازی هێـزی خۆمـان کـرد، پشـت ببەسـتین بـە هێـزی ڕزگارکەرمـان مەسـیح، سـوپاس و ستایشـی خـودا بکەیـن کـە ئـەو دەرمانـی تەندروسـتی دەروونمانـە. ئێمـە هەرچەنـد زۆر نزیکببینـەوە لـە مەسـیح، زیادتـر کەمـوو کوریەکانـی خۆمـان لـە نـاو دەبەیـن، بینایمـان ڕوونتـر دەبێتـەوە، ناتـەواوی خۆمـان لەبەر تیشـکی ڕەوشـتی تـەواوی ئـەودا دەبینین. ئەمـە بەڵگەیـە کـە فریـوی شـەیتان لـە دڵمانـدا هێـزی وونکـردووە، دەروونمـان دەسـتی کـردووە بـە ژیانەوە بـە هـۆی کارتێکردنی ڕۆحی پیـرۆزەوە. خۆشەویسـتی مەسـیح ناتوانـێ لـە دڵمانـدا بـژی تـا گوناهەکانـی خۆمان نەناسـین، ئـەو گیانـەی کـە گـۆڕاوە بـە ڕەحمەتـی مەسـیح سـیفەتی ئاسـمان دەتوانـێ پەسـندی بـکات. ئەگـەر ئێمـە کـەم و کـووڕی دەروونـی خۆمـان بـەدی نەکەیـن، ئـەوە بەڵگەیەکـی ئاشـکرایە کـە سـەرنجمان نەداوەتـە پاکـی و چاکـی مەسـیح. هەرچەنـد کەمتـر نـرخ بۆ خۆمـان دابنێین، پاکی و خۆشەویسـتی بـێ سـنووری رزگارکەرمـان لا بـە نرختـر دەبێت، هەسـت بـە هەڵـە و گوناهی خۆمـان دەکەیـن و بـەرەو لای ئـەو دەچیـن کـە دەتوانـێ لێمـان خۆش بێت، کاتێک دڵ هەسـت بـە لاوازی و بێچارەیـی خـۆی دەکات دەسـت بـۆ مەسـیح درێـژ دەکات، ئەویـش بـە هێـزەوە خـۆی بـۆ دەردەخـات، چەند زیادتر هەسـت بە پێویسـتی مەسـیح و ناوی خودا بکەین، ئەوەندە زیادتـر ڕەوشـتی بـەرز و خاوێنـی ئەومـان بـۆ دەردەکەوێـت، وە زیادتـر کردارمـان دەچێتـەوە سـەر ئـەو لـە ناخـی ئـەودا گەشـە دەکەیـن.

٨

# گەشەکردن لە ناخی مەسیح دا

لە ووتەکانی پیرۆزی خودا گۆڕینی دڵ کە بەهۆیەوە دەبین بە منداڵی خودا بە لەدایک بوون ناوبراوە، هەروەها بەراورد کراوە بە چکەرەی تۆویی باش کە جوتیار لە کێڵگەیەکدا چاندوویەتی. هەر بەوجۆرە ئەوانەی کە تازە باوەڕیان هێناوە بە مەسیح وەک، ”منداڵێکی تازە لەدایک بوو تا“ گەشە بکەن بۆ پایە بەرزییەتی میللەتی مەسیح. (١ پەترۆس ٢: ٢ )، (ئەفسۆس ٤: ١٥)، یان وەک تۆویی باش کە میوە بهێننە بەر، چونکە ئەوان درەختی ”چاکین، خودا ڕوواندوونی تا بە گەورە بزانرێن وستایش بکرێن.“ (ئەشعیا ٦١: ٣)، ئەم نموونانە کە لە ژیانی سرووشتی یەوە وەرگیراون دەتوانن یارمەتیدەری ئێمە بن تا باشتر لە ڕازی ڕاستی ژیانی گیانیی بگەین . مرۆڤ بە هەموو دانایی و کارزانییەوە ناتوانێ ژیان لە بچووکترین شتی سروستدا دروست بکات، چونکە خودا سەرچاوەی ژیانە، وەتەنها لە ڕێی ئەوەوە رووەک وگیانەوەران دەژین، هەروەها ژیانی گیانی بەهۆی کارکردنی خودا لە دڵی مرۆڤدا لەدایک دەبێ، مرۆڤ ئەگەر”لە سەرەوە لەدایک نەبێ“ ناتوانێ ببێ بەهاوبەشی ئەو ژیانەی کە مەسیح هێنای تا بیبەخشێ بە جیهان. (یۆحەننا ٣؛ ٣).

گەشەکردنیش هەر وەکو ژیان وایە، خودا کە خونچە دەکات بە گوڵ، وە گوڵ دەکات بە بەر، بە هێزی خودا تۆو چەکەرە دەکا و پێدەگات ”یەکەم چەکەرە، پاشان لاسک، ئینجا گوڵە گەنم.“ (مەرقۆس ٤: ٢٨ ). پێغەمبەر هۆشەع دەربارەی میللەتی خودا دەڵێ ”شکۆفە دەکەن وەک لاولاو، دەژینەوە وەک گەنم، گەورە دەبن وەکو مێو“ (هۆشەع ١٤: ٥، ٧) . مەسیح دەفەرمووێ ”سەرنج بدەنە لاولاو چۆن گەورە دەبێ“ (لۆقا ١٢: ٢٧). گژو گیاو بە حەز و کۆششی خۆیان گەورەنابن، بەڵکوو گەورە دەبن و گەشە دەکەن بە وەرگرتنی ئەوەی کە خودا ئامادەی کردووە بۆ گەورە بوونیان. منداڵ بە هەوڵ وهێزی خۆی ناتوانێ بستێک بخاتە سەر باڵای، تۆش هەروەها لە ژیانی گیانیدا بە هەوڵ و کۆششی

خۆت ناتوانی گەشە بکەیت؛ منداڵ و گژوگیا گەورە دەبن بە وەرگرتنی ئەو شتانەی لە دەورو بەریانە کە خزمەت بە ژیانیان دەکات وەک هەوا، خۆر، ئاو، خۆراک. مەسیح-یش بۆ ئەو کەسانەی قوبوڵی دەکەن و پشتی پێدەبەستن "خۆری چاکە و ڕووناکی هەمیشەییانە" (ئەشعیا ٦٠: ١٩)، (سروود ٨٤: ١١)، ئەو وەک "شەونمە بۆ ئیسرائیل" وەک باران دەبارێ بەسەر گیای تازەی درواودا. "(هۆشەع ١٤: ٥) (سروود ٧٢: ٦)، هەوەها ئەو" ئاوی زیندوو و نانی خودایە... کە لە ئاسمان دێتە خوارێ و ژیان دەبەخشێ بە جیهان. (یۆحەننا ٦: ٢٣).

خودا وەک دیاری بێ سنوور بۆ کوڕی، جیهانی دەورەداوە بەفەزای بەرەکەت هەر بەو جۆرەی کە هەوا دەوری گۆی زەوی گرتووە، هەر کەسێک هەڵمژینی ئەم فەزای بەرەکەت و ژیان بەخشە هەڵبژێرێت، بە ئەندازەی پایەی میللەتی مەسیح دەژی و گەشە دەکات. هەر بەوجۆرەی گوڵ ڕوو دەکاتە خۆری تا تیشک ڕووناکی کار لە گەشە کردن و جوانی گولدا بکات، هەر بەو چەشنە ئێمەش دەبێ ڕوو بکەینە خۆری ڕاستی و دروستی مەسیح، تا ڕووناکی ئاسمان بە سەرماندا پەخش بێت، خوو ڕەوشتمانی پێ گەشە بکات و ببینە هاووێنەی مەسیح.

عیسا هەمان شتی فێر دەکردن کەدەی ووت لە لەمندا جێگیربن، وەمن-یش لە ئێوەدا، هەر وەک چۆن لق خۆی ناتوانێ بەر بگرێ ئەگەر لە درەختی میوەدا جێگیر نەبێ، ئێوەش هەروەها بێ بەر دەبن ئەگەر لە مندا جێگیر نەبن... ئێوە بەبێ من هیچ ناتوانن بکەن. (یۆحەننا ١٥: ٤، ٥)، چۆن لق پێویستی بەقەدی سەرەکی درەخت هەیە تاگەورە بێ و بەر بهێنێ، پێویستی ئێمەش بە مەسیح هەر بەو چەشنەیە تا ژیانی پاک و پیرۆز بژین. بێ ئەو تۆ ژیانت نییە، هێزت نییە ڕوو بە ڕووی تاقیکردنەوەکانی بوەستی و گەشە بکەیت لە چاکیی و پاکیدا، بەڵام ئەگەر لەودا جێگیر بیت وەک ئەو درەختەی کە لە کەناری ڕووبارێکدا بێت، نە وشک دەبێ و نەزڕ، بەڵکوو هەمیشە گەورە دەبێت و بەر دەدات.

گەلێ کەس وابیر دەکەنەوە کە دەبێ بە تەنها خۆیان کاری گەشە کردنیان ئەنجام بدەن، ئەوان کە لێخۆش بوونی گوناهەکانیان بە خۆڕایی لە مەسیح وەرگرتووە، پشتیان بەو بەستووە، چۆن دەتوانن ئێستا بە کۆششی خۆیان ژیانێکی ڕاست و دروست بژین؟ بەڵام ئەمانە هەوڵی بێهوودەن، عیسا دەڵێ "بێ من ناتوانن هیچ بکەن" گەشەکردن وگەورەبوونمان لە نیعمەتدا، خۆشیمان، بەکەڵک بوونمان، هەمووی لە سەر یەکبوونمان لەگەڵ مەسیح دا وەستاوە، لە ڕێگای پەیوەندی و دۆستایەتی قووڵ لەگەڵ مەسیح دا، لە هەموو کات وساتێکدا، (لە ڕێگای چەسپاندنی خۆمان لەودا) ئەوسا ئێمە لە نیعمەتدا گەشە دەکەین و گەورە دەبین. ئەو هەر تەنها دانەر نییە، بەڵکوو تەواوکەری بڕوامانە، عیسا یەکەمین و دواهەمین هەمیشەیی یە. ئەو دەبێ لەگەڵ

مـان بـێ، نـەک لـە سـەرەتا و کۆتـای ڕێگـەدا، بەڵـکوو لـە هـەر هەنگاوێکـی ڕێگاکـەدا. داود دەڵێـت "مـن هەمیشـە خـودام لـە پێـش خـۆم دانـاوە، چونکـە ئـەو لـە دەسـتی ڕاسـتمە، ناجووڵێـم." (سـروود ١٦: ٨).

دەپرسـیت (چـۆن مـن لـە مەسـیح-داجێگیربـم؟) تـۆ لـەودا جێگیـر دەبـی بەهەمان ڕێگـەی کـە ئـەوت یەکـەم پەسـەند کـرد، "وەک عیسـای مەسـیح-تان بەخـودا پەسـند کـردووە، شـوێنی کـەون." (کۆلـۆس ٢: ٦)، "ڕاسـتی بـە بـڕوا دەژی" (عیبرانیـەکان ١٠: ٣٨)، تـۆ کـە خـۆت تەسـلیم کـرد، تەسـلیم بوونێکـی تـەواو بـۆ خزمـەت و گوێڕایەڵـی خـودا، عیسـات قوبوڵکرد بـەڕزگار کەرت، کەتۆ بەتەنهـا ناتوانی خۆت پاک بکەیتـەوە و گوناهەکانـت بسـڕیتەوە یـان دڵـت بگـۆڕی، خـۆت بـدەرە دەسـت خـودای مـەزن، بـاوەڕ بهێنـە کە ئەو ئەم کارەت بـۆ دەکات لەبەر مەسـیح، تـۆ بەبـاوەڕ بویـت بەهـی مەسـیح، تـۆ بەبـاوەڕ بویـت بەهـی مەسـیح بەبـاوەڕ لـەودا گەشـە دەکەیـت. چونکـە ژیـان بریتییـە لـە دان و وەرگرتـن لـە چانـدن و دروێنـە، تـۆ هەمـوو؛ دڵ و ویسـت و خزمەتـت دەدەی بـە خـودا، لـە بری ئـەوەی خـودا نیعمـەت و بەرەکـەت و گیانـی مەسـیح لە دڵتـدا جێگیر دەکات کـە دەبێ بە هێز و ڕەوشـتی دروسـت و پاریدەدەری هەمیشەییت بـۆ گوێڕایەڵـی یاسـای خـودا.

بایەکـەم کاری ڕۆژانـەت خـۆ تەرخانکردن بێـت بـۆ کاری خـودا، بپاڕێـوە و بڵێ"خودایـە تـەواوی بوونـم هـی تۆیـە، هەمـوو نەخشـە و پلانـی ئەمـڕۆم دەخەمە بەردەسـتی تۆ، بە کارم بهێنـە و ڕێنوێنیم بکە بـە حەزی خۆت، لەگەڵم بـە، باتـەواوی کاری ئەمـڕۆم کاری تـۆ بێـت" پێویسـتە لـە سـەرت سـەرەتای هەمـوو ڕۆژێـک ڕوو بکەیـت دەرگای خـودا، گشـت نەخشـە و پلانـی خۆتـی بدەیتـە دەسـت بـۆ جـێ بـە جـێ کردنـی بـەو چەشـنەی کـە خواسـت و ویسـتی خۆیەتـی. بـەو جۆرە ڕۆژ بـە ڕۆژ ژیانت دەدەیتە دەسـت خـودا کەلـە شـێوەی ژیانـی مەسـیح-دا دای بڕێژێـت تـا بـە وێنـەی ئـەو بچیـت.

ژیـان لـە مەسـیح-دا ژیانـی ئاسـوودەییە، هەسـتی مەسـتی تێدا نییە، ئاشـتی هەمیشەیی و باوەڕ.

پێکردنـی چەسـپاوی هەیـە. هیـوای تـۆ لـە خۆتـدا نییـە؛ لـە مەسـیح دایـە. ئـەو لاوازی تـۆ دەگـۆڕێ بـە هێـز، لـە جیاتـی بـێ توانایـی و نەزانیـن، توانـا و زانایـیت پـێ دەبەخشـێت. مەڕوانـە "خـۆت"، بیـرت لـە سـەر "خـۆت" کۆمەکـەوە، بڕوانـە مەسـیح، بابیـرت لـە سـەر خۆشەویسـتی و لـە لەگـەڵ ڕەوشـتی جـوان و پاکـی ئەودا بـژی. با لێبوردن و پاکـی و پیرۆزی و خۆشەویسـتی مەسـیح ببێ بـە بابەتـی تێڕوانینی گیانـت. بـە جێگیرکردنـی خـۆت لـەودا و پشـت بەسـتنی تـەواو پێـی ، دەبیـت بەهاووێنـەی ئەو.

عیسـا ووتـی "جێگیـر بـن" ئـەم ووشـانە مانـای حەسـانەوەی دڵنیایـی و چەسـپانیدن دەگەێنـن، دووبـارە بانگمـان دەکات "وەرن بـۆلام... مـن دەتـان حەوێنمـەوە" (مەتتا ١١: ٢٨، ٢٩). ووشـەکانی داود هەمـان بیـر

دەردەبڕێ "ئاسوودە لە خوادا، وە ئارامگرانە چاوەڕێبکەن" (سروود ٣٧: ٧)، ئەشعیا دڵنیا دەکاتەوە "لەئارام بوون دڵنیا بووندا هێزتان دەبێ" (ئەشعیا ١٥:٣٠)، ئەم حەسانەوەیە بە مانای پاڵدانەوە و تەنبەڵی نییە چونکە لە بانگەوازی ڕزگارکەرماندا بۆکار کردن بەڵێنی حەسانەوەی داوە: "ئێڵی من بەسەرتاندا هەڵگرن... دەحەسێنەوە و ئاسوودە دەبن" (مەتتا ١١: ٢٩)، چەند دڵ حەساوەبێت لە مەسیح-دا. ئەوەندە چالاکتر و گوێڕایەڵتر دەبێ بۆ ویستەکانی مەسیح.

ئەگەر بیر و هۆشی ئێمە پشت بە خۆببەستی بەرەو دوورکەوتنەوە و وەرچەرخانمان دەبات لە مەسیح-ی سەرچاوەی هێز و ژیانمان، ئەوسا شەیتان هەوڵی هەمیشەیی خۆی دەدا کە ڕوو وەرگێڕین لە ڕزگار کەرمان و ڕێگری گفتو گۆ و یەکێتیمان بێت لەگەڵ مەسیح-دا، لەبەر ئەوە هەوڵدەداو تێدەکۆشی بەهەرجۆرێک بێت بمانپچڕێنێ و جیامان بکاتەوە لە مەسیح، لە ڕێی ئاڵۆزی ژیان و تەماع و خۆشییەکانی ئەم جیهانە و هەڵەکانی خۆت و دەوروپشتت. باوریا بین فێل و نەخشەکانی شەیتان هەڵمان نەفریوێنێ. ئەو گەلێ جار سەردەکەوێت بەسەر ئەوانەی کە ویژدانیان زیندووە و ئارەزووی دەکەن بژین بۆ خودا، لە سەر چەوتی و لاوازیان دەژی. بەدابڕینیان لە مەسیح دڵخۆش دەبی و ئارەزووی سەرکەوتن بۆ خۆی دەکات. ئێمە نابێ گوێ بە "خۆ"

بدەین، وەتەسلیم بە دڵپەرێشانی و ترس ببین، ئەمانە هەموو گیان وەردەگێڕن لە سەرچاوەی هێزمان. خۆت تەسلیمی خودا بکە و پشتی پێببەستە، هەمیشە بیرت لای مەسیح بێت، با گیان لەودا بتوێتەوە، گومان و دوودڵی بخەرە لاوە، ترس لە خۆت دوور بخەرەوە، لەگەڵ پۆڵس پێغەمبەر بڵێ "دەژیم- نەک خۆم، بەڵکو مەسیح دەژی لەمندا، من ئێستا بە لەش ناژیم، بەباوەڕ دەژیم ، باوەڕی کوڕی خودا، کە منی خۆش ویست و خۆی بەخشی لە پێناوی مندا." (غەلاتیە ٢: ٢٠)، پشت بە خودا ببەستە و ئەو دەتوانێ بتپارێزێ، خۆت بدەرە دەستی خودا، ئەو ڕزگار و سەرکەوتوت دەکات لەبەر ئەوەی کە تۆی خۆش ویستووە.

کاتێک مەسیح سرووشتی مرۆڤی بەخۆیەوە گرت، بەو کارە مروڤایەتی بەستەوە لەگەڵ خۆی بەبەندی خۆشەویستی کە هیچ هێزێک هەرگیز ناتوانێ بی بچڕێنێت مەگەر لە سەر ویستی مرۆڤ خۆی نەبێت. لەبەر ئەوە بەردەوام شەیتان هەوڵی هەڵخەڵەتاندنمان دەدا لە ڕێی هەموو ڕێگایەکیەوە کە ناچارمان بکات پەیوەندیمان لەگەڵ خودا بپچڕێنین و جیابینەوە لە مەسیح لەم حاڵەتەدا ئێمە دەبێ لە کۆشش و پاڕانەوەی خودا غافڵ نەبین نەک هەڵمان فریوێنێ و گەورەیەکی دی هەڵبژێرین (چونکە ئێمە هەمیشە ئازادین بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی حەزی پێ دەکەین) مەسیح دەمان پارێزێ ئەگەر ئێمە چاومان ببڕینە ئەو و بە ڕزگار کەری خۆمانی قوبوڵ

بکەین، بە ڕووکردنە مەسیح ئێمە پارێزراوین، کەس ناتوانێ بمانفڕێنێ لە دەستی. ئێمە هەرگیز دەستبەرداری نابین"ئێمە هەموومان بە ڕوویەکی کراوە تەماشای شکۆمەندی خوداوەند دەکەین، هەر وەک لە ئاوێنەدا، دەگۆڕێین بۆ وێنەی ئەو، لە پلەیەکی شکۆمەندی بۆ پلەیەکی دی، ئەوەش لە خوداوەندەوە دێت کە ڕۆحە" (٢ کۆرنسۆس ٣: ١٨).

بەڵێ بەم جۆرە یەکەم شاگردەکانی مەسیح توانیان ببن بەهاوێنەی ڕزگارکەری ئازیزیان، کە گوێیان لە قسەکانی بوو هەستیانکرد بەوەی کە پێویستیان پێیەتی، گەڕان بە دویدا و دۆزیانەوە و دوای کەوتن، لەگەڵی دابوون لەماڵەوە، لە سەر مێز، لە کاتی خەو، لە کێڵگە، وەک قوتابی لەگەڵ مامۆستا، وانەی ڕاستی و یرۆزییان لێوەرگرت، وەک کارێک کە فەرمان وەرگرێ لە سەرکردەکەی سەیریان دەکرد تا ئەرکی خۆیان بزانن، ئەو شاگردانە "مرۆڤ بوون وەک ئێمە" (یاقوب ٥: ١٧). ئەوانیش بەرانبەر بە گوناه هەمان جەنگ و نەبەردییان هەبوو کە ئێمە هەمانە، وە پێویستیان بە هەمان نیعمەتی یەزدان هەبوو تا ژیانێکی پیرۆز بژین . تەنانەت یوحەنای شاگردی خۆشەویست، کە هاوێنەیی ڕزگارکەر بە تەواوەتی لەودا ڕەنگیدابۆوە، لەبەر ئەوەی سیفاتە جوانەکانی زگماکی وسروشتی نەبوون، خۆی بە بەرز دەزانی، سەرچڵ و بێباک ، تووڕە، بەڵام کە زۆر لە عیسا نزیک بۆوە و زیادتر سیفاتەکانی بۆ دەرکەوت، هەستی بەکەم و کوڕیەکانی خۆی کرد، زانست ملی پێ کەچ کرد، ئەوی دەبینینی لە ژیانی ڕۆژانەی ڕۆڵەی خودا، لە هێز و لە ئارامی، لە توانا و لە سادەیی، لە شکۆ و لە بێ فیزی، دڵی پڕکرد لە پەسەند کردن و خۆشەویستی و سەروەری و مەزنی مەسیح دا، خوی جێگیرکرد لەودا تابێتە هاووێنەی ئەو، وە دڵێکی نوێ لەودا دروست بکات، وهێزی خۆشەویستی مەسیح خوو ڕەوشتی بە تەواوی بگۆڕێ، ئەمە ئەنجامی دڵنیای یەکبوونە لەگەڵ مەسیح، کاتێک مەسیح لە دڵدا جێگیر دەبێ، سرووشت و خوو لە بنەڕەتدا دەگۆڕێن، چونکە جەوهەر و خۆشەویستی مەسیح دڵ نەرم و گیان ملکەچ دەکات، بیر و ئارەزوو بەرەو ئاسمان و خودا بەرز دەکاتەوە.

کە مەسیح سەرکەوت بۆ ئاسمان شاگردەکانی هەستی ئامادەبوونی خودی ئەویان کرد لەگەڵ خۆیان پر لە خۆشەویستی و ڕووناکی. عیسای ڕزگارکەر کە ڕۆژانە لەگەڵ ئەوان پێکەوە بوو ، هیوای دابوونێ و دڵیانی ئاسوودە کردبوو، کاتێک کە هێشتا پەیامی ئاشتی لە سەر لێوی بوو، بەجێی هێشتن، بەڵینەکانی وەک دەنگدانەوەیەک لە ڕێی هەوری فریشتەکانی ئاسمانەوە گەڕایەوە بۆیان: "ها ئەوەتا من هەمیشە لەگەڵتانم تا کۆتایی جیهان." (مەتتا ٢٨: ٢٠). مەسیح لە شێوەی مرۆڤدا چوو بۆ ئاسمان، شاگردەکانی دڵنیا بوون لە وەی کە ئەو لەبەر دەمی عەرشی خودایە، هاوڕێی ڕزگارکەریان هەست و

سۆزی نەگۆڕاوە، هێشتا یەکێکە لە مرۆڤایەتی زەحمەتکێش، مافی خوێن و برینی دەست و پێی، ئەو نرخەی کە دابووی بۆ کڕینەوەی ئادەمیزاد لەبەردەمر خوادا پێشکەش دەکات، زانیان کە ئەو گەڕایەوە بۆ ئاسمان تا شوێنیان بۆ ئامادە بکات، دێتەوە و دەیانبات تا بۆ هەمیشە لەگەڵیدا بن.

کاتێک پێکەوە کۆبوونەوە پاش سەرکەوتنی بۆ ئاسمان ئارەزوو مەند بوون کە داخوازیەکانیان پێشکەش بە باوک بکەن بەناوی عیساوە، بەڕێز و سەنگینیەوە لە دووعا و نوێژدا سەریان دانەواند ئەو بەڵێنەیان ووتەوە "هەرچی داوابکەن لە باوک بەناوی منەوە دەتاندات ، هەتا ئێستا بەناوی منەوە داواتان لێ نەکردووە، داوابکەن و وەریدەگرن، تا خۆشی و شادی تەواوتان هەبێ" (یۆحەننا ١٦: ٢٣، ٢٤)، کە لەیەک دابڕان دەستی بڕوایان بەرزتروو بەرزتر کردەوە لەگەڵ ووتەیەکی بەڵگەداری بەهێز "مەسیح کە مرد ، هەستاوەتەوە، تەنانەت لە دەستی ڕاستی خودا دایەو بۆمان دەپاڕێتەوە." (ڕۆما ٨: ٣٤)، ڕۆژی پەنجاهەمین مەسیح ڕێ پێشاندەرەی بۆناردن کە پەیمانی پێیدابوون ئەویش "ڕووحی پیرۆز بوو: بۆ ئێوە باشترە کەمن بڕۆمر، چونکە ئەگەر من نەڕۆمر، ڕێ پێشاندەرەکە نایەت بۆلاتان . بەڵام ئەگەر بڕۆمر بۆتانی دەنێرمر" (یۆحەننا ١٦: ٧) لە کاتەوە مەسیح جێگیر بوو لە دڵی منداڵەکانیدا، جێگیر بوونێکی هەمیشەیی، یەکێتی لەگەڵ ئەوان لە جاران نزیکتربوو کە بەلەش لەگەڵ یاندا دەژیا، هێز و ڕووناکی و خۆشەویستی ئاشکراتر لە ژیانیاندا بەدی دەکرا تەنانەت هەر کەسێک دەیبینین "سەر سوڕماو دەبوو، وە دەیناسینی و دەیزانی کە لەگەڵ مەسیح-دا بوون" (کرداری نێردراوان ٤: ١٣).

مەسیح بۆیەکەمر شاگرددەکانی چۆن بوو، حەزدەکات بەهەمان شێوە بێت بۆ منداڵەکانی ئەمڕۆی، لە دوا نوێژ و دوعادا لەگەڵ دەستەیەک لە شاگردەکانی ووتی: "من هەر بە تەنها بۆ ئەمان دووعا ناکەمر، بەڵکو هەروەها بۆ ئەوانەش کە باوەڕ دەهێنن بەمن لە ڕێی قسەکانی ئەمانەوە" (یۆحەننا ١٧: ٢٠). مەسیح دوعا و نوێژی بۆ کردین کە لەگەڵ ئەو ببین بەیەک، هەر بەوجۆرەی کە ئەو یەکە لەگەڵ باوک. ڕزگارکەر دەربارەی خۆی ووتی"کوڕ ناتوانێ بە خۆی شتێ بکات" (یۆحەننا ٥: ١٩) "ئەو باوکەی کە دەژی لەمندا، ئەو کارەکان ئەنجام دەدات" (یۆحەننا ١٤: ١٠) ئەگەر مەسیح لە دڵماندا بژی، لە ئێمەداکاردەکات "هەمر لە ویست و هەمر لە شادی ئەو" (فیلیپیەکانی ٢: ١٣)، کار دەکەین بەو جۆرەی کەئەو کاری کرد، ئەو جەوهەرە لە ئێمەدا ئاشکرا دەبێ کە لەودا ئاشکرا بوو، بەمر جۆرە کە ئەومان خۆشویست و لەودا جێگیر بووین، ئێمە "گەشە دەکەین و گەورە دەبین لەودا لە هەموو شتێکدا کە مەسیح سەرۆکی بێت" (ئەفسۆس ٤: ١٥).

٩

# کار و ژیان

خـودا سـەرچاوەی ژیـان و رووناکی و بەختیـاری جیهانـە، وەکـو ڕۆشـنایی خـۆر، یـان ئـاوی ڕووبارێکـی هەڵقوڵا و لـە کانیەکی زیندوو، خێـر و چاکـە بـە گـشـت دەسـتکردەکانی خـۆی دەبەخشـێ. هـەر کاتێـک ژیانـی خـودا لـە دڵـی مرۆڤـدا جێگیـر بـوو، ئـەو دڵـە خۆشـەویسـتی و پیـرۆزی بـۆ خەڵکـی تـر لـێ دەڕژێـت.

بەختـەوەری ڕزگارکەرمـان لـە یارمەتـی و هەڵسـانەوە و ڕزگارکردنـی مرۆڤـی کەوتـودا خـۆی دەنوانـد، هەمـوو ژیانـی بـۆ ئـەم کارە تەرخانکـرد و حیسـابی بـۆ ژیانـی خـۆی نەکرد، بـێ تـرس و شـەرم بەرگـەی خاچـی گـرت. هەروەهـا هەمیشـە فریشـتەکان لـە کاری خزمـەت و بەختـەوەری ئادەمیـزاد شـادمانن. لـە چـاوی خۆپەرسـتانەوە، درێـژ کردنـی دەسـتی یارمەتـی بـۆ بێچـارە و سەرلێشـێواوان کـە لـە ڕەوشـت و پایـەدا لـە خـوارەوەن، بـە خزمەتێکـی نـزم سـووکایەتی دەزانرێـت، بـەڵام فریشـتەی پاکـی خودا و گیـان و ئەڤینـی مەسـیح و پەیڕەویکەرانـی مەسـیح زۆر بـە گەرمـی و خۆشـحاڵییەوە کاری تێـدا دەکـەن و ئەنجامـی دەدەن.

کاتێـک خۆشەویسـتی مەسـیح لـە دڵـدا پارێـزرا و بێـت، وەکـوو بۆنێکـی خـۆش وایـە و ناشـاردرێتەوە، کاردەکاتە سـەر هەمـوو ئەوانەی لێـی نزیکدەبنەوە، گیانی مەسـیح لـە دڵدا وەک کانیاوێـک وایـە کـە لـە بیاباتێکـدا هەڵدەقوڵێت بۆ زینـدوو کردنەوەی هەمـوو ئەوانەی خەریکە لـە نـاو دەچـن و ئـارەزوو دەکەن لە ئـاوی ژیانی هەمیشـەیی بخۆنـەوە، خۆشەویسـتی بـۆ عیسـا لـە ئارەزوویەکـە مـرۆڤ ڕێنمایـی دەکات بـۆ ئەڤیـن و سـۆز و هـاودەردی لەگـەڵ تـەواوی ئـەو زیندەوەرانـەی کـە باوکـی ئاسـمانیمان بـە تەنگیانـەوە دێ.

ژیانـی ڕزگارکـەر لـە سـەر زەوی، ژیانـی خـۆش گوزەرانـی و بایەخـدان بـە خـۆ نەبـوو، بەڵکـو ژیانێکـی سـەخت و دژوار و تێکۆشـانێکی بـێ وچـان بـوو لـە پێنـاوی ڕزگار کردنـی مرۆڤـی سەرلێشـێواو، لـە دایکبوونـەوە لـە ئاخوڕێکـدا تـا لـە خاچدانـی سـەر جەلجەسـە ڕێـی لـە

خۆبوردنی گرتەبەر، لە فەرمانی گران و گەشتی ناخۆش و کاری گران دەستی هەڵ نەگرت. "کوڕی مرۆڤ نەهات بۆئەوەی خزمەت بکرێت، بەڵکو هاتووە تا خزمەت بکات وژیانی ببەخشێت بۆ کڕینەوەی مرۆڤ" مەتتا ٢٠: ٢٨) خزمەتکردن یەکەم مەبەستی گەورەی ژیانی بوو، شتی کە لە پلەی دووهەمدا دەهاتن هۆ بوون بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە . هیچ شتێک گیانی ئەوی تێر نەدەکرد و تینوویەتی نەدەشکاند وەک گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا و ئەنجامدانی.

ئەوانەی لە نیعمەتی مەسیح دا هاوبەشن، ئامادەن هەموو قوربانیەک بدەن تا ئەو کەسانە بکەن بە هاوبەش الە دیاری ئاسمانیدا کە مەسیح بۆیان مرد. هەر هەوڵێک لە دەستیان بێ دەیدەن بۆ چاک کردنی ئەم جیهانە لەبەر ئەوەی ژیانی تێدا بەسەر دەبەن . خزمەتی ئابەم جۆرە بەری ئەو گیانە چاکانەن کە بەڕاستی بوێ بوونەتەوە و باوەڕیان بە مەسیح هێناوە، وە لە دڵیاندا ئارەزوویەک لەدایک بووە بۆ بانگەواز کردن خەڵکانی دی و ناساندنی خوو ڕەوشتی مەسیح-ی ڕزگارکەریان کە ناتوانن لە دڵیاندا بیشارنەوە . ئەگەر ئێمە ڕاست و دروستی ڕەوشتی مەسیح-مان وەرگرتبێ، دڵمان پڕبووبێ لە شادی گیانی ئەو، ناتوانین بێدەنگبین دوای ئەوەی دیمان و تێ گەیشتین کە "خودا چەند باش و بە ڕەحمە" دەبێ شتێکمان پێ بێتکە بڵێین هەر وەکو فیلیپ کە ڕزگارکەری دۆزییەوە، ئێمەش دەبێ خەڵک بانگ بکەین بۆ ناسینی ئەو، دەبێ هەوڵی دەرخستن و باس کردنی قوربانیەکان وچاکەکانی مەسیح-یان بۆ بکەین، وە بە ڕاستییە نەبینراوەکانی ئەم جیهانەیان بە دڵ دروست دەبێت کە ئەوانەی دەورمان بتوانن ببینن "بەرخی خودا کە گوناهی جیهان لادەبات" (یۆحەننا ١: ٢٩).

هەر هەوڵێک بدەین بۆ بەختەوەر کردنی خەڵکی دی، بە خێر و بەرەکەت دەگەڕێتەوە بۆمان. مەبسەتی خودا هەر ئەمە بوو کە مرۆڤی کرد بە هاوەبەشی خۆی لە کردەوەی کڕینەوەدا، وە ئەو مافەی پێ بەخشین کە ببن بە هاوبەش لە سروشتی ئاسمانیدا، تا ئەوانیش بە نۆرە خۆیان هەڵسن بە بڵاو کردنەوەی ئەم بەرەکەتە لە نێو هاوڕەگەزیاندا . ئەمە بەرزترین شەرەف و مەزنترین شادییە کە دەکرێ خوداوەند بە مرۆڤی ببەخشێ ئەوانە نزیکترین کەسن لە خودا کە لەکاری خۆشەویستیدا هاوبەشی خودا دەکەن.

خودا دەیتوانی پەیامی ئینجیل. وە گشت کاری خزمەتی خۆشەویستی بەفریشتەکانی ئاسمانی بسپێرێت. یان دەیتوانی هەرئامێرێکی دی بۆ ئەنجامدانی مەبەستی بخاتە کار، بەڵام ئەو مرۆڤی هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی، لەگەڵ مەسیح، وە لەگەڵ فریشتەکاندا مرۆڤ ببن بە هاوکار، تا بتوانن ببن بە هاوبەش لەبەرەکەت و لە شادی و لە گەشەی گیانی کە لەم خزمەتە گەورەیە بە ئەنجام دێ.

ئێمە لە ڕێی زەحمەت و ئازارەکانی مەسیح-ەوە بوین بە هاوبەشی ئەو. هەرکارێکی لە خۆبوردن لە پێناوی خزمەت بە خەڵکی دی گیانی چاکە لە مرۆڤدا بەهێز دەکات، دەیکات بە هاوپەیمان و لە ڕزگارکەری جیهان نزیکتری دەخاتەوە، ئەو کە "دەوڵەمەند بوو، لە پێناوی ئێوەدا بووە هەژار، هەتا ئێوە بە هەژاری ئەو دەوڵەمەند بن" (٢ کۆرنسۆس ٨: ٩)، وە هەتا ئێمە کار نەکەین بەو جۆرەی کە مەبەستی خودایە لە دروست کردنی مرۆڤ، ژیان بەرەکەتی بۆ ئێمە نابێت.

ئەگەر تۆ کار بکەیت وەکو مەسیح نەخشەی دەکێشێ و شاگردەکانی دەیکەن، وە خاڵکی دۆڕاو و سەرای شێواو بگەڕێنیتەوە بۆ خودا. هەست بە پێویستی تاقیکردنەوەی قووڵتر و زانستی بەرینتر دەکەی لە نیازی ئاسماندا. برسی و تینووی چاکە دەبیت، لە خودا دەپاڕێیتەوە کە بڕوات بە هێز بکات، وە گیانت بە قومی فراوانتر لە سەرچاوەی ڕزگاری ئاوبدات. هەر بەربەرەکانێ و تەنگو چەڵەمەیەک کە تووشت بێن ڕێنوێنیت دەکەن بەرەو ووشەی پیرۆزی خودا و دووعا و نوێژ، وە نیعمەت وزانستی مەسیح-دا گەشە دەکەیت و گەورە دەبیت، تاقیکردنەوەی بە نرخت دەست دەکەوێت.

گیانی لە خۆبورد، ڕەوشتی قووڵی و، پتەویی و، پاکی، مەسیحەتی وەردەگرێ، ئاشتی و بەختیاری دەهێنێ بۆ هەڵسووڕێنەری، ئارەزوو بەرز دەکاتەوە و ماوە بە تەنبەڵی نادات، ئەوانەی بەم جۆرە لەمەشقی نیعمەتی مەسیحیەتیدا بن، گەورە و بەهێز دەبن بۆکارکردن لە ڕێگای خودا. دیتنی ڕوون، بڕوای پتەو، لە دووعا و نوێژدا هێزی زیادتریان دەبێ. گیانی خودا بەسەر گیانیاندا دەسووڕێتەوە و ئاوازێک پەخش دەکات کە لە گەل ئاوازی ئاسمانیدا سازگارە، ئەوانەی ژیانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ کۆششی پەک لە پێناوی سوودی خەڵکی تردا، ئەوان لە ڕاستیدا کار بۆ رزگاری خۆیان دەکەن.

تەنها ڕێگە بۆ گەورە بوون لە نیعمەتدا ئەوەیە کە بە پاکی و دڵسۆزی کاربکەین، لە و کارەی کە مەسیح پێی سپاردووین، وە ئەوپەڕی هەوڵ و توانامان بخەینە کار بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە یارمەتی ئێمە هەیە . هێز لە کار و مەشق کردندا دروست دەبێ، چالاکی مەرجی ژیانە . ئەوانەی هەوڵ دەدەن ژیانی مەسیح بپارێزن بە قوبەلکردنی بەرەکەت کە بۆیان دێ لە ڕێی ئامێری نیعمەتەوە "بێ ئەوەی هیچ کارێک بۆ مەسیح بکەن، وەکو ئەوانەن کە دەیانەوێ بخۆن و بژین بێ ئەوەی کاربکەن. ئامێری گیانی-ش هەروەکو ئامێری جیهانی سروشتی، لاواز و خراپ دەبێ ئەگەر نەخرێتە کار. ئەو مرۆڤەی ئەندامی لە شی خۆی بەکار نەهێنێت بە زوویی هەموو هێزی بەکارهێنانیان وون دەکات، هەر بەوجۆرە ئەو مەسیحییەی کەئەو هێزەی خودا پێی بەخشییوە نەیخاتە کار، نەک تەنها لە گەورە

بـوون ڕادەوەستێ، بەڵکـو ئـەو هێـزەی کـە ئێـستا هەیەتـی لـە دەسـتی دەدا.

خـودا کلێسـای کـردووە بـە ئامێرێـک بـۆ ڕزگاری مـرۆڤ، فەرمانی ڕاگەیاندنی ئینجیلی بۆ سەرتاسـەری جیهان پێ سپاردووە. ئەم فەرمانە پێویسـتی سەرشـانی هەمـوو مەسـیحییەکە، هـەر کەسـێک بـە ئەنـدازەی هـەوڵ و توانـای لـە سـەریەتی ئەنجامـی فەرمانـی خـودا بـدات، چونکـە ئـەو خۆشەویـستییەی کـە مەسـیح بۆی دەرخسـتین بەتـەواوی قەرزدارمـان دەکات ڕووبـەڕووی ئەوانـەی کە هێشـتا تامـی ڕزگاریان نەچەشـتووە. خـودا ڕووناکـی بە ئێمـە داوە نەک هـەر بەتەنهـا بـۆ خۆمـان ، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی بەسـەر ئەوانیشـدا پەخشـی بکەین. ئەگەر گشت پەیڕوکەرانـی مەسـیح بـە ئـاگا بوونایـە لـە ئەرکی سەرشـانیان، ئەمـڕۆ دەبوایـە لـە جیاتـی چەنـد کەسـانێک بـە هـەزاران خەریکـی بڵاوکردنەوەی پەیامـی ئینجیـل بوونایە لـە وڵاتانەی کـە نازانن مەسـیح بـۆ ڕزگارکردنـی مرۆڤایەتی هاتـووە، وە ئەوانـەی کـە خۆیان ناتوانـن بەم کارە هەسـتن، دەتوانـن بەمـاڵ و بـە کـردەوە و نوێـژ یـان لـە وڵاتانـی مەسـیحیدا لـە گەڕانـەوەی خەڵکـی بۆ ڕێـگای خـودا پشـتگیری بکـەن.

ئێمـە پێویسـتیمان بـەوە نییـە بڕۆیـن بـۆ ئـەو وڵاتـە دوورانـەی کـە خوداوەند ناناسـن و خزمـەت بـە مەسـیح بکەین، یـان چـوار چێوەی تەنگـی ماڵەوەمـان کـە تێـدا دەژیـن بەجێـی بهێڵیـن، لە و شـوێنانەی کە پێویسـتە ئێمە کاری تێدا بکەیـن یـان هاتوچـۆی دەکەیـن دەتوانیـن لـەوێ خزمەتـی خۆمـان بـە مەسـیح بکەیـن، لەمـاڵ، لـە شـوێنی کار، لـە کلێسـا، لـە نێـو ئەوانـەی کـە تێکەڵاوییـان دەکەیـن، ئەوانەی کە سـەوداو مەمەڵەمـان لەگەڵیانـدا هەیـە.

ڕزگار کەرمـان بەشـی زۆری ژیانـی لـە سـەرزەوی لـە دارتاشـی خانەیەکـدا لـە شـاری ناسـیرە بەسەر برد فریشـتەکان خزمەتیان دەکرد شانبەشـانی جوتیـاران وکرێکاران دەڕۆیشـت بێ گوێدانـە جێـگا و پلـە و پایەیەکـی تایبەتـی. بـەو پـەڕی ئارامـی و ڕاسـت و دروسـتیەوە لـە پیشـە ساکارەکەیدا پەیامـی خـۆی ئەنجـام دەدا، وە هـەر بـەو جـۆرەش بـوو کاتێک نەخۆشـی چاک دەکـردەوە یـان لە سـەر شـەپۆلە بێ ئارامەکانی دەریـا جەلیل هاتوچـۆی دەکـرد. هەروەها ئێمە دەتوانیـن لـە سادەترین پیشـەدا وە لـە نزمترین پایـەی ژیانـدا لەگەڵ عیسـادا بڕۆیـن و کاربکەین.

پۆڵـس پێغەمبـەر دەڵـێ "پێویسـتە هـەر یەکـە بـەو شـێوەیە بمێنێتـەوە لەگـەڵ خـودا کە تێیـدا بـووە کاتێ بانگ کـراوە" (١کۆرنسـۆس ٧: ٢٤)، بـازرگان دەتوانـێ کاروبـاری بـە ڕێگەیەکـی وا هەڵسـووڕێنێت کە گەورەیی خۆی شـکۆمەند بـکات ئەگـەر دەسـت پـاک بێـت لـە کارەکەیـدا بڕواکـەی بەرێتـە نـاو هەمـوو مامەڵەیەکیـەوە وە جەوهـەری مەسـیح لـە گشـت ڕەفتارێکیـدا دەربخـات. پێشەسـاز دەتوانـێ سـەر ڕاسـت و بەڕێـز بێـت، نوێنـەری خوداوەنـدی بێـت کـە زەحمەتـی دەکێشـا و پەیامـی لـە سادەترین و بچوکترین پیشـەدا دەگەیانـد. بـەم جـۆرە پێویسـتە لـە سـەر هـەر یەکێـک کـە بەنـاوی

مەسیح ناودەبرێ کاری وا ئەنجام بدات کە خەڵکی دی بەبینیی کارە باشەکەی ڕابەر و نموونە بن بۆ شکۆمەند کردنی دروستکەر و ڕزگارکەریان. گەلێک کەس لە پێشکەش کردنی خزمەتیان بە مەسیح بیانوو دەهێننەوە کە گوایە وەکو خەڵکی دی خاوەن بەهرە و سەلیقەی نایاب نین. لای هەندێکیان باوەڕێک بووە بە باو کە خۆ تەرخان کردن بۆ خزمەتی خودا بەهرەی تایبەتی و توانا و سەلیقەیەکی وای پێویستە کە تەنها کەسانێکی تایبەت هەیانە "بەڵام ئەم بیرە ڕێک ناکەوێت لەگەڵ ئەو پەندەی کە مەسێح هێنایەوە" کاتێک کە ئاغا نۆکەرەکانی بانگ کرد، بە هەر یەکێک لەوان کارێکی سپارد کە تایبەت بوو بۆ ئەو (مەرقۆس ١٣: ٣٤).

ئەگەر ئێمە گیانی خۆشەویستمان هەبێ دەتوانین هەر فەرمانێکی ژیان هەرچەندە نزمیش بێت ئەنجام بدەین "وەکو بۆ خودا" (کۆلۆس ٣: ٢٣)، ئەگەرخۆشەویستی خودا لەگەڵ ماندا بێت، لە ژیانماندا دەردەکەوێت، بۆنی خۆشی مەسیح-ی لێ هەڵدەستێ، کارتێکردنمان لە سەر خەڵکی دی دەبێتە مایەی بەرز بوونەوەی بەختیارییان.

نابێ چاوەڕێی هەلی گەورە، یان بەهرە و توانای زۆر بکەی تاکو بتوانی خزمەت بە خودا بکەیت. نابێ بیر لە وە بکەیتەوە کە خەڵکی چی دەڵێن دەربارەی تۆ، ئەگەر ژیانی ڕۆژانەت گەواهی بدات لە سەر پاکی و ڕاستی و حەزکردنت بە خزمەتی خەڵکی و سوود و چاکەیان، ئەوە هەوڵ و کۆششت بە خۆڕایی ناچێت.

سادەترین و هەژارترین کەس لە شاگردانی عیسا دەتوانن مایەی خێر و چاکە بن بۆ خەڵکی دی. ڕەنگە هەست نەکەن بەهەر چاکەیەکی تایبەتی کە دەیکەن، بەڵام بەکار تێکردنی نا ئاگایان شەپۆلی خێر و چاکە بڵاو دەکەنەوە، وە لە وانەیە هەرگیز بە ئەنجامی پیرۆزی ئەم کارتێکردنە نەزانین تا ئەو ڕۆژەی خودا پاداشتیان دەداتەوە. ئەم جۆرە کەسانە گوێ نادەنە ڕادەی ئەو سەر کەوتنانەی کە لە ژیاندا پێی دەگەن، بە هێمنی دەڕۆنە پێشەوە، ئەو کارەی کە دەسەڵاتی خودا بۆیان دیاری دەکات بە ڕاستی و پاکی ئەنجامی دەدەن، ژیانیان پووچ و بێهوودە نابێت، زۆرتر و زۆرتر پێدەگەن هەتا دەبن بەهاووێنەی مەسیح و نموونەی ئەو، پێکەوە لەگەڵ خودا کاردەکەن لەم ژیانەدا، هەروا شیاو دەبن بۆکاری بەرزتر و شادی و پاکی لە ژیانی ئەو جیهانەی تردا.



١٠

# ناسینی خودا

ڕێگا زۆرن کەخودا تێیدا هەوڵ دەدات خۆی بە ئێمە بناسێنێ و بمان کات بە هاوبەشی خۆی. سروشت بێ وچان لەگەڵ هەست وهۆشمان دەدوێ، ئەڤین و شکۆی خودا کە لە ڕێی کارەکانیەوە دەردەکەون کار لە سەر هەر دڵێکی کراوە دەکات، ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی خودا لە ڕێی شتەکانی سرووشتەوە دەتوانین بیان بینین بیان بیستین، کێڵگە سەوزەکان، درەختە بەرزەکان، خونچە و گوڵان، هاتوچۆی هەور، باران بارین ، هاژەی چەم، مەزنی ئاسمان، هەموو لەگەڵ دڵمان دەدوێن، بانگمان دەکەن بۆ ئاشنابوونی خودای دروست کەریان ڕزگارکەرمان نموونەی دەرسە بەنرخەکانی لە نێو سرووشتدا دەهێنایەوە، وەکو دار و مەل وگوڵ و دۆڵ وگرد و گۆم و جوانی ئاسمان، دەیبەستن بە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی دەورە پشتمان کە هەموو پەیوەست بوون لەگەڵ ووتەکانی خودا تا لە بیر نەچنەوە لە نێو گیر و گرفت و کاری سەختی ژیاندا. خودا دەیەوێ کارەکانی پەسەندبن لە لایەن منداڵەکانیەوە تا شاد بن بەو جوانییە ساکار و هێمنەی کە ماڵی زەویمانی پێ ڕازاندۆتەوە، چونکە ئەو دڵداری جوانییە، بە تایبەتی جوانی ڕەوشت کە پەسەند دەکات بەسەرهەموو جوانییەکی دەرەوەییدا، ئەو دەیەوێت ئێمە پەروەردەی پاکی و سادەیی بین وەکو جوانی گوڵ.

ئەگەر ئێمە باش سەرنجی کارەکانی خودا بدەین زۆر دەرسی گرنگیان لێوە فێر دەبین لە گوێڕایەڵی و باوەڕ هەر لە ئەستێرەکانی ئاسمانەوە بیگرە کە بە درێژایی تەمەنی ڕۆژگار بە دوای مەداری دیار کراوی خۆیاندا لە سوڕنەوەدان، تا هەر ئەتۆمێکی (زەرەیەکی؟) بچووک لە جیهاندا گوێڕایەڵی لە ویستی دروست کەریا دەکەن خودا بایەخ دەدات بەهەر شتێک کە دروستی کردووە و دەیان پارێزێ. خودا کە جیهانی لە ژمارە بەدەر لە ئاسمانی بەربڵاودا ڕادەگرێت، لە هەمان کاتدا بە تەنگ ویستی چۆلەکەیەکی بچووکەوە دێت کە بێ ترس دەجریوێنێ.

کە زەحمەت کێشان دەڕۆن بۆ سەرکاری ڕۆژانەیان... خەریکی دووعا و نوێژن... لە نێو جێگادان... لە خەو هەڵدەستن، کاتێ دەوڵەمەند سەرگەرمە بە میوانی و ئاهەنگەوە لە کۆشکەکەیدا، کاتێ هەژار منداڵەکانی کۆدەکاتەوە لە سەر سفرە خالیەکەی تا نانی ڕووتیان بە سەردا دابەش بکات، هەر یەکەیان بەسۆز و بەزەییەوە لە لایەن باوکی ئاسمانی یەوە بەوردی سەیردەکرێ، فرمێسکێک نییە کە بڕێژرێ و خودا نەبینێت، زەردەخەنەیەک نیە ئەو ئاگای لێ نەبێت.

ئەگەر ئێمە بە تەواوی بڕوامان بەم هێز و توانایە رهەبێت گشت پەرێشانیەکانمان دەڕەوێنەوە و نامێنن، ژیانمان ئەوەندە بێ هیوا نابێ وەک ئێستا، چونکە هەموو کار و بارمان بچووک یا گەورە دەدرێنە دەست خودا کە بێ گیر و گرفت جێ بەجێی دەکات، ئەوسا گیانمان دەحەسێتەوە و ئارام دەبین کە دەمێکە خۆمان وانەدیوە. کاتێک کە بە جوانی دڵڕفێنی زەوی هەستت شاد دەبێ، بیرت لای ئەو جیهانەی تر بێت کە دێت، جیهانێک کە هەرگیز گوناە و مردن ناناسێ، سایەی نەفرین نایگرێتەوە، جوانتر و شکۆدارترە لە هەر وێنەیەک کە خەیاڵی تۆ دەتوانێ بیکێشێت. ئەمە لە دیارییە جۆراوجۆرەکانی خودا لە سرووستدا تەنهاترووسکەیەکی کەم لە شکۆمەندیەکانی ئەو دەبینین، هەر وەکو دەڵێ ”چاو نەی دیوە گوێ نەیبیستوە ، بە بیردا نەهاتووە، ئەو شتانەی کە خودا ئامادەی کردوون بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێ“ (١ کۆرنسۆس ٢: ٩).

هونەرمەندان سرووشت ناسان گەلێ شتیان هەیە کە بیڵێن دەربارەی سرووشت، بەڵام ئەوەی کە ئەوپەڕی خۆشی لە جوانی سرووشتی زەوی دەبینێ خواناسە، چونکە کاری دەستی باوکی تێدا دەناسێتەوە، وە لە گوڵ و دەوەن و درەختدا خۆشەویستی خودا هەست پێدەکات، هیچ کەس ناتوانێ بە تەواوی لەمانای کەژ و دۆڵ وچیا بگات ئەگەر وەکو دەربڕینی خۆشەویستی خودا سەیریان نەکات.

خودا لە ڕێی بایەخ دان و کارتێکردنی گیانی خۆیەوە لە سەر دڵمان دەمان دوێنێ . ئێمە دەتوانین لە ڕوداوەکانی ژیان گۆڕان کارییەکانی ڕۆژانەی دەور و پشتمان دەرسی بە نرخ لە خۆشەویستی خودا وەربگرین ئەگەر تەنها دڵمان بکەینەوە بۆ بینینیان، هەر وەکو داود وەسفی دەکات و دەڵێ ”زەوی پڕە لە چاکەی خودا ، وە، هەرکەس زانابێت هەستی پێ دەکات دەی بینێت، ئەوسا لە میهرەبانی خۆشەویستی خودا تێ دەگات“ (سروود ٣٣: ٥، ١٠٧، ٤٣).

خودا لە وتەکانیدا لەگەڵ مان دەدوێ، بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا تێدا سیفاتی خۆی، ڕەفتاری لەگەڵ مرۆڤ، وە کاری مەزنیی ڕزگار کردنی مرۆڤ دەردەخات. مێژووی باوکان و پێغەمبەران و پیا و چاکانی ئاینی کۆن لەبەر دەممانداا کراوەیە، کە ئەوانیش مرۆڤ بوون ”وەکو ئێمە لە ژێر باری ئازاردا بوون“

(یاقـوب ٥: ١٧)، لـه هـەل و مەرجـی سـەختدا وەکـو ئێمـە زەحمـەت کێـش بـوون، لە ژێـر باری هەڵفریواندنـدا بـوون و وەکـو ئێمـە کەوتـن، پاشـان هەڵسـانەوە و سـەرکەوتوو بـوون لـە ڕێـی یارمەتـی و نیعمەتـی خـودا. ئێمـە کـە ئەوان دەبینیـن ورەمـان لە تێکۆشـان بـەدوای ڕاسـتی و دروسـتیدا بەرزدەبێتەوە. کە لە سـەر تاقیکردنەوە بە نرخەکانیان دەخوێنینەوە، خۆشحاڵبوونیان لە ڕووناکی وخۆشەویستی و بەرەکەتدا، ئەوکارانەی کەکردیان، ئەو گیانەی کەدەریان خسـت، ئەوسـا گـڕی ئارەزوویەک لـە دڵماندا کڵپە دەسـێنێ و کە دەخوازیـن وەک ئـەوان بیـن لـە ڕەوشـتدا، وەک ئـەوان لەگـەڵ خـودا ڕێ بکەیـن.

عیسـا دەربـارەی پەیامی کـۆن ووتی"ئـەو کـە شـایەتی بـۆ مـن دەدات" (یۆحەننـا ٥: ٣٩)، ئـەم ووتەیـە لـە ئینجیـل دا زیادتـر ڕاسـتی دەدرکێنێـت. مەسـیح-ی ڕزگارکـەر جێـی هیوامانـە بۆژیانـی هەمیشـەیی، بەڵـی هەمـوو پەرتووکـی پیرۆز لـە بارەی مەسـیح-ەوە دەدوێ. هـەر لـە ووتـەی یەکەمـی "دروسـت بنـەوە" کـە دەڵـێ "بـێ ئـەو شـتانەی کـە دروسـت بوون هیچـی دروسـت نەدەبـوون." (دوا بەڵێـن ٢)، تـا دەڵـێ "سـەیر کـەن مـن بـەم زوانـە دێـم" ئێمە لـە سـەر کارەکانـی دەخوێنینـەوە و گـوێ لـە دەنگـی دەگریـن . (یۆحەننـا ١: ٣، دەرکەوتـن ٢٢: ١٢). ئەگـەر بتـەوی ئاشـنابیت لەگەڵ مەسـیح دا پێویسـتە پەرتووکـی پیـرۆز بخوێنیتـەوە.

هەمـوو دڵـت پڕبکـە لـە ووتـەی خـودا، ئـاوی زینـدوو تینوویـت دەشـکێنێ، نانـی زینـدووی ئاسـمانی تێـرت دەکات. عیسـا ڕایگەیانـد "ئەگـەر لـە لەشـی ڕۆڵـەی مـرۆڤ نەخـۆن و لـە خوێنەکەشـی نەخۆنـەوە ژیـان لـە دەروونتانـدا نابێـت". (یۆحەننـا ٦: ٥٣). پاشـان ماناکـەی ڕوونکـردەوە و ووتـی "ئـەم ووتانـەی مـن کـە لەگەڵتانـدا پێیدەدوێـم، ئـەوان گیانـن، ئـەوان ژیانـن." (یۆحەننـا ٦: ٦٣)، هەروەکـو چـۆن لەشـمان دروسـت دەبێـت بـەوەی دەیخۆیـن و دەیخۆینـەوە؛ کـە ئەمـە یاسـامان و گەشـەی سرووشـتە، هەمـان یاسـا لەمـان و گەشـەی گیان-یشـدا هەیـە؛ کـە بە هەمـان جۆر گیانمـان پێ دەگات و گەشـە دەکات بەو خۆراکە تاقیکردنـەوە ڕووحیانـەی کەپێـی دەدەیـن.

بابەتـی ڕزگارکـردن یەکـێ لـە و بابەتانەیـە کە فریشـتەکان حەزدەکـەن بـەوردی بیبینن، کە سـروود و زانسـتیەکی بێ ووچانی هەتـا هەتاییە بـۆ ڕزگاربـوون، ئایـا ئێسـتا شـایانی بیـری وورد و لێکۆڵینـەوەی قـووڵ نییـە؟ خۆشەویسـتی ڕەحمەتی بێ سـنووری مەسـیح، لـە خۆبوردن و قوربانـی گـەورەی لـە پێنـاوی ئێمەدا، تـێ ڕامان و شـیکردنەوەیەکی قووڵـی دەوێ. ئێمە پێویسـتە توێژینـەوەی زۆر لـە سـەر سیفاتی ڕزگارکەرمان بکەیـن وە پتـر بیـر لـە پایامـی خۆشەویسـتی و ڕەحمەتـی ئەو بکەینەوە کەهات بـۆ ڕزگارکردنی ئادەمیـزاد. کاتێـک کە ئێمـە بڕوانینە ئـەم بابەتە ئاسـمانیانە، ئەڤیـن و بڕوامان بەهێـز ترو دووعا و نوێژمـان لای خـودا وەرگیراوتـر دەبێـت، چونکـە زۆرتـر لەگـەڵ خۆشەویسـتی و بـاوەڕدا تێکـەڵ دەبیـن. باوەڕمان پتەوتر دەبێت بە عیسا

و تاقی کردنـەوەی زیندووی ڕۆژانـە بـە هێـز و توانـای ڕزگارکردنی و ڕێگای گەڕانەوەی خەڵک بـۆلای خـودا لە ڕێـگای مەسـیحەوە.

کاتێک ئێمە بیر ە لە ڕەوشتی تەواو بەرزی ڕزگارکەرمـان دەکەینـەوە، ئـارەزوو دەکەیـن بەتـەواوی بگـۆڕێـین و لـە وێنـەی پاکێتـی ئـەودا نـوێ ببینـەوە، گیانمـان پتـر برسـی و تینـووی لە یەکچوونی ئـەو دەبـێ. هەرچـی زۆرتـر بیرمـان لای مەسـیح بـێ پتـر لـە سـەر ئـەو دەدوێـین بـۆ کەسـانی دەور و پشـتمان و پیشـانیجیهانی دەدەیـن. ووتـەی پیـرۆزی خـودا لـە پەڕتووکـە پیرۆزەکانـدا تەنهـا بـۆ زاناکان نەنوسـرابوون، بە پێچەوانـەوە، تەرخـان بـوون بـۆ خەڵکی سـادە. ڕاسـتیە مەزنەکان کە پێویسـتن بـۆ ڕزگاری وەکو ڕۆژی ڕوونـاک تێـدا بەیـان کـراوە تـا هیچ کەس بـە هەڵـەدا نەچـێ و ڕێ وون نـەکات، جگە لە و کەسـانەی کـە دوای قەزاوەتـی خۆیـان دەکـەون لـە جیاتـی ویسـتی ڕوون و ئاشـکرای خـودا.

ئێمـە نابـێ چاوەڕێـی ئەوەبیـن کـە لـە ڕێـگای خەڵکـەوە فێربیـن کـە پەڕتووکـە پیرۆزەکانـی چیمان فێر دەکەن، بەڵکو پێویسـتە خۆمـان ووتەکانـی خـودا بخوێنینـەوە. چونکـە ئەگـەر ئێمـە مـاوە بدەیـن خەڵکـی دی کاری بیرکردنەوەمـان ئەنجـام بـدەن، ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئیفلیـج کردنـی وزە و چالاکـی بیرمـان، توانـای گیانمـان بـەرەو مـردن دەبـات. هێـزی بـە نرخـی بیـر و هۆشـمان ئەگـەر بـۆ مەشـق و لێکۆڵینـەوە لـە بابەتـی شایسـتەی وادا بـەکار نەهێنرێـت، لـە گـەورە بـوون ڕادەوەسـتێ و ناتوانـێ پـەی بـە مانـای قووڵـی ووتـەی خـودا بەرێـت. بـە لێکۆڵینـەوە و بـراورد کردنـی بابەتەکانـی ئینجیل لەگـەڵ پەڕتووکە پیرۆزەکانی دی و ئایـەت لەگـەڵ ئایـەت و بابەتـە گیانیـەکان لەگـەڵ یەکـدی بیـری مـرۆڤ بـە توانا و فـراوان دەکات ئەگـەر لـەم مەشـقەدا بـەکار بهێنرێـت.

هیـچ کارێـک وەکـو خوێندنـەوە و لیکۆڵینـەوەی ووتەکانـی خـودا بیـر و هـۆش بەهێـز نـاکات، هیـچ شـتێک وەک بیرکردنـەوە لـە ڕاسـتییە قـووڵ و پاکەکانی پەڕتووکی پیرۆز بیـر و ئەقـڵ پێناگەیەنـی و بـەرز ناکاتـەوە . ئەگـەر ووتەکانـی خـودا بەوردی وەکو پێویسـت بخوێنرێتـەوە، فراوانـی بیر، و بەرزی ڕەوشـت، و پتـەوی ورەی تێدا دەدۆزیتەوە، کە بەدەگمەن لـەم ڕۆژگارەدا دەبینرێـن.

خوێندنـەوەی پەڕتووکـی پیـرۆز بەپەلـە کەڵکـی کەمـی لـێ وەردەگیرێـت، لـە وانەیـە یەکێـک تـەواوی ئینجیـل بخوێنێتـەوە، بـەڵام سـەرکەوتوو نابێـت لـە بەدیکردنـی جوانیەکانـی یـان لەمانـای قـووڵ و شـاراوەی تـێ نـاگات، خوێندنـەوەی ئایەتێـک بەلـێ تێگەیشـتنەوە لەماناکـەی ولەپەیوەنـدی بـە پلانـی ڕزگارکردنـی مرۆڤـەوە، گەلێـک بـە کەڵـک و بەنرخترە لـە خوێندنـەوەی چەنـد بەشـێکی ئـەو پەڕتووکە کە نەتوانـی بیـر و ڕایەکـی ڕوون لـە سـەر مەرامێـک یـان شـیکردنەوەیەکی پۆزەتیڤـی لـێ بـە دەسـت بێنێـت. کەواتـە ئینجیلەکـەت لەگـەڵ خـۆت هەڵگـرە، کەی هەلت بـۆ هەڵکەوت بیخوێنەوە، وتەکانـی لـە بیرتـا بچەسـپێنە و لـە بیـری مەکـە،

تەنانـەت کاتێـک بـە ڕێـگادا دەڕۆیـت، دەتوانـی ئایەتێـک بخوێنیـەوە و لـە یادتـدا بیهێڵیـەوە . ئێمـە ناتوانیـن ئەقـڵ و دانایی بە دەسـت بهێنین بەبـێ خوێندنـەوەی پەڕتووکـی پیـرۆز بـە تێبینی ورد و دڵـی پـڕ لە دووعـا و نوێژەوە نەبێت. چەند بەشـێکی پەرتووکـی پیـرۆز لـە ڕاسـتیدا ئەوەندە ڕوون و سـادەیە کـە مـرۆڤ بـۆ تێگەیشـتن لێیـان بـە هەڵـەدا ناچێـت. بـەڵام بەشـەکانی دی ماناکانیـان قووڵـە و بەچـاو پێخشـاندنێک دەرناکـەون، دەبێ ئایەت لەگەڵ ئایـەت بەراورد بکرێـت، لێکۆڵینـەوەی ورد و بیـری پاکـی نوێژ و دووعـای دەوێ. خوێندنـەوەی ئەم جۆرە بەخێر و چاکـەی فـراوان بۆمـان دەگەڕێتـەوە. وەک چـۆن ئەوانـەی بـەدوای بـەردە گرانبەهاکانـدا ناوجەرگـی زەوی دەگەڕێـن و دەکۆڵنـەوە، هەروەهـا ئێمـەش پێویسـتە لـە ووتەکانـی خودا بـەدوای گەنجـی شـارراوەدا بگەڕێیـن تـا ئـەو ڕاسـتییە بەنـرخ و بەهایـان بدۆزینـەوە کـە ونن لەبـەر چـاوی ئەوانـەی پەرتووکـی پیـرۆز بەپەلـە چاو پێخشـاندنی سـەرپێیی یـەوە دەخوێندنەوە. ئەگـەر بیـر لـە ووشـەکانی مەسـیح بکەینـەوە بەووردی لـە دڵماندا، وەک ڕوبـاری هەڵقوڵاوی سـەرچاوەی ژیانـن.

نابێ ئینجیـل هەرگیـز بێ دووعـا و نوێـژ بخوێندرێتـەوە، بـەر لـە هەڵدانـەوەی پەرەکانی پێویسـتە نوێـژ بخوێندرێتـەوە، بەر لە هەڵدانـەوەی پەرەکانـی پێویسـتە ئێمـە ڕووناک کردنـەوەی لـە ڕوحـی پیـرۆز داوابکەیـن، کـەی داخـوازی کـرا دەدرێـت کاتێـک نەتەئیـل هـات بـۆ لای عیسـا، ڕزگارکـەر دەربـارەی ئـەو ووتـی ”ببینـن! ئیسـرائیلییەک کـە بـە ڕاسـتی فێـڵ و گـزی تێـدا نـی یـە.“ نەتەنائی پێـی ووت لـە کوێ مـن دەناسـی؟ عیسـا لـە وەڵامـدا ووتـی ”پێـش ئـەوەی فیلیـپ تـۆ بانـگ بـکات، کاتێـک لـە ژێـر دارهەنجیرەکـەدا بوویـت، مـن تـۆم دی.“ (یۆحەننـا ١: ٤٧، ٤٨)، هەروەهـا عیسـا ئێمـە لـە خەڵوەتـگای دووعـا و نوێـژدا دەبینێـت ئەگـەر ئێمـە بـە دوایـدا بگەڕێیـن و داوای ڕووناکـی لێبکەیـن بـۆ ناسینی ڕاسـتی.

فریشـتەکانی جیهانـی ڕووناکـی لەگـەڵ ئەوانـەدان کـە بـە ملکەچی یـەوە داوای یارمەتی ”ڕێ پێشـاندەری پیـرۆزی ئاسـمانی“ دەکـەن.

ڕۆحـی پیـرۆز، ڕزگارکەرمـان مـەزن و شـکۆمەند دەکات، کاری ناسـاندنی مەسـیح و پاکـی و ڕاسـتی و دروسـتی ئـەو، ڕزگارکردنـی مـەزن کـە ئێمـە بەهـۆی ئـەوەوە دەسـتگیرمان دەبێـت . لـە بارەیـەوە دەڵێ ”ئـەو لەمنـەوە پێی دەگات، وە پێشـانی ئێـوە دەدات، ”(یۆحەننا ١٦: ١٤) ڕۆحـی پیـرۆز تەنهـا مامۆسـتای کاریگـەر کە دەتوانێ ڕاسـتی ئاسـمانیمان فێـر بـکات، خودا چ بایەخێکـی گـەورەی بـە نـەژادی مـرۆڤ داوە کـە ڕۆڵـەی خـۆی پێشـکەش کـرد تا بمـرێ بۆمان و ڕۆحـی خـۆی تەرخـان دەکات تابێـت بـە مامۆسـتا و ڕێ پیشـاندەری هەمیشـەیمان.

# نوێژ گفتوگۆیە لەگەڵ خودا

خودا لە ڕێگەی سرووشت و ئاشکرابوونەوە، لە ڕێی بە تەنگ هاتنیەوە، وە بەهۆی کارتێکردنی گیانی لە سەرمان، لەگەڵ مان دەدوێ، بەڵام ئەمانە بەس نین، ئێمەش لە پێناوی ئەوەی وزە و ژیانی گیانیمان هەبێ دەبێ ئەوەی لە دڵماندا هەیە بۆ خودای هەلبڕێژین و لەگەڵ ی بدوێین. ڕەنگە هۆشمان بەرەو لای ئەو بڕوات، لە وانەیە بیر لە ڕەحمەت وبەرەکەتی کارەکانی بکەیەوە، بەڵام ئەمانە هیچی گفت و گۆی ڕاستی نییە، ئێمە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودا پێویستە شتێکمان هەبێ کە بڵێین بەو سەبارەت بە ڕووداوو ڕاستیەکانی ژیانمان. نوێژ بریتییە لە کردنەوەی دڵ بۆ خودا، هەر وەکو چۆن بۆ هاوڕێ یەک. پێویستە نییە لە پێناوی ئەوەدا بێت ئەوی پێ ئاگادار بکەینەوە کەئێمە چۆنین، بەڵکو دەبێ بۆ ئەوەبێت کەئێمە بتوانین لە پێناوی ئەوە دا بێت ئەوی پێ ئاگادار بکەینەوە کە ئێمە چ. چۆنین، بەڵکو دەبێ بۆ ئەوەبێت کە ئێمە بتوانین لە پیت و بەرەکەتی ئەو وەربگرین.

نوێژ خودا بۆ ئێمە ناهێنێتە خوارێ، بەڵکو ئێمە بۆ لای ئەو بەرز دەکاتەوە.

کاتێک عیسا لە سەر زەوی بوو شاگردەکانی فێرکرد کە چۆن نوێژ بکەن، ڕێنوێنی کردن کە پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان بەرنە لای خودا، وەگشت نیگەرانی ودڵ پەرێشانیاکانیان بخەنە سەر ئەو دڵنیای کردن کە داخوازیەکانیان دەبیسترێت، ئەو دڵنیا کردنەوەیە هەروەها بۆ ئێمەشە.

عیسا خۆی، کاتێک کە لە نێو خەڵکدا دەژیا، زۆر نوێژی دەکرد، لاوازی و پێویستیەکانی ئێمەی بەهی خۆی دەزانی، خۆی لەگەڵ ئێمەدا کرد بەیەک، بوو بەسکاڵا بەرمان، لە خودا پاڕایەوە داوای کرد کەزیادتر هێزی بداتێ بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی فەرمان و تاقیکردنەوەکان. عیسا لە هەموو شتێکدا نموونەمانە، لە تەنگانەدا برامانە "لە هەموو ڕوویەکەوە وەک ئێمە تاقیکراوەیە. بەڵام وەکوبێگوناهێک سرووشتی ئەو خەتاو گوناهی ڕەتکردەوە، لە جیهانی گوناهدا بەرگەی

ئەزیەت و ئازارێکی زۆرری گیانی گرت. ئەو لە مرۆڤایەتی خۆیدا نوێژی بە کارێکی پێویست و گرنگ دانا. لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ خودا خۆشی و ئاسوودەیی دۆزییەوە، ئەگەر ڕزگارکەری مرۆڤ، ڕۆڵەی خودا، هەست بە پێویستی نوێژ بکات، دەبێ ئێمەی لاواز و گوناهکار چەند زیادتر هەست بە پێویستی نوێژی گەرم و بەردەوام بکەین.

باوکی ئاسمانیمان چاوەڕێی هەل دەکات تا بەرەکەتی خۆیمان پێ ببەخشێ. پێویستە بۆ ئێمە کە تێر بخۆینەوە لە کانی خۆشەویستی لە بن نەهاتووی ئەو، کەچی چەند سەیرە ئێمە کەم نوێژ دەکەین. خودا ئامادەیە و حەزدەکات کە نوێژی پاکی و ڕاستی لە کەساس ترین منداڵانییەوە ببیستێ، لەگەڵ ئەوەدا لە لایەن ئێمەوە دوو دڵییەکی ئاشکرا هەیە لە ڕاگەیاندنی پێداویستیەکانمان بەخودا، دەبێ فریشتەکانی ئاسمانی چ بیرێک بکەنەوە لە خەڵکی بێچارە و هەژار کە لەبەر دەمی تاقیکردنەوەدان، لە کاتێکدا دڵی خۆشەویستی بۆ پایانی خودا بەپەرۆشە بۆیان، وە ئامادەیە پتر لە وەی داوای دەکەن یا بیری لێ دەکەنەوە پێیان ببەخشێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەم نوێژ دەکەن و باوەڕیان کەمە. فریشتەکان حەزدەکەن کڕنووش بەرن لەبەر دەم خودا دا، وە پێیان خۆشە لێوەی نزیک بن، گفتوگۆ لەگەڵ خودا بە بەرزترین خۆشی خۆیان دەزانن. بەڵام منداڵانی ئادەم کە ئەو پەری پێویستیان بە یارمەتی ئەو هەیە، وادەردەکەوێ ڕازین بەوەی بە بێ ڕووناکی گیانی خودا، وە بێ هاوڕێیی کردنی ئەو بە ڕێگادا بڕۆن. تاریکی و شەڕی شەیتان دەور و خولی ئەوانە دەدات کە نوێژ دەخەنە پشت گوێ. درۆی کردنی دوژمن هەڵیان دەفریوێنێ بۆ گوناە، چونکە ئەوان کەڵک وەرناگرن لە و مافەی کە خودا پێی داون لە نوێژدا. بۆ دەبێ منداڵانی خودا نابەدڵ بن لە نوێژکردن لە کاتێکدا نوێژ کلیلە لە دەستی باوەڕدا بۆ کردنەوەی گەنجێنەکانی ئاسمانی کە پڕن لە سامانی دەسەڵاتداری جیهان. بەبێ نوێژ هەمیشەیی و کۆشش و پاڕانەوە ئێمە لەمەترسی گەورە بوونی کەمتەرخەمیدا دەبین کە لاماندا لە ڕێگای ڕاست. چونکە شەیتان هەمیشە لە هەوڵدان دایە بۆ خستنە کۆسپ و تەگەرە لە سەر تەختی ڕەحمەتی خودا، تا ئێمە نەتوانین بەهۆی نوێژی پاک و ڕاستەوە توانا و هێزمان دەست کەوێت بۆ بەرگری لە هەڵفریواندن.

چەند مەرجێکی تایبەتی هەن کە دەبێ ئەنجام بدرێن تاخودا دووعا و نوێژی ئێمە ببیستێ و وەڵامی داخوازیەکانمان بداتەوە، یەکەمیان ئەوەیە هەست بکەین کە پێویستیمان بە یارماتی ئەو هەیە. ئەو بەڵێنی داوە "ئاو بە سەر ئەوەدا دەرژێنم کەتینووە، وەلافا و بە سەر زەوی وشکدا" (ئەشعیا ٤٤: ٣)، ئەوانەی بەڕاستی تینوو برسی نیعمەتی ئەون وە ئارەزووی خودا دەکەن، دەتوانین دڵیان بن کە تێر و پڕ دەکرێن بەڵام پێویستە دڵ

کـراوە بێـت بۆ کارتێیکردنـی گیانی پیـرۆز، ئەگینا توانـا و بەرەکەتـی خـودا وەرناگرێـت. پێویسـتی گرنـگ و گـەورەی ئێمـە خۆی لە خۆیـدا بەڵگە و بەرگرییەکی زۆر ئاشـکرا و ڕوون لەبەر ژەوەندی خۆمـان، بـەڵام دەبێ لـە خـودا داوا بکەیـن کارمـان بـۆ بـکات، ووتـی "داوا بکـەن، پێتـان دەدرێـت" (مەتتـا ٧: ٧) وە "ئـەو کەدەسـتی بـە ڕۆڵـەی خۆیـەوە نەگـرت بەڵکو ئەوی لـە پێناوی هەمـوو ئێمـەدا بەخشـی، ئیتر چـۆن لەگەڵ ئەو هەمـوو شـتێکمان ناداتـێ؟" (ڕۆمـا ٨: ٣٢).

ئەگـەر ئێمـە گونـاه لـە دڵمانـدا ڕابگریـن، یـان لـە نـاو هـەر گوناهێکـی ناسـراوی خۆماندا بمێنینـەوە، خـودا دەنگمـان نابیسـتێ، کاتێـک چەوتییـە ناسـراوەکان ڕاسـت بکرێنەوە، ئەوسـا دەتوانیـن بـاوەڕ بکەیـن کەخودا وەڵامـی دووعا و نوێژەکانمـان دەداتـەوە، هیچ کاتێـک بەزانین و لێهاتـووی خۆمـان ئێمـە ڕزگارنابیـن، بەڵکـو شایسـتەیی عیسـایە کـە ڕزگارمـان دەکات، خوێنـی ئـەوە کـە پاکمـان دەکاتـەوە. هەروەهـا ئێمـەش دەبێ کاربکەیـن بـۆ ئەنجامدانـی مەرجەکانـی قوبووڵکـردن.

مەرجێکـی دی کـە نوێـژ پێـی قوبـووڵ و سـەرکەوتوو دەبێ بـاوەڕە "ئـەوەی کـە دێ بـۆ لای خـودا پێویسـتە بـاوەڕ بـکات کـە خـودا هەیـە، و پاداشـتی ئەوانـە دەداتـەوە کـە بەدوایـدا دەگەڕێـن" (عیبرانیـەکان ١١: ٦)، عیسـا بەشـاگردەکانی ووت "ئـەو شـتانەی ئێـوە لـە دووعـا و نوێـژدا داوای دەکـەن، دڵنیابـن کەوەریـان دەگـرن و بەئێـوە دەبەخشـرێ" (مەرقـۆس ١١: ٢٤)، ئایـا ئێمـە ئەومـان قبووڵـە وەکـو لـە قسـەکانیدا؟

متمانەیەکـی بەربـڵاوو لـە بـن نەهاتـووە، ئـەوەی گفتـی داوە ڕاسـت کار و وەفـادارە، کاتێـک ئێمـە ئـەو شـتانەی داوامـان کردبـوون وەری ناگریـن، هێشـتا دەبێ لـە کاتـی نوێـژ و داواکردنمانـدا بـاوەڕ بکەیـن کـە خـودا دەی بیسـتێ وەڵامـی ووعـا و نوێژەکانمـان دەداتەوە. ئێمـە زۆر هەڵە دەکەیـن زۆر کورت بینین، گەلێ جـار داوای هەندێ شـت دەکەین کە بەزیانمانە، بـەڵام باوکـی ئاسـمانیمان لـە خۆشەویسـتی بـۆ ئێمـە وەڵامـی دووعـا و نوێژەکانمـان دەداتـەوە و ئەوەمـان پێدەبەخشـێ کـە لـە چاکـەی هەرەگـەورەی ئێمەیە-کـە خۆشـمان هـەر ئـارەزووی ئەوەمـان دەکرد-ئەگەر بمـان توانیایە بـە چاوێکـی ڕووناکبـووی ئاسـمانی هەمـوو ئەو شـتانەمان بدیایـە بـەو جـۆرەی کەهـەن. کاتێک بۆمـان دەردەکـەوێ کـە دووعـا و نوێژەکانمـان وەڵام نادرێتـەوە، پێویسـتە سـووربین لـە سـەر پەیمانەکەمـان، چونکـە کاتـی وەڵامدانـەوە هەر دێـت، وە هـەر بەرەکەتـی خـودا وەردەگریـن کـە ئەوپـەڕی پێویسـتیمان پێـی هەیـە. بـەڵام ئەگـەر بڵێـن هەمیشـە دووعـا و نوێژمـان وەڵام دەدرێتـەوە بـو جۆرەی کە ئێمـە دەمانەوێت، وە بـۆ ئەو شـتە تایبەتییەی ئێمە ئـارەزووی دەکەین و مەبەسـتمانە، ئەمـە خـۆ هەڵکێشـانە، خـودا زۆر داناتـرە لـە وەی هەڵە بکات، وە زۆر چاکترە لـە وەی کـە درێغـی بـکات لـە خێـر و چاکـە بـۆ ئەوانـەی کـە ڕێگـەی ڕاسـتیان گرتـووە. دوو دڵ

نەبی لە وەی کە پشت بەو ببەستی، ئەگەر وەڵامی یەکسەریشت وەرنەگرتەوە لە و شتەی داوات کردووە، پشت بە پەیمانە دڵنیاکەی ببەستە "داوابکەن پێتان دەدرێت.

ئەگەر ئێمە لەگەڵ ترس و گوماندا ڕاوێژ بکەین، یان هەوڵ بدەین تەواوی ئەو شتانەی چارەسەری بکەین کە ناتوانین بە ڕوون و ئاشکرا بیان بینین پێش ئەوەی باوەڕمان بەخودا هێنابێ، بەمە زیادتر سەرمان لێدەشێوێ و گێژ دەبین. بەڵام ئەگەر هەستمان بەبێ چارەیی و کڵۆڵی و ناتەواوی خۆمان کرد، وەهاتین بۆلای خودا بەو جۆرەی کە هەین، وە بەباوەڕێکی پشت ئەستوور بە مەسیح ئاگادارمان کردووە لە پێداویستی یەکانمان، وە ئەو کە زانیارییەکی بێ سنووری هەیە، هەموو شتێک لە گشت بوونەوەرێکدا دەبینێت، بە ویست و ووتەکانی لە سەر هەموو شتێک فەرمان ڕەوایە، بە تەنگ گریان و داواکاریەکانمانەوە دێت و دڵمان ڕووناک دەکاتەوە، لە ڕێی نوێژی پاک و ڕاستی لە پەیوەندیدا دەبین لەگەڵ بێری لە بن نەهاتوودا. ئێمە لە وانەیە بەڵگەی ئاشکرامان هەبێت کە دەستی ڕزگارکەرمان بە سۆز و خۆشەویستی و بەزەییەوە لە سەرمانە، بەڵام لە ڕاستیدا وایە، ئێمە هەست بە دەست لێدانی بینراوی ئەو ناکەین، بەڵام دەستی ڕەحمەت وخۆشەویستی ئەو بەسەرمانەوەیە. کاتێک کە دێین بۆلای خودا و داوای ڕەحمەت و بەرەکەتی ئەو دەکەین، ئێمەش دەبێ گیانی لێبوردن و خۆشەویستی دڵمانی پڕ کردبێت، چۆن دەتوانین نوێژ بکەین و بڵێین "لە گوناهمان خۆش بە، وەک چۆن ئێمە لە گوناهی ئەوان خۆش دەبین، کە خراپەمان بەرانبەر دەکەن." کەچی هێشتا خۆمان گیانی لێبوردنمان تێدا نییە؟ (مەتتا ٦: ١٢)، ئەگەر ئێمە چاوەڕێی ئەوە بین کە دووعا و نوێژەکانمان بیسترێ و پەسەند بکرێت، پێویستە ئێمەش بە هەمان ڕێگەو بە هەمان ئەندازەی کە ئومێد دەکەین ببەخشرێین، خەڵکی دی ببە خشین و لێیان خۆش بین.

هەوڵ وکۆشش لە نوێژدا مەرجێکە بۆ وەرگرتن و وە ڵامدانەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێ گەشە بکەین و پێش بکەوین لە باوەڕدا ێێویستە هەمیشە نوێژ بکەین، دەبێ "سووربین لە سەر نوێژ" (ڕۆما ١٢: ١٢) وە "هۆشیار و ئاگاداربن لە نوێژدا" (١ پەترۆس ٤: ٢)، پەترۆس ئامۆژگاری شاکردەکانی دەکرد "هۆشیار و ئاگاداربن لە نوێژدا" (١ پەترۆس ٤: ٧)، پۆلس ڕێ نوێنی دەکات "لەهەر شتێکدا بەدووعا و نوێژ و سوپاسەوە داخوازیەکانت بناسێنە بە خودا" (فیلیپیەکان ٤: ٦)، وە "بەڵام ئێوە خۆشەویستانم... لە ڕۆحی پیرۆزدا نوێژ بکەن... لە خۆشەویستی خودادا خۆتان بپارێزن" (یەهوزا ٢٠: ٢١). نویژی هەمیشە و بەردەوام یەکێتی گیانە لەگەڵ خودا، ژیان لە خوداوە هەلدەقوڵێ بۆ ئێمە، وەلە ژیانی ئێمەوە پاکی و پیرۆزی دەگەڕێتەوە بۆ خودا.

بەردەوام بوون لە نوێژ کردندا کارێکی گرنگ و پێویستە، ڕێ نەدەی هێچ شتێک

ڕێگری نوێـژت بێـت هەمـوو هەوڵێکی خـۆت بـدە تـا گیانـت لـە پەیـوەدی هەمیشـەیدا بێـت لەگەڵ عیسـا. لـە هەر هەوڵێک کەڵـک وەربگرە بـۆ چوونـە جێـگای ئاسـای نوێژ کـردن، ئەوانەی کـە بـە ڕاسـتی داوای گفتوگـۆ دەکـەن لەگـەڵ خـودا لـە کۆبوونـەوەی نوێـژدا دەبینرێـن، بـە ڕاسـت و دروسـتی بـە فەرمانـی خـودا هەڵدەسـتن، حەزدەکەن دەسـتکەوتیان هەبێت لـە هەمـوو پیـت و بەرەکەتێـکدا، وە هـەوڵ دەدەن لـە شـوێنێکدا بگیرسـێنەوە کـە تیشـکی ڕوووناکی خـودا لـە ئاسـمانەوە وەربگـرن.

ئێمـە دەبـێ بـە شـێوەیەکی خێزانـی نوێـژ بکەیـن، لـە هەمـان کات نابـێ نوێـژی تەنهایـی کـە ژیانـی گیانـە بخەیەنـە پشـت گـوێ، گیـان ناگەشـێتەوە ئەگـەر نوێـژ فەرامـۆش بکرێـت. نوێـژی خێزانـی یـان گشـتی جێـگای نوێـژی تەنهایـی ناگرێتـەوە، لە کاتـی نوێـژی تەنهاییدا بـوارت هەیـە کەزیـاد تـر دڵـت بـۆ خـودا بکەیتـەوە، وە هـەر لـە لایـەن ئەوەوە سـکاڵات ببیسـرێ. لـە نوێـژی تەنهایـدا گیـان دوووورە لە هـەر کارتێکردنێکـی دەوروپشـت، وەلەهـەر هەڵچـوون و خرۆشـانێک، داواکاریـەکان بـە گـەرمـی و هێمنیـەوە دەگاتـە خـودا کەنهێنیەکانـی بـەدی دەکات، وە هـەر دووعـا و نوێژێـک کـە لـە ناخـی دڵـەوە هەڵسـێ دەیبیسـتێ، بەرەکەتـی شـیرینی بـۆ دێتـە جـۆش. بـە باوەڕێکـی سـادە و ئـارام گیـان پەیوەنـی ڕادەگرێـت لەگـەڵ خـودا و پرشـنگی ڕووناکـی ئاسـمان بـۆ خـۆی کۆدەکاتـەوە تـا هێـز و پشـتیوانی بێـت لـە شـەڕی شـەیتان، خـودا قـەڵای پتـەوی ئێمەیـە.

نوێـژت لـە ژووری تەنهـای خۆتـدا بکـە، کاتێـک دەسـت دەکەیـت بـەکاری ڕۆژانـەت بـا دڵـت بـەرز بێتـەوە بـۆلای خـودا، ئخنـوخ بـەو جـۆرە لەگـەڵ خـودا ڕێی کـرد. ئەم جـۆرە نوێژە بێدەنگانـە وەک بوخـوردی گـوڵا و وایـە کـە لەبـەر دەمـی نیعمەتدا بەرز دەبێتەوە . شـەیتان ناتوانێ بەسـەر ئە کەسـەدا سـەر بکەوێت کەبەو چەشـنە لـە دڵیـدا پاڵـی بـە خـوداوە دابێـت.

شـوێن و کات نییـە کـە تێیـدا پێشـکەش کردنـی داخـوازی شـیاو بـۆ خـودا شـیاو نەبێت. هیـچ شـتێک ناتوانـێ ڕێ لـە ئێمـە بگـرێ لـە وەی دڵمـان بـەرز بکەینـەوە لـە گیانـی نوێـژی ڕاسـتدا بـۆلای خـودا. ئێمـە دەتوانیـن لـە گەرمـای هاتوچـۆی سـەرجادەکاندا، لـە گەرمەی کاروبـاری کەسـابەتی و بازرگانیـدا داخـوازی بنێریـن بـۆ خـودا و داوای ڕێنوێنـی ئاسـمانی بکەیـن، هـەر وەک نەحیمیا لەبەر دەم پادشـای ئارتەحشسـا داخـوازی خـۆی کـرد. ئێمـە لە هەر کوێیەکـدا بیـن دەتوانیـن پەیوەنـدی بـە هێـزی خۆمـان لەگـەڵ خـودا بکەیـن، دەبـێ دەرگای دڵمـان بـەردەوام کـراوە بـێ بـۆ مەسـیح وەک میوانێکـی ئاسـمانی تێیـدا بمێنێتـەوە.

هەرچەنـدە لـە وانەیـە کـەش و هەوایەکی خـراپ و بۆگـەن دەورەی دابیـن، ناچار نین لە و هەوا پیسـە هەڵمژین،

بـەڵام دەتوانیـن بژیـن لـە هـەوای پاکـی ئاسـمانیدا، وە بـە بـەرز کردنـەوەی گیـان بۆلای

خودا لە ڕێی دووعا و نوێژی خاوێنەوە دەتوانین دەرگا بەڕووی خەیاڵی پیس و بیری گڵاودا دابخەین. ئەوانەی کە دڵیان کراوەیە بۆ وەرگرتنی بەرەکەت و پشتیوانی خودا، لە کەش و هەوایەکی پیرۆزتردا ڕێ دەکەن وەک لە کەش و هەوای زەوی، وە پەیوەندییەکی پتەو و هەمیشەییان هەیە لەگەڵ ئاسمان.

ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە بەدیدێکی ڕوونتر عیسا ببینین وە تێگەیشتنێکی قووڵتر و تەواوترمان هەبێت لە نرخی نیازە هەمیشەییەکان، دەبێ پیرۆزی وخۆشەویستی پاک دڵی منداڵانی خودا پڕبکات ئەمەش کاتێک دێتە دی کەداوای ئاشکراکردنی کارە ئاسمانیەکان بکەین ئاشکراکردنێکی ڕوونی خودایی باگیان بەرە و سەرەوە بکشێ تاخودا شەماڵی کەش و هەوای ئاسمانیمان پێ ببەخشێت. ئێمە دەتوانین زۆر نزیکی خودا بژین بە جۆرێک کە لە هەر تاقیکردنەوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا بیرمان ڕووبکاتە ئەو هەر بەو چەشنەی کە گوڵ ڕوو دەکاتە خۆر.

پێداویستیەکانت، خۆشیەکانت، ناخۆشیەکانت، خەفەتەکانت، وەترسەکانت لەبەر دەمی خودا بخەرە ڕوو، تۆ ئەو بار قورس یان بێزار ناکەیت. ئەوەی کە دەتوانێ مووی سەری تۆ بژمێرێ، ئایا بەتەنگ پێویستیەکانی منداڵەکانیەوە نایەت؟ ”خودا زۆر میهرەبان و بەخشندەیە“ (یاقوب ٥: ١١)، دڵی خۆشەویستی خودا پەیوەندی دەگرێ بەغەم و خەفەتەکانی ئێمەوە، تەنانەت بەباسکردنیشیان بۆی، هەر شتێک بیری تۆ ئاڵۆز و سەر سوڕما و دەکات بیبە بۆ ئەو، هیچ شتێک بۆ ئەو هەڵگرتنی گران نییە، چونکە ئەو ڕاگری جیهانانە، تەواو کاروباری جیهان بە فەرمانی ئەو دەگەڕێ، هەر شتێک سەبارەت بەخۆشی ئاشتی ئێمە بێت تێبینی کردنی بۆ ئەو بچووک نییە، هیچ بەشێکی تاقیکردنەوەی ژیانمان بۆ



ئەو ئەوەندە تاریک نییە بۆ خوێندنەوەی، هیچ گیر و گرفتێک بۆ ئەو چارەکردنی سەخت نییە. هەر بەڵایەک لەمنداڵێکی بچوک ڕوو بدات، هەر نیگەرانییەک دڵ خەفەتبار بکات، هەر خۆشی و شادییەک، هەر دووعا و نویژێکی پاک، باوکی ئاسمانیان لێی ئاگادارە و بە تەنگەوەی دێت. ئەو "دڵشکاوان تیمار دەکا و برینەکەنیان دەپێچێتەوە" ( سروود ١٤٧: ٣)، ڕەفتاری خودا لەگەڵ هەر گیانێکدا ڕەفتارێکی جودا و تایبەتمەندە بەو گیانە، حیسابی ئەو تاقە گیانەی بۆدەکات کە ڕۆڵەی خۆی لە پێناودا بەخشی.

عیسا ووتی "لە وڕۆژەدا بە ناوی من داوا بکەن، وە پێتان ناڵێم کە من لە بر ئێوە لە باوک داوا دەکەم، چونکە باوک خۆی ئێوەی خۆشدەوێ وە من ئێوەم هەڵبژارد... تاهەرچی بە ناوی من لە خودا داوا بکەن بە ئێوەی بدات" (یۆحەننا ١٦: ٢٦، ٢٧؛ ١٥: ١٦)، بەڵام داواکردن بە ناوی عیسا مانای تەنها هەر ئەوە نییە کە ناوی ئەو لە سەرەتا و کۆتایی نوێژدا بەرین بەڵکو مانای ئەوەیە کە بیر و گیانی مەسیح-مان تێدا بێت، وە بروامان بە پەیمانەکانی هەبێت و پشت بە نیعمەتی ببەستین و کارەکانی ئەو بکەین.

مەبەستی خودا ئەوە نییە کە ئێمە ببینە گۆشەگیر و دەست لە جیهان هەڵگرین بۆ ئەوەی خۆمان تەرخان بکەین بۆکاری پەرستن و نوێژ. ژیانی ئێمە دەبێ وەک ژیانی مەسیح بێت-لە نێوان چیا و خەڵکدا. ئەوکەسەی هەموو کاری نوێژ کردن بێت بەزووی وازی لێ دەهێنێ، یان نوێژ کردنەکانی دەبێ بە ڕۆتین و ئاسایی، کاتێک مرۆڤ خۆی دادەبڕێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی، دوور دەکەوێتەوە لە فەرمانەکانی مەسیحی و هەڵگرتنی خاچ، کاتێ دەوەستێ لە وەی بە ڕاستی و دڵگەرمیەوە کاربکات بۆخودای کە ئەو بە گیان و بە دڵ بۆ ئەم کاری کرد، نوێژی بێ ئامانج و بێ هۆیە. داوا کاریەکانی دەبێ بە تاکە کەسی و خۆپەرستی، نوێژ ناکات بۆ پێویستیەکانی مرۆڤایەتی بە گشتی یان پێشکەتنی فەرمانڕەوای خودا یان دەستکەوتنی هێز و توانا کە بەهۆیەوە خزمەت بە خودا بکات.

ئەگەر ئێمە فەرمانی تێکەڵاوی لەگەڵ یەک بخەینە پشت گوێ، وە هاندان و بە هێزکردنی یەکتر بۆ خزمەتی خودا فەرامۆش بکەین، تووشی زیان دەبین، ڕاستیەکانی وتەی خودا لە بیر و هۆشی ئێمەدا گرنگی و زیندوویەتی خۆیان لە دەست دەدەن، کارتێکردنی پیرۆزیان لە سەر ڕووناککردنەوەی دڵ نامێنێ، ئێمە دەکەوین کەوتنێکی ڕۆحی. ئەگەر ئێمە هاوهەستیمان بۆ یەکتر نەبێ زیانێکی گەورەمان لێدەکەوێت لە ڕووی تێکەڵاوی لەگەڵ یەکتردا. ئەوەی دوورە پەرێز لە خەڵکی دەژی و دیوار بە دەوری خۆیدا دەکێشێ، ئەو شوێنەوارە پڕناکاتەوەکە خودا بۆی دیاری کردووە. بە تەنگەوە بوونی هەستی کۆمەڵایەتی لە سروشتماندا بەرەو تێکەڵاوبوون و پشتگیری یەکترمان

دەبات، وە هۆی گەشەکردن و توانامانە بۆ خزمەتکردنی خودا.

ئەگەر مەسیحیەکان پەیوەندی و تێکەڵاوی پتەویان لەگەڵ یەکدی هەبێت و بدوێن لە سەر خۆشەویستی خودا و ڕاستیە گران بەهاکانی کڕینەوە، دڵیان دەژێتەوە و یەکتریش دەبووژێننەوە، چونکە ئێمە ڕۆژانە لە تواناماندا هەیە پتر فێرببین لە باوکی ئاسمانیمان و تاقیکردنەوەی تازامان دەستگیر بێت لە خێر و چاکە، وە ئارەزوو دەکەین بە دڵسۆزی لەگەڵ یەک بدوێین، ئەم کارە دڵ گەرم و هاندەرمان دەبێت، ئەگەر ئێمە زیادتر لە سەر مەسیح بدوێین و بیر بکەینەوە، و کەمتر لە سەر خۆمان بدوێین، پتر هەست بە ئامادە بوونی ئەو دەکەین لەگەڵ ماندا. ئەگەر ئێمە بیر لە خودا بکەینەوە بە ڕادەی ئەو بەڵگانەی کە هەمانە لە بایەخ پێدان و بە تەنگەوە هاتنی ئەو بۆمان، دەبێ هەمیشە ئەومان لە بیر بێت، وە خۆشحاڵ بین بە لێدووان وستایش کردنی. ئێمە لە سەر شتی ڕۆژانەی ژیانمان دەدوێین چونکە سوودمان تێدا هەیە، باسی هاوڕێکانمان دەکەین لەبەر ئەوەی خۆشمان دەوێن، خۆشی وناخۆشیمان بەوانەوە بەستراوە. لەبەر ئەوەی کە ئێمە بەڵگەی گەورەتر بێ سنوورمان بۆ خۆشەویستی خودا هەیە، دەبێ هەمیشە ئەو بکەین بە یەکەم لە هەموو بیرماندا بۆ دووان لە توانا و ڕەحمەت و بەزەیی. مەبەست لە و دیاریانەی خودا کە ڕژاندوویەتی بە سەرماندا ئەوە نییە کە بیر و خۆشەویستی ئێمە ڕابکێشێ و تێیدا نوقم بین کە ئیتر هیچمان نەبێت بیدەین بە خودا، بەڵکو مەبەستی لێی ئەوەیە کە بەردەوام لە بیرمان بێت و بمان بەستێتەوە بە پەیوەندی پێزانین و خۆشەویستی و ڕەحمەتی خۆیەوە. ئێمە لە نزمایی زەویدا نیشتەجێین، با بۆ دەرگای پیرۆزی کراوەی ئاسمانی چاومان بەرز بکەینەوە، کە لەوێ ڕووناکی شکۆی خودای لە ڕووی مەسیح دا دەدرەوشێتەوە "کە هەروەها توانای هەیە هەموو ئەوانەی بە هۆی ئەوەوە دێن بۆ خزمەت خودا ڕزگار بکات" (عیبرانیەکان ٧: ٢٥) ئێمە پێویستە سوپاسی و ستایشی زۆری خودا بکەین "بۆ چاک و ڕەحمەتی، وە کارە سەرسوڕمێنەرەکانی بۆ منداڵانی ئادەم" (سروود ١٠٧: ٨). نابێ نوێژ ئێمە هەمووی هەر بۆ داواکردن و وەرگرتن بێت. با بیرکردنەوەمان هەر بۆ وەرگرتنی پێت و بەرەکەت و پێویستیەکانمان نەبێت. ئێمە ئەوەندە نوێژ ناکەین کە پێویستە، بەڵام زۆر ڕەزیل و پیسکەین لە پێشکەشکردنی سوپاس. ئێمە بەردەوام وەرگری ڕەحمەت و بەخشینی خوداین، لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەم دان بە چاکەیدا دەنێین، وە چەند کەم سوپاس و ستایشی دەکەین بۆ هەموو ئەوانەی کردوویەتی بۆمان.

لەسەردەمی کۆندا خودا فەرمووی بە بەنی ئیسرائیل کە کۆببوونەوە بۆ خزمەتی ئەو "ئێوە لە وەی لە بەردەم خوداتان دەخۆن،

ئێـوە و خێزانەکانتـان خۆشحاڵن بـەوەی کـە هەتانـە و لـە زەتـی لـێ دەکـەن، چونکـە خـودا ئێـوەی پیـرۆز کـردووە" (تەسینە ١٢: ٧)، ئەوەی دەیکەیـن بۆ شـکۆمەندی خودا دەبێ بە خۆشـی و شـادی و سـروودی سـتایش وسوپاسەوە بێت، نـەک بەغـەم وخەفەتـەوە.

خـودای ئێمـە باوکـی مەیهرەبـان و بەخشـندەیە، نابـێ خزمەتکـردن بـەو بەئەرکێکی سەخت و دژوار بزانین، بەڵکو دەبێ مایەی شادی و خۆشـحاڵی منداڵانـی بێت. ئەو پێـی خۆش نییە کـە بەگەورەیەکـی توندرەوی زەبردەسـتی دابنێین بەڵکـو ئـەو هاوڕێـی دڵسـۆزمانە. دەیپەرستین دەیـەوێ لەگـەڵ مانـدا بێـت تابەرەکـەت و ئاسـوودەیمان بداتـێ و دڵمـان پڕبکات لە شـادی و ئەویـن. ئـەو ئـارەزوو دەکات منداڵانـی لـە خزمەتکردن و پەرسـتنی ئەودا خۆشی و دڵنەوایی بدۆزنـەوە نەک سـەختی و ناخۆشـی. خـودا حەز دەکات ئەوانـەی کـە دێن بۆپەرسـتنی ئـەو لەگەڵ خۆیانـدا بیـر و فێربوونـی گرانبەهـا بەرنـەوە لـە سـەر خۆشەویسـتی و بـە تەنـگ هاتنـی ئـەو بـۆ مـرۆڤ ، تـا هانـدەر بـن بـە ڕاسـتی و دروسـتی و پاکـی و دڵسـۆزییەوە ڕەفتـار بکـەن.

بـال ەدەوری خـاچ کۆبینـەوە، مەسـیح و چوارمێـخ کردنـی ئـەو بکەیـن بـە بابەتـی بیـر و گفتوگۆمـان و شـادترین هەسـت و سـۆزمان. ئێمـە د دەبـێ هـەر بەرەکەتێـک کـە لە خـوداوە وەریدەگریـن لـە بیرمانـدا بپارێزیـن. وە کاتێـک پـەی بـە خۆشەویسـتی و مەزنـی ئـەو دەبەیـن، بـاوەڕی پـێ بکەین و تـەواوی کار و بارمان بە دڵ نیاییەوە بسـپێرین بەو دەسـتە کە لەبـەر ئێمە لە سـەر خاچ لـە مێـخ درا.

گیـان دەتوانـێ لـە سـەر باڵـی سـتایش و سـوپاس بـۆ ئاسـمان بەرزبێتـەوە، کەخـودا پەرسـتان بـە سـروود و ئـاوازەوە ڕوودەکەنـە عەرشـی خودا، پەرستنی ئێمـە نزیـک دەبێتەوە لـە شـێوەی پەرسـتنی سـوپای ئاسـمانی کـە بـە ئـاواز و مۆسـیقای دڵ فرێنـەوە سـوپاس و ستایشـی خۆیـان پێشـکەش بـە خـودا دەکـەن، خـودا دەفەرموێـت "هـەر کـێ قوربانـی و سوپاسـی پێشـکەش بـکات، مـن شـکۆمەند دەکات" (سـروود ٥٠: ٢٣). با بە خۆشـی و ڕێزەوە بێیـن بـۆ خزمـەت دروسـت کەرمـان لەگـەڵ "سـوپاس و دەنگـی ئـاواز" (ئەشـعیا ٥١: ٣).



١٢

# چۆن خۆت لە دەست گومان ڕزگار دەکەیت؟

گەلێ کەس دووچاری پەرێشانی گومان و دوودڵی دەبن، بە تایبەتی ئەوانەی تازە بڕوایان هێناوە، چونکە لە پەرتووکی پیرۆزدا زۆر ئایەت هەیە کە ناتوانن ڕوونی بکەنەوە و لێی تێبگەن، شەیتان ئەو ئایەتانە بەکاردەهێنێت بۆ لە رزاندن و لەقکردنی بڕوایان بەرامبەر پەرتووکی پیرۆز وەک دەرکەوتن و ئاشکرابوونی خودا. ئەوان دەپرسن (چۆن ڕێگای ڕاست بناسین؟ ئەگەر پەرتوکی پیرۆز بە ڕاستی وشەی خودا بێت، چۆن دەتوانین لە گومان و سەرلێشێوان ڕزگارمان بێت؟)

خودا هیچ کاتێک داوامان لێناکات باوەڕبهێنین تا بە ئەندازەی پێویست بەڵگەمان نەداتێ تا باوەڕمانی لە سەر دروست بکەین. بەڵگە لە سەر، بوونی خودا، خوو ڕەوشتی، و ڕاستگۆیی ووتەکانی، ئەمانە هەموو بە بەڵگەوە چەسپاون کە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆی لە کاتی پێویستدا؛ ئەم بەڵگانەش زۆرن. لەگەڵ ئەوەشدا خودا هەرگیز هەبوونی گومانی لە ناو نەبردوە، باوەڕی ئێمە پێویستە لە سەر پایەی بەڵگە و مەدرەک ڕاوەستاوبێت نەک ڕواڵەت و قسە. ئەوانەی دەیانەوێت گومان هەڵبژێرین ماوەیان هەیە، وە ئەوانەی دەیانەوێت ڕاستی بناسن بەڵگەیەکی زۆریان لەبەر دەستدایە کە باوەڕیانی لە سەر دامەزرێنن.

بیری تەنگی ئێمە هەرگیز ناتوانێت بەتەواوی پەی بەدەروونی کارە لەبن نەهاتووەنەی خودا بەرێت و تێیان بگات، چونکە نهێنیەکانی دەوری خودا هۆش ترین و زیرەک ترین زانا سەرسوڕما و دەکات، ”ئایا دەتوانی بە قوڵایی خودا بگەیت؟ یا سەرچاوەی لە بن نەهاتووی توانای بدۆزیتەوە؟ ئەو لە ئاسمان بڵندترە چی دەتوانیت بکەیت؟ لە دۆزەخ قووڵ تر چی دەتوانیت فێر بیت؟“ (ئەیوب ١١: ٨، ٧)

پێغەمبەر پۆڵس بە سەرسوڕمانەوە هاواری کرد ”ئای چەند قووڵە دەوڵەمەندی

و دانایی و زانیاری خودا! هەروەها چەند دووره پشکنینی حکومەکانی و تێ گەیشتنی ڕێگاکانی!“ (ڕۆما ١١: ٢٣) هەرچەندە ”هەروەها تاریکی دەورەی داوە، بەڵام ڕاستی و دادپەروەریەە پایەی تەختی“ (سروود ٩٧: ٢)، ئێمە دەتوانین ڕەفتارەکانی تێبگەین. وە خۆشەویستی هەمیشەیی و یەکگرتوو لەگەڵ هێزی بێ پایانی تێدا دەبینین.

هەروەها ئێمە دەتوانین لەمەبەستەکانی بگەین، پێویستە باوەڕ بە خۆشەویستیی ئەو بکەین و پشت بەهێز و توانای ببەستین.

ووتەی خودا، وەک سیفاتی ئیلاهی خۆی، نهێنی ڕازی وەهای تێدایە کە هەرگیز ناکرێ بیر و هۆشی سنوورداری ئێمە بە تەواوی لێی تێبگات. هاتنی گوناه بۆ جیهان، بەرجەستەکردنی مەسیح، زیندوو بوونەوە، هەڵسانەوە، وە گەلێک بابەتی دی کە لە پەرتوکی پیرۆزدا باسکراون، کە قوڵترن لە وەی بیری مرۆڤ ڕوونیان بکاتەوە یان بە تواوی تێیان بگات. بەڵام کە ئێمە ناتوانین لە نهێنیەکانی هێزی کردگار تێبگەین ئەمە بەڵگە و بیانونین بۆ گومان لە سەر ووتەکانی خودا. ئێمە لە سروشتی جیهاندا دەوره دراوین بە نهێنی زۆر کە تێیان ناگەین. شارەزاترین فەیلەسووف لاوازە لە شیکردنەوەی بنج و بناوانی سادەترین شێوەی ژیان. بە هەرلایەکدا بڕۆین نهێنی دەبینین کە لە سەرووی لێکدانەوەی ئێمەیە، ئایا دەبێ ئێمە سەرسوڕماوبین لە وەی کە لە جیهانی گیانیدا گەڵێک ڕاز و نهێنی هەن کە تێیان ناگەین؟ گیر و گرفتەکە لە بیری تەسک و کورت بینی مۆرڤدایە، خودا لە پەرتووکی پیرۆزدا بە ئەندازەی پێویست بەڵگەی داوە لە سەر ڕەوشتی ئیلاهییان. نابێ ئێمە گومان لە ووتەکانی خودا بکەین لەبەر ئەوەی ناتوانین بە تەواوی لە نهێنیەکانی دروستکەرمان تێبگەین.

پێغەمبەر پەترۆس لە پەرتووکی پیرۆزدا دەڵی ”هەندێک شت هەن کە تێگەیشتن لێیان سەختە، خەڵکی نەزان و ڕاڕا، دەستی تێوەردەدەن و دەیگۆڕن... بۆ لە ناوچوونی خۆیان“ (٢ پەترۆس ٣: ١٦). قورسی و زەحمەت لێتێنەگەیشتن لە پەرتووکی پیرۆز بۆتە بیانووی دەستی بێ بڕواکان لە دژایەتی پەڕتووکی پیرۆز، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمانە بەڵگەیەکی بە هێزی سروشتی ئاسمانی دیاری دەکەن، ئەگەر پەڕتوکی پیرۆزی ئاسمانی خاڵی بێت؛ لە هەواڵی سروشتی سەرسوڕهێنەری خودا، لە هەر شتێک کە زەحمەتە تێی بگەین، وە ئەگەر ئەقڵی ناتەواو و لاوازی مرۆڤ پەی بەشکۆ و مەزی ئەو بەرێت، ئەو خاڵی بوونە بەڵگەی نەبوونی دەستی خودایە تێیدا. شکۆ و مەزنی و نهێنیەکان لە پەرتوکی پیرۆزدا کە هەن بەڵگە و شایەتی ئەوە دەدەن کە ووتەی خودایە بەوەش باوەڕ و ئیمانی پێ زیاد دەبێت.

پەڕتووکی پیرۆز بە شێوەیەکی تەواو سادە و گونجاو ڕاستی بۆ پێداویستی و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەردەخات، کە زانایان و ڕۆشنبیرانی پێ سەرسام دەبن،

کە بە نەخوێندەوار و سادەترین کەس توانا دەبەخشێ تا ڕێگەی ڕزگاری بە ڕوونی ببینێت و بناسێ، لەگەڵ ئەوەدا ئەم ڕاستیانە کە پەڕتووکی پیرۆز بە سادەیی ئاشکرایان دەکات، هەندێ بابەتیشی تێدا هەیە ئەوەندە بەرز و بەربڵاوو بێ سنوورن کە لە سەروو هێزی تێگەیشتنی سنوورداری مرۆڤەوەیە، ئێمە تەنها وەک ووتەی خودا پەسەندی دەکەین. ڕزگاربوون و کڕینەوە بۆ ئێمە بە جۆرێک ئاشکرا بووە کەهەر گیانێک بە ئاسانی بتوانێ ئەو هەنگاوانە ببینێ کە دەبێ هەڵیان بهێنێ بۆ تۆبەکردن لای خودا وە باوەڕڕ بە خوداوەندمان عیسای مەسیح کە بەهۆی ئەوەوە ڕزگارمان دەبێ. وە لەگەڵ ئەوەشدا لە پشت ئەم ڕاستییانەوە کە بە ئاسانی تێیدەگەین هەندێک ڕازاو نهێنی هەن کە مەزنی خودایان تێدا پەنهانە، ڕاز و نهێنییەک، کە سەر لە ئاقڵانە دەشێوێنی لێی دەکۆڵنەوە. هەروەها بەرەکەت و ڕەحمەتیش دەبەخشێ بەو دڵسۆزانەی کە بەڕێز و باوەڕەوە دوای ڕاستی کەوتوون. مرۆڤ هەتا زیادتر لە پەتڕتووکی پیرۆز بکۆڵیتەوە، پتر باوەڕ بەوە دەهێنین کە ووتەی خودای زیندووە.

بۆ زانین ودانپێدانان بەوەی کە ئێمە ناتوانین بە تەواوی لە ڕاستیە مەزنەکانی پەڕتووکی پیرۆز تێ بگەین تەنها ئەوەیە کە ئەقلێکی سنووردار لە توانایدا نییە لە بیروڕای ئەقڵێکی بێ سنوور بگات؛ یانی مرۆڤ بە ئەقڵ و تێگەشتنێکی سنوورداەوە ناتوانێ لە بیر و بۆ چوونی ئەقڵێکی بێ سنوری لە ڕادەبەدەری خودا بگات.

گومانداران و بێ ئیمانان ووتەی پیرۆزی خودا ڕەتدەکەنەوە چونکە ناتوانن پەی بەبنج و بناوانی گشت ڕەزەکانی بەرن، وە هەموو ئەوانەی کە دەڵێن بڕوایان بە پەڕتووکی پیرۆز هەیە لەم مەترسییە بە دوورن، پێغمبەر پۆڵس دەڵێ ”ئەی برایان، باش ئاگاداری خۆتان بن، تا دڵی کەستان بێ باوەڕ و بەد نەبێ، ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی لە خودای زیندوو هەڵگەڕێنەوە“ (عیبرانیەکان ٣: ١٢)، ڕاست و دروست ئەوەیە کە دەستوورەکانی ووتەی خودا بەوردی بخوێنینەوە، وە لە هەموو شتێک بکۆڵینەوە ”تاقووڵایی خودا“ وەک لە پەرتووکی پیرۆزدا هاتووە (١ کۆرنسۆس ٢: ١٠)، چونکە ”شتە نهێنیەکان هی خودایە، وەشتە ئاشکراکان هی ئێمەیە“ (تەسنیە ٢٩: ٢٩)، بەڵام کاری شەیتان ڕێ لێونکردنی توانای ئەقڵ و بیرە، ئەوانەی کە ناتوانن پەی بە ڕاستی پەڕتووکی پیرۆز بەرن وە بابەتەکانی لێکبدەنەوە و ڕازیان بکات، هەست بە بێزاری و سەرنەکەوتن دەکەن، بڕی لە خۆیان بایی دەبن، دانیش بە خۆیاندا ناگرن تا خودا ڕاستییان بۆ دەربخات، وادەزانن تەنها دانایی مرۆڤ بەسە بۆ تێگەیشتنی پەرتووکی پیرۆز، وە سەر کەوتوو نابن لەمەبەستەکەیاندا، لەبەر ئەوە دەست دەکەن بە ڕەتکردنەوەی فەرمانڕەوایی خودا. زۆر لە و تیۆری و بۆچوونانەی کە دەڵێن لە پەڕتووکی پیرۆز وەرگیراون مەبەستیان

دروستکردنی گومان و سەرلێشێوانی خەڵکە، لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندیەکی بە ووتەکانی خوداوە نییە و بە تەواوی هەڵگەڕانەوەیە لە ووتەو فەرمانەکانی خودا، ئەمانە دەستکرد و لێکدانەوەی هەڵەن لە لایەن مرۆڤەوە، لە ووتەی ڕاستی خودا بێ بەرن.

ئەگەر دروست کراوانی خودا بیان توانیبا تێگەیشتنی تەواو لە سەر خودای دروستکەریان هەموو کار و کردارەکانی بە دەست بێنن، ئەوسا دەگەیشتنە پلەی هەرە بەرزی پێشکەوتن و زانیاری کە ئیتر ماوەیان بۆ نەدەما کە زیادتر ڕاستی بدۆزنەوە، لەگەڵ زانست و زانیاریدا گەورەبىن، وە لە ڕووی ئەقڵ و گیانەوە گەشە بکەن. خودا ئیتر لە گەورەیی و مەزنی دەکەت، وە مرۆڤ لە پێشکەوتن و دانایی و پێگەشتن دەوەستا . با سوپاسی خودا بکەین بەم جۆرە نەبوو . خودا بێ سنوورە؛ "تەواوی گەنجینەی ئەقڵ و زانیاری هەیە" (کۆڵۆس ٢: ٣)، وە مرۆڤ ئەگەر هەموو ژیانی لە لێکۆڵینەوەدا بە سەر بەرێت هەرگیز ناتوانێ گەنجی دانایی و توانا و چاکی خودا بدۆزێتەوە.

خودا دەیەوێت لەم ژیانەدا ڕاستی ووتەکانی بۆ ئێمە ئاشکرابێت، وە تەنها ڕێگا بۆ تێگەشتن لە ڕاستی ووتەکانی ڕووناکی ڕووناک کردنەوەی ئەو گیانەیە کە ووتەی خودا بە هۆیەوە درا، چونکە "کاروباری خودا هیچ کەس نایزانێ جگە لە گیانی خودا و گیان لە هەموو شتێک دەکۆڵێتەوە تا قووڵایی خودا" (١ کۆرنسۆس ٢: ١١، ١٠)، وە بەڵێنی ڕزگارکەر بۆ شاگردەکانی ئەمەبوو"کەی ئەو، گیانی ڕاستی هات، ئێوە ڕێنوێنی دەکات تەواوێ ڕاستییەکان... چونکە ئەو لەمنەوە پێی دەگا، وە پیشانی ئێوەی دەدات." (یۆحەننا ١٦: ١٣، ١٤). خودا حەز دەکات مرۆڤ مەشق لە سەر لێکۆڵینەوە و پێشبینی توانای ئەقڵی بکات، وە هیچ خوێدنەوەیەک وەک خویندنەوەی ووتەکانی خودا ئەقڵ بەهێز ناکات و ڕادەی بیرکردنەوەی زیاد ناکات . هەروەها ئێمە دەبێ بە وریاییەوە ڕادەی ئەقڵ و بیرکردنەوەمان بە هێز بکەین، چونکە مەترسی هەیە لە سەر لاوازی ئەقڵمان کەدەبێتە هۆی لاوازی و کەم و کوڕی سروشتی مرۆڤیمان . ئەگەر ئێمە بمانەوێ تێگەشتنی ڕوونمان لە سەر پەڕتووکی پیرۆز هەبێت، پێویستە سادەیی و بڕوای منداڵێکمان هەبێت بۆ خوێندنەوە و فێربوون، وە داوای یارمەتی گیانی پیرۆز بکەین. هەستکردنمان بە هێز و دانایی خودا، و بکەم توانایی خۆمان، بۆ تێگەیشتن لە گەورەیی خودا، تا گیانی ڕازیبوونمان پێ ببەخشێ، وە دەبێ ئێمە ووتەی ئەو بە سەنگین و ڕێزی پیرۆزەوە بکەینەوە، هەروەک چۆن دەچێنە پێش دەمی خودا. کاتێک پەڕتووکی پیرۆز دەخوێنینەوە، ئەقڵ دەبێ دان بەوەدا بنێ کە دەسەڵاتێکی بەرزتر و گەورەتر لە خۆی هەیە، وە ئەقڵ و دڵ پێویستە بۆ خودای نەمر و هەمیشەیی سەر دانەوێنن.

گەلێ شت وادەردەکەون کە سەختن یان

تاریـک و لێڵـن، خودا سـادە و ئاسـان و ڕوونیان دەکاتـەوە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە دەیانەوێـت تێـی بگـەن. بـەڵام بـێ یارمەتـی و ڕێ نوێنـی گیانـی پیـرۆز، ئێمـە هەمیشـە لەبـەر دەم ئـەو مەترسـییە دایـن، کـە پەڕتووکـی پیـرۆز بـە چەوتـی لێـک بدەینـەوە یـان بـە هەڵـە وەریبگریـن. زۆر کـەس پەڕتووکـی پیـرۆز دەخویننـەوە بـەڵام نـەک هـەر سـوودی لـێ وەرناگـرن بەڵکـو زیانیشـیان پێـدەگات کاتێـک کـە ووتـەی خـودا بـێ دووعـا و نوێـژ دەکەنـەوە و دەخوێننـەوە. ئەگـەر هەسـت و سـۆز و بیـر و هـۆش بـەرەو لای خـودا نەچێـت، وە لەگـەڵ وردەی خـودا دا نەسـازێ، گومـان ئەقـڵ و هـۆش دەپێکـی، دوو دڵـی و ڕاڕایـی دروسـت دەکات. شـەیتان دەسـت بەسـەر ئەقـڵ و هۆشـدا دەگـرێ و لێکدانەوەی چـەوت دەخاتـە دڵەوە. هەرکات مرۆڤ بە قسـە و کـردەوە داوا نـەکات کـە لـە هارمۆنیـدا بێـت لەگـەڵ خـودا هەرچەنـد زانـاش بـێ ئامادەیـە بـۆ هەڵـە کـردن لـە تێگەشـتنی پرتوکـی پـرۆزدا، وە ڕوونکردنەوەکانـی ناتوانـێ جێـی باوەڕبـێ. ئەو کاسـانەی کە بـە دوای دۆزینـەوەی ناکۆکیدا دەگەڕێـن لـە پەڕتووکـی پیـرۆزدا، وەدیـدی گیانـی یـان نـی یـە، و بـە چاوێکـی کەشـەوە تێی دەڕوانـن، لـە سـادەترین و ئاسـانترین ئایـەت دا چەندیـن گومـان و بـێ بـاوەڕی دەبینـن.

هـۆی سـەرەکی گومـان و دوو دڵـی هەرچەندە پەنهان بکرێ و داپۆشـرێ هەر بەرەو گونـاە دەچـێ. گوناهکـەر دۆسـتی دەسـتورەکان و ڕێ نوێنیەکانـی خـودا نییـە، نایـەوێ گوێڕایەڵـی بێـت بـۆ خواسـتەکانی و ئامادەیـە لە سـوڵتانەکەی گومـان بـکات. لـە پێنـاوی ئـەوەی بگەیـن بـە ڕاسـتی، پێویسـتە حـەزی ڕاسـتگۆ و دڵسـۆزانەمان هەبێت بۆ ناسـینی ڕاسـتی، وە لە دڵـەوە ئارەزوومـان هەبـێ بـۆ گوێڕایەڵی. هەموو ئەوانـەی کـە بەمر گیانـەوە دێن بـۆ خوێندنەوەی پەڕتووکـی پیـرۆز بەڵگـەی فـراوان دەدۆزنەوە کە ئەمە ووتەی خودایە، وە بە ناسـینی ڕاسـتیەکانی تێگەیشـتنێکی وایـان دەسـت دەکەوێـت کـە یارمەتیـان بـدات بـۆ ڕزگاری.

مەسـیح فەرموویەتی "ئەگەر هەر کەسێک بخوازێ بـە پێی فەرموودەکانی خـودا کاربکات، دەسـتور فێـر دەبـێ" (یۆحەننـا ٧: ١٧)، لـە جیاتـی پرسـیار و رەخنەگرتـن سـەبارەت بـەوەی کـە نایزانیـت سـەرنجی ئـەو ڕووناکیـە بـدە کـە هـەر ئێسـتا بە سـەر سـەرتەوە دەدرەوشێتەوە، تـۆ ڕووناکیەکـی گەورەتـری لـێ وەردەگـری. بـە هـەر فەرمانێـک هەسـتە کە بەهـۆی نیعمەتـی مەسیحەوە بـۆ تـۆ ڕوون بۆتـەوە، ئەمـە توانایـەک لـە تـۆدا دروسـت دەکات لـە وە بگەیـت کە گومانت لە سـەری هەیـە و کارەکەت ئەنجـام دەدەی.

بەڵگەیـەک کـە بـۆ گشـت کـەس ئاشـکرایە (خوێندنـەوار ترین و نەخوێنـدەوار ترین کەس) بەڵگـەی تاقی کردنەوەیە، خـودا بانگمان دەکات بۆ تاقی کردنەوەی ڕاسـتی ووتەکانی و دروسـتی پەیمانەکانـی ، دەفەرمـوێ "بچێـژن و ببینـن کـە خـودا چەنـد چاکـە" (سـروود ٣٤: ٨)، لە جیاتی ئـەوەی پشـت بـە قسـەی خەڵکـی تر ببەسـتین،

با خۆمان بی چێژین و ڕاستی ووتەکانی بزانین "داوا بکەن وەریدەگرن" (یۆحەننا ١٦: ٢٤)، پەیمانەکانی هەر دێنەدی کە هیچ کات نەکەوتوون و هەرگیز ناکەون. کاتێک کە لە عیسا نزیک دەبینەوە خۆشەویستی ئەو شادمان دەکات ، لەبەر دەم ئەودا تاریکی و گومانمان دەڕەوێنەوە و نامێنن.

پێغەمبەر پۆڵس دەڵێ "خودا ئێمەی لە دەسەڵاتی تاریکی ڕزگار کرد، وە ئێمەی بۆ پادشاهێتی ڕۆڵەی خۆشەویستی گواستەوە." (کۆلۆس ١:١٣)، وە هەرکەس لەمردنەوە تێپەڕیوە بۆ ژیان "دەیسەلمێنێت کەوا خودا ڕاستە" (یۆحەننا ٣: ٣٣)، وە دەتوانێ گەواهی بدات و بڵی "یارمەتیم ویست لە مەسیح دا دۆزیمەوە، پێداویستەکانمی بۆ هێنانەدی و برسییەتی دەروونمی تێرکرد، وە ئێستا پەڕتووکی پیرۆز بۆ من ئاشکرابوونی عیسای مەسیحە. ئەگەر لە من بپرسی: بۆچی باوەڕت بە عیسا هێنا؟ لە وەڵامدا دەڵێم چونکە ئەو بۆ من ڕزگارکەری ئاسمانییە، یان بۆچی بە پەڕتووکی پیرۆز باوەڕ دەکەی؟ دەڵێم لەبەر ئەوەی لەودا دەنگی خودام دۆزییەوە بۆ دەروونم" بەم جۆرە لە دڵ و دەروونمدا گەواهێک دروستدەبێ کە پەڕتووکی پیرۆز ڕاستە، وە مەسیح ڕۆڵەی خودایە، دەزانین کە ئێمە دوای ئەفسانەی دەستکرد نەکوتووین.

پەترۆس برادەرەکانی هاندەدا کە "کە گەشە بکەن لە بەرەکەت ناسینی خوداوەند و ڕزگارکەرمان عیسای مەسیح" (٢ پەترۆس ٣: ١٨). کاتێک خەڵکی خودا لە نیعمەتدا گەورە دەبن، هەمیشە تێگەیشتنێکی ڕوونیار دەست دەکەوێت لە ووتەکانی خودا، وە ڕووناکییەکی تازە و جوان دەبینن لە ڕاستی دەمێنێتەوە تا کۆتای. هەروەک دانایەک دەڵێ "ڕێگای کاری ڕاستان وەک ڕووناکی خۆرە لە گزنگدا، ڕووناکیەکەی هاتا دێت زیاد دەکات بۆ ڕۆژێکی تەواو." (پەند ٤: ١٨).

بەهۆی ئیمانەوە ئێمە دەتوانین بڕوانینە ڕۆژی لێپرسینەوە، وپەیمانەکانی خودا جێ بەجێ بکەین بۆ گەشە کردنی ئەقڵ، یە کگرتنی توانای مرۆڤ لەگەڵ ئاسمان، وە پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆی هەموو هێزێک گیانی لەگەڵ سەرچاوەی ڕووناکی. دەتوانین شاد و خۆشحاڵ بین بەوەی کە هەموو ئەو شتانەی دەبوونە هۆی گومان و سەر لێشێوانمان سەبارەت بە تەنگەوەهاتن و یارماتی خودا بۆمان ئاشکراو ڕوون دەبێتەوە، وە ئەو شتانەی کە سەختە بۆ ئەوەی لێیان تێ بگەین بۆمان ڕوون دەبنەوە، وە ئەو شتانەی کە ئەقڵی سنووورداری ئێمە دەریدەخست لە سەر لێشوان و بەرهەمی ناتەواو، ئێمە لە تەواوترین و جوانترین هارمۆنیدا دەیبینین "ئێستا ئێمە لە ئاوێنەیەکی تاریکدا سەیر دەکەین، بەڵام دوایی ڕوو بەڕووی دەبینەوە. من ئێستا هەندێک دەیناسم ، بەڵام دوایی بە تەواوی خوداوەند دەناسم ، هەر وەک ئەو بە تەواوی من دەناسێت." (١ کۆرنسۆس ١٣: ١٢).

١٣

# ئاشتی وبەختیاری لە باوەشی خودا

منداڵانی خودا بنگ دەکرێن کەببن بە نوینەری مەسیح تا چاکە و ڕەحمەتی خودا بە جیهان پیشان بدەن، وەک چۆن عیسا ڕاستی سیفاتی باوکی بۆ ئێمە دەرخست، هەروەها ئێمەش لە سەرمانە کە مەسیح دەربخەین بۆ ئەو جیهانەی کە بەزەیی وخۆشەویستی پڕ لە میهرەبانی ئەو ناناسێت. عیسا ووتی"هەروەک تۆ منت نارد بۆ جیهان، هەروەها منیش ئەوان دەنێرم بۆ ناو خەڵکی. من لە واندام و تۆش لە مندا.... تا جیهان بزانێ کە تۆ منت ناردووە." (یۆحەننا ١٧: ١٨، ٢٣)، پێغەمبەر پۆڵس بە شاگردەکانی عیسا دەڵێ "ئێوە ناسراون وەک نامەیەکی پەسەندکراوی مەسیح. هەموو کەسێک دەتان ناسێ و دەتان خوێنێتەوە" (٢کۆرنسۆس ٣: ٣، ٢). عیسا بەهەر یەکێ لە منداڵەکانیدا نامەیەک دەنێرێ بۆ خێزانەکەت، گوندەکەت، وە گەڕەکەکەت کە لێی دەژی. عیسا ئێستا کە لە دڵی تۆدایە دەیەوێ بدوێ لەگەڵ دڵی ئەوانەی کە ئەو ناناسن، چونکە ڕەنگە لە وانەبن کە پەڕتووکی پیرۆز نەخوێننەوە یان دەنگی ئەو لە پەڕەکانیدا نەبیستن، وەیان خۆشەویستی خودا لە کارەکانیدا نابینن. بەڵام ئەگەر تۆ نوێنەری ڕاستەقینەی عیسا بیت، دەکرێ ئەوان لە ڕێگەی تۆوە شتێک لە ڕەحمەت و چاکەی خودا تێ بگەن و لە خۆشەویستی و خزمەتکردنی ئەو کەڵک وەرگرن.

پەیڕەوانی مەسیح وەک هەڵگرانی مەشخەڵی ڕۆشنایی دانراون بۆ ڕووناک کردنەوەی ڕێگە بۆ ئاسمان، ئەوان دەبێ ئەو ڕووناکی یەی کەلە مەسیحەوە بۆیان دێت پەخشی بکەنەوە بە سەر جیهاندا، ژیان و خوو ڕەوشتیان دەبێ وا ڕاست و پاک بێت کە خەڵکی تر لە ڕێی ئەوانەوە لە مەسیح و خزمەتەکانی تێبگەن ئەگەر ئێمە نوێنەری مەسیح بین، خزمەتەکانی وادەردەخەین کە

دڵگیر بن، هەروەکو لە ڕاستیدا وایە. بەڵام ئەو مەسیحیانەی کە بە گرژو مۆنییەوە غەم وبێزاری لە دڵیان دەڕژێ و هەر پرتە و بۆڵەیانە ئەوان بە چەوت و ناڕاستی خودا و ژیانی مەسیح نیشانی خەڵکی دەدەن، وا لە خەڵکی دەگەیەنن کە خودا بە خۆشحاڵی منداڵەکانی شاد نییە، وە بەم کارە شایەتییەکی درۆ دژ بە باوکی ئاسمانیمان دەدەن.

شەیتان زۆری پێخۆشحاڵە کاتێک کە دەتوانێ منداڵانی خودا ڕێنوێنی بکات بۆ بێ هیوایی و بێ بڕوایی، شەیتان ئەوەیە کە پیشانی دەدات خودا بێ ڕەحم و بێ بە زەیی یە، هەموو ڕاستییەک ئەو بە چەواشە و درۆی دادەنێ، خەیاڵی ئێمە پڕدەکات لە بیری پیسی دژ بە خودا، ئێمەش بە زۆری گوێ دەدەین بە درۆ و دەلەسەکانی شەیتان و گوێ لە هەق ناگرین، وە بەدگومانی و گرژی و بۆڵەوە ڕێزنەگرتنی خۆمان بەرانبەر بە خودا نیشان دەدەین، شەیتان هەمیشە هەوڵی ئەوەیە کە ژیانی مەسیحی، بە ژیانی بێزاری و پڕلە ئەرکی سەخت و ناهەمواری پیشان بدات، وە کاتێک مەسیحییەک لە ژیانی خۆیدا بەم دیمەنە ناڕاستەوە خۆی پیشانی خەڵک دەدات، ئەو لە ڕێی بێ باوەڕییەوە پشتگیری لە درۆی شەیتان دەکات.

گەلێ کەس کە بە ڕێگای ژیاندا دەڕۆن، زۆر لە تەنگ و چەڵمە و هەڵە و کەوتن و نائومێدیە کانیان دەدوێن، وە دڵیان پڕ دەبێ لە بێزاری و بێ هیوایی. هەروەکو لە خوشکێک ڕوویدا کە حاڵی زۆر پەرێشان بوو، ئەوسا من لە ئەوروپا بووم نامەیەکی بۆ نووسیم، داوای لێکردم کەبە چەند ووشەیەک پشتگیری لێ بکەم و وورەی بەرز بکەمەوە. شەوێک دوای خوێندنەوەی نامەکەی لە خەومدا لە باخچەیکدا بووم، پیاویک کە پێدەچوو خاوەنی باخچەکە بێ ڕێنوێنی دەکردم لە باخەکەدا، من گوڵم دەچنیە و پێخۆشحاڵبووم بە بۆن کردنیان ئەو خوشکەش ک بە تەنیشت منەوە دەڕۆیشت سەرنجی ڕاکێشام بۆ بنجەگوڵێکی دڕکاوی دەشتی کە بەری ڕێگاکەی لێگرتبوو، هەربۆیە ئەو ئاخ و داخی هەڵدەکێشا و دڵ پڕ لە خەفەت بوو. ئەو بەڕێگاکەدا نەڕۆیشت و بەدووای ڕێ پێشاندەرشکەمان نەدەکەوت، بەڵکو بە نێو دڕک وداڵەکەدا دەڕۆیشت و بە ئاخ و داخەوە دەیگوت ئاە جێی داخ نییە کە ئەم باخچە جوانە ئەم دڕکەنە خراپی بکەن؟ ڕێ پێشاندەرەکە لە وەڵامدا ووتی: واز لە دڕک و داڵەکان بهێنە، چونکە ئەوان تەنها تۆ بریندار دەکەن. گوڵ و سۆسەن ومێخەک بچنەوە.

ئایا لە هەموو ڕۆژانی تاقیکردنەوەکانی ژیانتدا پەڕەیەکی پرشنگدار و ڕووناک نەبووە؟ ئایا ڕۆژێک دڵت بە خۆشی لێی نەداوە بۆ گیانی خودا؟ ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەیتەوە و لاپەڕەکانی گەشتی ژیانت هەڵدەیتەوە، ئایا پەڕەی شادی تێدا بەدی ناکەیت؟ ئایا پەیمانەکانی خودا کە وەک گوڵی بۆن خۆش ڕێگای ژیانیان ڕازاندۆتەوە بۆن و جوانیان دڵت پڕناکات لە خۆشی؟



درک و داڵ تەنها تۆ بریندار و غەمگین دەکات، ئەگەر تۆ تەنها ئەمانە کۆ بکەیتەوە و پێشکەشی بکەیت بە خەڵکی دی؛ ئایا تۆ بەم کارە لە چاکی و میهرەبانی خودا کەم ناکەیتەوە، وە ڕێ ناگری لە کەسانی دەوروپشت کە بە ڕێگای ژیاندا بڕۆن؟

کارێکی دانایانە نییە کە یادگارە ناخۆشەکانی ژیانی ڕابووردومان-بە گوناه و نا ئومێدیەکانیەوە-بهێنێنەوە یاد و دووبارە لێیان بدوێنەوە و بە سەریاندا شیوەن و زاری بکەین تا لە بێزاری و بێ هیواییدا نوقم دەبین کاتێک کەورەی بەرداربێ و تاریکی باڵی بە سەردا کێشابێ، ڕووناکی خودای تێ ناچێت، بەڵکو تاریکی دەکێشێ بەسەر گیانی ئەوانی تردا و وێڵیان دەکات.

سوپاس خودا دەکەین بۆ ئەو وێنە ڕۆشنانەی کە پێشکەشی ئێمەی کردوە لە ووتەکانیدا، با ئێمە ئەو بەرەکەتەی کە خودا بەڵێنی پێداوین لە خۆشەویستی خۆی کۆیکەینەوە، تا بەردەواوم تێیان بڕوانین : دەبینین ڕۆڵەی خودا عەرشی باوکی بەجێ دەهێڵێ و بەرگی سرووشتی مرۆڤایەتی لەبەر دەکات تا مرۆڤ لە هێزی شەیتان ڕزگار بکات؛ سەرکەوتنی ڕۆڵەی خودا دەبینین لە پێناوی ئێمەدا کە دەروازەی ئاسمانی بۆ دەکرێتەوە، عەرشی پیرۆزی خودا و مەزنی ئەو لەگەڵ شکۆیی خودا بێ پەردە لە دیدی مرۆڤدا ئاشکرا دەبێ؛ نەژادی مرۆڤی دۆڕاوو و سەرلێشێواو دەبینین لە چاڵی نابووتی و وێرانیدا کە بەهۆی گوناهەوە تێدا نوقم بووە، گەڕاوەتەوە بۆ پەیوەندی کردن بە پشت و پەنای خودای گەورە بێ سنوور، لە تاقیکردنەوەی پیرۆزی ئاسمانیدا لە ڕێی باوەڕ بە ڕزگارکەرمان سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، بەرگی چاکی و ڕاستی و دروستی مەسیحی لەبەر کردووە و لە سەر عەرشی ئەو دانیشتووە، ئەمانە ئەو وێنانەن کە خودا دەیخاتە بەر دەستمان و دەیەوێت ئێمە تێیان بڕوانین و هەردەم پێیان شادبین.

کاتێک ئێمە گومان لە خۆشەویستی خودا بکەین و بێ باوەڕ بین بە پەیمانەکانی بەوە ئێمە ئەو دەشکێنین و گیانی پیرۆزی غەمبار دەکەین. هەستی دایکێک چۆن دەبێ ئەگەر منداڵەکانی بەردەوام شکاتی لێ بکەن و گوناهباری بکەن بەوەی کە

گوایە ئەو هەستی چاکە و خۆشەویستی کەمە بۆیان، لە کاتێکدا ئەو هەموو هەوڵ و کۆششی ژیانی ئەوە بێت کە ئەوان بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن و ئاسوودەیی یان پێ ببەخشێت؟ ئایا دڵ شکا و نابێت کە ببینێت منداڵەکانی گومان لە خۆسەویستی ئەو دەکەن؟ ئایا هیچ دایک و باوکێک ڕازی دەبن کە منداڵەکانیان بەم جۆرە ڕەفتاریان لەگەڵ بکات؟ باوکی ئاسمانیمان دەبێ چۆن سەیرمان بکات کاتێک باوەڕ بە خۆشەویستی ئەو نەکەین، کە ڕۆڵەی تاقانەی لە پێناوی خۆشەویستی ئێمەدا بەخت کرد تا ژیانی هەمیشەیمان هەبێت؟ هەر وەک پێغەمبەری پۆڵس دەڵێ "ئەو کە دەستبەرداری ڕۆڵەکەی خۆی بوو، وە لە پێناوی هەموان پێشکەشی کرد، ئیتر چۆن لەگەڵ ئەو هەموو شتێکمان پێ نابەخشێت" (ڕۆما ٨: ٣٢) هێشتا لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەن بە کردەوە دەیڵێن ئەگەر بە زمان نەبێ کە ( مەبەستی خودا لە پەیمانەکانی من ناگرێتەوە، ڕەنگە ئەو خەڵکی تری خۆش بوێ بەڵام منی خۆش ناوێت.)

بەم هەڵوێستە ئازاری گیانی خۆت دەدەیت؛ درکاندنی هەر ووشەیەکی گومان و بێ بڕوایی بانگ کردنی شەیتانە بۆ هەڵخەڵەتاندن؛ گومانت تێدا بەهێز دەکات، فریشتەکانت لێ زویردەکات کە لە خزمەت و یارمەتی تۆدان. ئەگەر شەیتان تاقیکردیتەوە بۆ فریودان، نەکەیت ڕێگا بە خۆت بدەیت کە ووشەیەک بدرکێنیت لە سەر گەومان و بێ باوەڕی. کە دەرگات کردەوە بۆ گوێگرتن لە بۆچوونەکانی شەیتان، مێشکت لە گومان لێکردن کە دەری دەبڕیت نەک بە تەنها کاری خراپی بۆ خۆت هەیە، بەڵکو لە بیر و ڕای خەڵکیدا تۆوێکی بەرداری خراپ دەڕوێنی کە هەرگیز لە ناو ناچێت. تۆ بۆ خۆت ڕەنگە بگەڕێیتەوە لە دوای شەیتان ڕزگارت بێ، بەڵام ئەوانەی تر بە قسەی تۆ گومانیان تێدا ڕواو سەرلێشێواو بوون ڕەنگە هەرگیز لە گومان و بێ باوەڕی ڕزگاریان نەبێت. زۆر گرنگە ئێمە لە گفتوگۆماندا لەگەڵ خەڵکدا تەنها ئەو شتانە بڵێین کە ئیمان و باوەڕی ڕزگاریان نەبێت. زۆر گرنگەئێمە لە گفتوگۆماندا لەگەڵ خەڵکدا تەنها ئەو وشتانە بڵێین کە ئیمان و باوەڕ و ژیانیان بە هێز دەکات.

فریشتەکان گوێ دەگرن تا ببیسن تۆ چ جۆرەهەوڵ و پەیامێکت پێیە بۆ جیهان سەبارەت بە خوداوەندی ڕزگارکەرمان مەسیح، با گفتوگۆی تۆ هەمیشە دەربارەی ئەو بێ کە دەژی بۆ ئەوەی بۆت بپاڕێتەوە لەبەر دەم باوکی ئاسمانیدا. کە سڵاو و تەوقە لەگەڵ هاوڕێیەکت دەکەی، با ستایش بۆ خودا لە سەر لێو و لە ناو دڵتدا بێت، بەم کارە سەرنجی هەڤاڵەکەت بۆ مەسیح ڕادەکێشی.

هەموو کەس گرفتاری و مەینەتی خۆی هەیە کە هەڵگرتنی سەختە و بەرگەگرتنی ئاسان نییە، لە مەینەتیەکانی خۆت مەدوێ بۆ هاوڕێکەت، بەڵکو لە دووعا و نوێژدا بیدرکێنە بۆ خودا، ئەمە بکە دەستوور و ڕەوشتی خۆت

کە هەرگیز ووشەیەک لە گومان و بێ هیوایی دەرنەبڕیت لە قسەکانتدا، بەڵکو هەوڵ بدە تا دەتوانی ژیانی خەڵکی دی ڕووناک بکەیتەوە بە ووشەی هیوا و باوەڕی پیرۆز ورە و کۆششیان بە هێز بکەیت.

گەلێک گیانی ئازاد و دلێر دەکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی تەماعی شەیتان، لە نێوان دەروونی خۆیان و هێزەکانی شەڕ لە ناکۆکیەکی گەرمدا بن . ئەم جۆرە گیانە لە و تێکۆشانە سەختەدا بێ هیوا مەکە، بەڵکو پشتگیری لێ بکەو شادی کە بە ووشەی ئومێد، هاندەری بە بۆ بەردەوام بوون تا سەرکەوتن، با ڕووناکی مەسیح لە تۆوە بۆ کەسانی دی بدرەوشێتەوە، ”کەسمان لە پێناوی خۆمان ناژین،“ (رۆما ١٤: ٧). بەهاندان و کارتێکردنی ئێمە، ئەگەر هەستیشی پێ نەکەین، دەتوانین پشتگیری لە خەڵک بکەین و بە هێزیان بکەین، نەک لە پشت بەستن بە مەسیح و پەسەند کردنی ڕاستی ساردیان کەینەوە و بێ هیوایان بکەین.

گەلێک کەس هەن کەدەربارەی ژیانی و ڕەوشتی مەسیح خاوەن بیر و ڕای هەڵەن. دەڵێن کە گوایە مەسیح گەرموگوڕ نەبووە، گۆشەگیر و پەست بووە. هەر بۆیە ئەوان هەموو تاقیکردنەوەکانی ژیان و بۆچوونەکانیان ڕەنگی ئەم بۆچوونە ناڕاستەیان پێوە دیارە .

بە زۆری وتراوە مەسیح گریا، بەڵام هەرگیز نەوتراوە کە پێکەنی. ڕزگارکەرمان لە ڕاستیدا پیاوێکی ئاشنا بە خەفەت بوو، چونکە دڵی کردبۆوە بۆ ئازار و مەینەتی مرۆڤ، هەڵگری ناخۆشی و مەینەتیەکانیان بوو ژیانێکی لە خۆبوردو فیداکاری هەبوو، هەوری ئازاری مەینەتی باڵی بە سەردا کێشابوو، بەڵام گیانی پیرۆزی نەشکابوو بەڵکو بەورە و بە هێز بوو. دیمەنی خەفەتبار و دڵتەنگ نەبوو، بەڵکو ڕووخسارێکی هێمن و ئارامی هەبوو، دڵی وەکو کانی ژیان وابوو، بۆهەر کوێیەک دەچوو ئاشتی و شادی و خۆشحاڵی لێ هەڵدەقوڵا.

ڕزگارکەرمان زۆر سەر ڕاست و ئەهلی کاربوو، بەڵام هەرگیز ڕوو گرژ و خەفەتبار نەبوو، ئەو کەسانەی کە پەیڕەوی ئەو دەکەن ژیانیان پڕدەبێت لە ورەی بەرز و هەوڵ و کۆشش، خاوەن هەستێکی قووڵی لێپرسینەوەی شەخسی دەبن، لە ئارەزوی هەوەسی نزم و ڕەفتاری سووک و گاڵتەی ناشرین دوور دەکەونەوە ، ئاینی مەسیحی لە شێوەی ڕووبارێک ئاشتیان دەداتێ، ڕووناکی شادیان ناکوژێنێتەوە، خۆشییان خامۆش ناکات، هەور و تەم ناخاتە سەر ڕووی گەشی زەردەخەناویان. مەسیح نەهات بۆ ئەوەی خزمەت بکرێت بەڵکو هات بۆ ئەوەی خزمەت بکات، کاتێک خۆشەویستی ئەو لە دڵمان جێگیر دەبێ، ئێمە پەیڕەوی لە کردەوەکانی مەسیح دەکەین و دەبێتە ڕێڕەوی ژیانمان.

کە دەڕوانینە زوڵم و زۆری خەڵکی، هەست دەکەین کە ئێمە هەرگیز ناتوانین ئەوانمان خۆش بوێ، وەکو مەسیح ئێمەی خۆش ویست. بەڵام ئەگەر قووڵتر بیربکەینەوە

لـە سـۆز و خۆشەویستی بێ وێنـەی مەسیح بۆ ئێمـە، ئەوسا هەمان هەست و خۆسەویستی لـە ئێمەشـدا هەڵدەقوڵێ بـۆ خەڵکی دی. ئێمـە پێویستە لـە سـەرمان کـە یەکترمـان خـۆش بوێ و ڕێـز لـە یـەک بگرین هەرچەنـدە هەڵـە و کەم و کوورِیـش لـە یەکـدا بـەدی بکەیـن، ئەگـەر بـە گیانێکی سادە و ساکار خۆمان پەروەردە بکەین، دڵنـەرم و دان بەخۆگر بین و چاوپۆشـی لە هەڵە و کـەم و کـورِی یەکتـر بکەیـن، ئـەم کارە گیانی خۆپەرستی لە ئێمەدا دەکوژێ و دڵ ودەروونێکی فـراوان و لێبوردەمـان پـێ دەبەخشـێت.

سـروودی داود دەڵـێ "پشـت بـە خـودا ببەسـتە و چاکـە بکـە، بـە ئاشـتی و ئارامـی بـژی" (سـروودی داود ٣٧: ٣) پشـت بـە خـودا ببەسـتە، چونکـە هەمـوو ڕۆژێـک پەرێشـانی و قورسایی و سـەرگەردانی خـۆی هەیـە، کاتێـک لەگـەڵ یەکتـر کـۆ دەبینـەوە، زۆر ئامادەیـن لـە گیـر و گرفـت و ناڕەحەتییەکانمـان بدوێیـن، ناخۆشـی و دەردەسـەرییەکی زۆربـۆ خۆمان کۆ دەکەینـەوە، مـاوە دەدەیـن بـە تـرس و شـەڕ ، بـە جۆرێکـی وا قورسایی و پەرێشـانی ژیانمـان بـۆ یەکتـر دەردەبڕیـن، وەکـو ڕزگار کەرێکـی خۆشەویسـت و بـە توانامـان نەبـێ کـە گـوێ لە داخوازییەکانمـان بگـرێ و لـە کاتـی تەنگانـەدا بـە هانەمـان بێـت و یارمەتـی دەرمـان بێـت هەنـدێ کـەس هەمیشـە دەترسـن ولـە ناڕەزایی و پەریشـانیادا، لـە کاتێـکدا هەمـوو ڕۆژێـک بـە بەڵگـەی خۆشەویسـتی خـودا دەورە دراون و لەبەرەکەتـی پـڕ بایەخـی ئـەو خۆشـی دەبینـن، بـەڵام چـاو دەپۆشـن لـەم خێـر و بەرەکەتانەی کـە ئامـادە کـراوە بۆیـان، بـەردەوام بیریان لای ئـەو شـتە ناپەسـندانەیە کـە دەترسـن بێـت، یان هەندێـک گیـر و گرفـت کە دەتوانێ ڕوو بدات، ئەگـەر چـی بچووکیـش بێـت، چاویان کوێـرە لە ئاسـتی ئـەو هەمـوو بەرەکـەت و نیعماتانـەی خـودا کـە جێـی سـوپاس و ڕازی بوونـە، لـە باتـی ئـەوەی ئـەم گیر و گرفـت و کێشـانە ڕایان بکێشـێ بـۆ لای خـودا کـە تەنهـا سـەرچاوەی یارمەتـی و ڕزگار کردنـە، کەچـی جیایـان دەکاتـەوە لـە و، چونکـە پەرێشـانی و ناڕەزاییان تێـدا دروسـت بـووە.

ئایـا کارێکـی چاکـە ئێمـە بـێ بـاوەڕ بیـن؟ بـۆ دەبـێ سوپاسـی خـودا نەکەیـن و بـاوەڕی تەواومـان نەبێـت؟ مەسیح هاوڕێمانە، ئاسـمان بـە تەنـگ خـۆش بەختـی و بەرژەوەنـدی ئێمەوەیـە، نابـێ بهێڵیـن پەرێشـانی وقورسایی ڕۆژانـەی ژیـان بیرمـان بشـێوێنی و ڕوومان گرژ بـکات، چونکـە ئەگـەر خۆمـان بـە دەسـتەوە بدەیـن، هەمیشـە شـت زۆرە کـە خەفـەت و پەسـتیمان بـۆ بهێنێـت و ئازارمـان بـدات نابـێ مـاوە بـە پەرێشـانی و نیگەرانـی بدەیـن چونکـە دڵ تەنگمـان دەکات و دەمـان ڕووخێنـێ و یارمەتیمان نـادات کە بەرگـەی تاقیکردنەوەکانی ژیـان بگریـن تـۆ لەوانەیـە لـە کاری بازرگانیتـدا یان لە ژیانی ڕۆژانەتدا تووشـی نشـێوی و زەرەر و سـەر لێشـێوان بییـت، چاوەڕوانـی و ئاینـدە و بۆچوونەکانـت لـە تـەم وتاریکیـادا بـن، زیان لە هەمـوو لایەکـەوە هەڕەشـەت لـێ بـکات، بەڵام

بێ هیوا مەبە، هەرچی ترس و دڵ پەرێشانیت هەیە بیخەرە سەر خودا، هێمنی و ڕووخۆشی و ئومێدی خۆت بپارێزە، دووعا بکە و لە خودا بپاڕێوە و داوای دانایی و ڕێپێشاندانی لێ بکە بۆ بە ڕێوەبردنی کاروبارەکانت، تا بەدیدی ڕوونەوە تێیان بڕوانیت و ڕێگا لە زیان و ناخۆشی وترس بگریت.

چەند دەتوانی هەموو هەوڵێکی خۆت بخەرە کار بۆ هێنانەدی باشترین ئەنجام، ئەگەر ئێمە هەوڵی خۆمان بە تەواوی دابێت، خودا بەڵێنی یارمەتی خۆی داوە. کاتێک پشت بە یارمەتیدەرت دەبەستی، تۆ هەموو هەوڵێکی خۆت داوە، بەڕوو خۆشییەوە ئەنجامەکەی قوبوڵ بکە. خودا حەزناکات بەغەم و پەرێشانی باری سەرشانی خەڵکی خۆی قورس بکات، هەروەها خودا هەڵمان نافریوێنێ، بە ئێمە ناڵێت: مەترسن، ڕێگاتان پارێزراوە، هیچ ناخۆشی و مەترسییەک نەیەتە ڕێگاتان. ئەو دەزانێ تاقیکردنەوە و مەترسی هەیە، ئەو ڕوون وسادە لە گەڵماندا دەدوێ. ئەو نایەوێت خەڵکی خۆی لە جیهانی گوناە و شەڕ دەربهێنێت، بەڵکو ڕێنوێنیمان دەکات بۆ پەناگایەکی ئەمین و ئاسایش. مەسیح نوێژ و دووعای بۆ شاگردەکانی ئەمە بوو "داخوازی من بۆ ئەوە نییە کە تۆ ئەوان لەم جیهانە بستێنیتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لە بەڵای شەیتان بیان پارێزێ"، (یۆحەننا ١٧: ١٥)، هەروەها "ئەم شتانەی کە پێم ووتن، کەوا لە منەوە ئاشتیتان دەبێ. لە جیهانەوە تووشی ناڕەحەتی دەبن. بەڵام مژدەتان لێ بێت؛ کە من بەسەر جیهاندا زاڵ بووم" (یۆحەننا ١٦: ٣٣).

مەسیح بۆ ئامۆژگاری شاگردەکانی لە سەر چیا، دەرسی بە نرخی فێر کردن سەبارەت بە باوەڕهێنان بە خودا مەبەست لەم دەرسانە هاندانی منداڵانی خودا بوو لە هەموو سەردەمێکدا، تا ئەم دەرسانە لەم سەردەمەی ئێمەشدا پڕ کەڵکن لە فێربوون و زانیاری و ڕێ نومایی. ڕزگارکەرمان سەرنجی شاگردەکانی ڕاکێشا بۆ باڵندەکانی ئاسمان کە چۆن دەخوێنن و دەچریکێنن بە ئاوازی ستایش و سوپاس گوزاری بێ هیچ غەم و پەژارەیەک، لە کاتێکدا نە چێنەر و نەدروێنە کەرن، بەڵام خودای مەزن پێداویستیەکانیان بۆ ئامادە دەکات. ئینجا ڕزگارکەرمان لێیان دەپرسێ "ئایا ئێوە لە و باڵندانە زیادتر نین؟" (مەتتا ٦: ٢٦). خودا خۆراکدەری مرۆڤ وگیاندارانە، ئەو کەدەستی دەکاتەوە گشت دروست بووانی تێر دەکات، خودا تەنانەت باڵندەکانی ئاسمانیش پشت گوێ ناخات، ئەو خواردن ناکات بەدەمیانەوە، بەڵام ئازووقەیان بۆ ئامادە دەکات. ئەوان پێویستە ئەو دانەوێڵەی کە بۆی بڵاو کردوونەتەوە بیچننەوە، کەرەستەی لانەی بچووکیان کۆ بکەنەوە، خواردن بە بێچووەکانیان بدەن. بە ئاسماندا دەفڕن و ئاواز بۆ کار دەخوێنن، چونکە باوکی ئاسمانی نانیان دەداتێ "ئایا ئێوە لە و باڵندانە زیادتر نین"؟ ئایا ئێوە کە هۆشمەند ترین وئاقڵ ترین و خواپەرست ترین گیانلەبەرانی خودان لە باڵندەکانی بە نرخ ترنین بۆ خودا؟ ئایا



دروستکەر و پارێزەری ژیانتان هەموو پێویستییەکی ژیان بە ئێوە نادات ئەگەر ئێوە تەنها پشتتانی پێ ببەستن و باوەڕی پێ بهێنن؟

مەسیح سەرنجی شاگردەکانی ڕاکێشا بۆ گوڵە کێویەکان کە چۆن گەشە دەکەن و بە جوانییەکی سادە ڕازاونەتەوە، باوکی ئاسمانی وەک دەربڕینی خۆشەویستی خۆی پێشکەش مرۆڤی کردووە، ووتی بڕواننە "سۆسەن لە کێڵگە، چۆن گەشە دەکەن" (مەتتا ٦: ٢٨)، جوانی و سادەیی و ڕەنگا و ڕەنگی ئەو گوڵە کێویانە لە سولەیمانی دانا پۆشتە ترن، جوانترین جل وبەرگ کە بە دەستی هەنەرمەندترین وەستا دروست کرابێ و ڕازا بێتەوە ناگات بجوانی سروشتی ئەم گوڵانە ئینجا مەسیح پرسی "گەر خودا بەم جۆرە بەرگی بۆ چیمەن و گوڵزاری دەشتی کردبێت، کە ئەمڕۆ هەن و سبەینێ تەندوریان پێ دادەخرێت، ئایا خودا زیادتر ئێوە پۆشتە ناکاتەوە؟ ئاە لە ئێوەی کەم باوەڕ!" (مەتتا ٦: ٣٠). ئەگەر خودا ئەم بەرگە جوانە ڕەنگا و ڕەنگەی بەخشی بێت بەم گوڵەسادانە، دەبێ ئەو چەند زیادتر بە تەنگ ئێوەوە بێت کە ئێوەی لە سەر وێنە و شێوەی خۆی دروست کردووە ؟ ئەم دەرسەی مەسیح سەرزەنیشت و وریاکردنەوەیە بۆ کەسانی دوو دڵ ڕاڕا و ڕەشبین و سەر لێشێواو.

خودا ئارەزوو دەکات کە هەموو کوڕ و کچەکانی لە بەختیاری و ئاشتی و فەرمانبەریدا

بژین، عیسا دەڵێ "ئاشتی خۆمتان دەدەمێ نەک بەو جۆرەی کە جیهان دەیدات. دڵگران مەبن، مەترسن. ئەم شتانە پێ ووتن بۆ ئەوەی جێی بەختیاری من بن، و بە ختیاری ئێوەش سەرتاپا بێت" (یۆحەننا ١٤: ٢٧، ١٥: ١١).

ئەو بەختیارییەی کە لە خۆپەسەندییەوە هاتبێ و دوور بێت لە ڕێگەی فەرمانەوە، لاسەنگ و نارێک و پێک و کاتییە، لە ناو دەچێت و دەروون غەمگین و تەنها دەمێنێتەوە، بەڵام لە خزمەتی خودادا خۆشی و ڕازی بوونی هەمیشەیی هەیە. ئاینی مەسیح لێناگەڕێ ڕێی ناڕاست بگرێتە بەر، ناهێڵێت بێ بەرو پەشیمان و نائومێد بیت. تا ئەگەر لەم ژیانەدا بەختیاریمان نەبێت، بە خۆشحاڵییەوە دەڕوانینە ژیانی هەمیشەیی دوایی.

تا لەم ژیانەشدا، کەسانی مەسیحی ئیماندار دەتوانن خۆشی هاوبەشی ژیانیان لەگەڵ مەسیح هەبێت، دەتوانن ڕووناکی خۆشەویستیی ئەویان هەبێت، بە ئامادەبوونی هەمیشەیی ئەو لەگەڵ یان خۆشحاڵ و بەهرەوەر بن. هەر هەنگاوێکی ڕاست لە ژیاندا دەتوانێ ئێمە نزیک بخاتەوە لە مەسیح، دەتوانێ تاقیکردنەوەیەکی قووڵتر لە خۆشەویستی ئەو بە ئێمە ببەخشێت، وە نزیکترمان بکاتەوە لە نیشتیمانی پیرۆزی. با دڵنیایمان کەم نەکات، با پتەو بێت، پتەوتر لە هەموو کاتێک"، تا ئێرە خودا یارمەتی داوین" (١ ساموئیل ٧: ١٢)، وە هەتا دوایش یارمەتیمان دەدات. با لە ستوونەکانی یادگاری مێژوو بڕوانین و ببینین کە چۆن خودا یارمەتی ئێمەی داوەو پاراستوینی لە دەستی وێرانکاران. با چاکە و میهرەبانی خودا هەمیشە لە یادمان بێت؛ ئەو فرمێسکانەی کە ئەو سڕی، ئەو ژانانەی کە ئەو ئازاری شکاند، ئەو غەم و خەفەتانەی کە ئەو نەیهێشت، ئەو ترسانەی کە دووری خستەوە، ئەو پێداویستیانەی کە ئامادەی کرد، ئەو نیعمەت و بەرەکەتانەی کە بەخشی، با هەمووئەمانە لە یاد نەکەین- تا بەم جۆرە پشت و پەنامان بە خودا بێت و دڵ و دەروونمان بەهێز بکەین بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو شتانەی دێنە پێشمان لە پاشماوەی ڕێگەی ژیانماندا.

ئێمە ناتوانین هەر بەتەنها بڕوانینە ئەو ئاڵۆزی و سەرگەردانییە نوێیانەی کەلە ئەنجامی ناکۆکییە تازەکاندا ڕوودەدەن، بەڵکو دەبێ هەروەها بڕوانینە ڕابوردووش و بڵێین تا ئێرە خودا یارمەتی داوین "وەکو ڕۆژان، هەروا بە هێز دەبی" (تەسنیە ٣٣: ٢٥)، تاقیکردنەوەکانی خودا لە و هێزە تێناپەڕێت کە بە ئێمە دەراوە بۆ بەرگە گرتنی. با لە هەر کوێیەکدا کارمان دۆزییەوە بیکەین، بەو باوەڕ و دڵ نیاییەوە کە هێزی سەرکەوتنمان دەدرێتێ بۆ هەموو کێشە و تاقیکردنەوەیەک.

بە زوویی لە ڕێگەی مەسیحەوە دەرگای ئاسمان دەکرێتەوە بۆ منداڵانی خودا، لە لێوی خودای شکۆ مەزنییەوە دووعای خێر و بەرەکەت وەکو خۆشترین ئاواز دەگاتە گوێیان

”وەرن ئـەی ئەوانـەی باوکـم پیـرۆزی کـردوون، ئـەو پادشـاهەتیە وەرگرن کە لە دروسـت کردنی جیهانـەوە بۆتـان ئامادە کـراوە“ (مەتتـا ٢٥: ٣٤).

ئەوسا مەسـیح پێشـوازی لـە ڕزگار بـووان دەکات لـە و جێـی یـەی کـە ئامـادەی کـردووە بۆیان. لە وێ هاوڕێ و هاوبەشـەکانیان کەسانی خراپـی سـەر زەوی نیـن؛ لـە درۆزن و ناپـاک و بـت پەرسـت و بـێ بـاوەڕ، بەڵکـو هاوڕێـی کەسـانێکن کـە بەسـەر شـەیتاندا سـەرکەتوون و لـە ڕێـی نیعمـەت و بەرەکەتـی خـوداوە خـوو ڕەوشـتێکی تـەواو ڕاسـتیان پێـک هێنـاوە. هـەر گونـاه و ناتـەواوی و کـەم وکوڕییـەک کـە هەیـان بێـت بـە خوێنـی مەسـیح پـاک دەبێتەوە مەزنـی و ڕۆشـنایی شـکۆی ئـەو کە لە سـەرووی ڕۆشـنایی خۆرەوەیـە پـێ یـان دەگات. وە جوانی ڕەوشـت و سـیفاتی تـەواوی ئـەو بەسـەریاندا دەدرەوشـێتەوە، لەبـەر ئـەوەی پـاک و بـێ گوناهـن لەبـەر دەمی عەرشـی خوادا هاوبەشـی شـەرەف و سـیفاتی فریشـتەکان دەکـەن.

بەرامبـەر بـەم میراتـە شـکۆ دارە مەزنـە ”مـرۆڤ بۆ کڕینەوەی ژیانی خۆی چی پێشـکەش دەکات“ (مەتتـا ١٦: ٢٦)، ئـەو لـە وانەیـە هـەزار بێـت، بـەڵام هێشـتا لـە دەرووندا شـەرەف و سـامانێکی هەیـە کـە هەمـوو جیهـان نییەتـی، دەروونێـک کـە پـاک بووبێتـەوە لـە گونـاه، بـە هەمـوو توانایەکیـەوە لـە خزمەتـی خـودا بێـت، زۆر لـە خشـڵ بـە نرخ تـرە. لە ئاسماندا خـودا و فریشـتە پیـرۆزەکان خۆشـحاڵی خۆیان بـۆ گیانە ڕزگار کراوەکان بە ئارەز و سـروودی سـەرکەوتنی گـەورە و پیـرۆز دەر دەبـڕن.